# ئەگنێتا کلینگ

## یەکەمین ژنە پێشمەرگەی بیانی
## لە شۆڕشی نوێدا

# ئەگنێتا کلینگ
## یەکەمین ژنە پێشمەرگەی بیانی لە شۆڕشی نوێدا


نەوزاد عەلی ئەحمەد ئامادەی کردووە

بابەت:

دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد

هەڵەچن:

نۆبەتی چاپ: ٢٠٢٢

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نرخ:         دینار

چاپ: چاپخانەی کارۆ- سلێمانی

لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان

ژمارەی سپاردنی (       )ی ساڵی ٢٠٢٢ پێدراوە

NARIN INSTITUTE
for research and publishing

لە بڵاوکراوەکانی ئینستتیوتی نارین

بۆ توێژینەوە و بڵاوکردنەوە

ژمارە (٤١)

# ئەگنێتا کلینگ

## Agneta Kling

## یەکەمین ژنە پێشمەرگەی بیانی
## لە شۆڕشی نوێدا


نەوزاد عەلی ئەحمەد
ئامادەی کردووە



٢٠٢٢



**ئەگنێتا**

NARIN INSTITUTE
for research and publishing

# ئینستتیوتی نارین

ئینســتتیوتێکی کوردســتانیی، قازانجنەویستە. کاری سەرەکی؛ ئەنجامدانی توێژینەوە و بەدواداچوونی پرسە هەنووکەیی و نیشتمانییە گرنگەکانە. هەروەها چاپ و بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکان، و سازکردنی کۆڕ، سمینار، کردنەوەی خولی زانستی لەو بوارانەی کۆمەڵگەی کوردستان پێویستی پێیەتی.

ئینستتیوتی نارین ساڵی ٢٠١٣ لە شاری سلێمانی دامەزرێنراوە.

هەواڵنامەی کتێب

# پێڕست

## سەرەتا


ئەگنێتا شێخمووس.......................................................................... ١١

کتێبەکەت تەواو نەبوو..!.................................................................. ١٣

بۆ مەرگی ئەگنێتا چییان گوت..!........................................................ ١٥


## چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسی


عومەر شێخموس: ئەگنێتا لە بنەماڵەیەکی ئەرستۆکراتی سویدی بوو............ ٢٧

**سازدانی: نەوزاد عەلی ئەحمەد**

یەکەم پێشمەرگەی سویدی کۆچی دوایی کرد............................................ ٤١

**سازدانی: بەشیر کاڤاک**

ئەگنێتا، شۆخێک لەنێو مەتەریزی شەرەفدا.............................................. ٤٧

**سازدانی: نەرمین عوسمان**

لە سکرتێرەوە لە ستۆکهۆڵم بۆ پێشمەرگە لە کوردستان............................ ٥٧

**سازدانی: پێتەر برێت**

ئەو ژنە سویدییەی "ناوزەنگ"ی کردە ماڵی خۆی..................................... ٦٥

**سازدانی: شەپۆڵ فاخیر مێرگەسۆری**

ئەگنێتا شێخموس، پێشمەرگەیەکی سویدی لە کوردستان............................ ٧٣

**سازدانی: گیلبەریە فاڤرە**


هەواڵنامەی کتێب

## وتار

ئەگنێتا...................................................................................................................٧٩

**ئەرسەلان بایز**

ئەگنێتا ناوی ون نابێت...............................................................................٨٣

**عەلی کەریمی، پرشنگ بللوری، برژانگ و هەڵگورد**

پەیام بەبۆنەی کۆچی دوایی خاتوو ئاگنێتا شێخمووس..................................٨٥

**ئەحمەد ئەسکەندەری**

ئەگنێتا، یەکەم گوڵی بێگانە لە یەخەی شاخ.................................................٩١

**رەهبەر سەید برایم**

وتەیەک بۆ رەوان پاک ئەگنێتا خان..........................................................٩٩

**شەنگە عەلی عەسکەری**

بەڵگەنامە..........................................................................................................١٠٥

ئەلبومی وێنەکان..........................................................................................١١٧

هەواڵنامەی کتێب

# سەرەتا

هەواڵنامەی کتێب

# ئەگنێتا شێخمووس

لەسەر کێلەکەی نووسراوە، ئەگنێتا کلینگ "شێخموس"، رۆژی ١٩٤٣/٢/١٦ لە ستۆکهۆڵم لە دایک بووە، رۆژی ٣١ی ئابی ١٩٦٨ لەگەڵ عومەر شێخمووس یەکتریان ناسیوە، رۆژی ١٩٧٤/٤/٦ ژیانی هاوسەرگیریان پێکهێناوە، دوای ئەمە ئەگنێتا پاشنێوی کلینگ لە ناوەکەی لادەبات و شێخمووس دەکات بە پاشنێوی خۆی، وەک هەر تاکێکی کۆمەڵگە بەردەوام کاریی کردووە، ماوەیەکی زۆر لە بەشی تۆمارگەی زانکۆی ستۆکهۆڵم خزمەتی کردووە.

ئەو جاری یەکەم لە مانگی شوبات تا مانگی ئاب لە ساڵی ١٩٨٠ لە نێوەزەنگ و زەڵێ و توژەڵە دەژیت، جاری دووەم لە مانگی مارس تا مانگی ئابی ساڵی ١٩٨١ لەوێ ماوەتەوە، وەک هەر پێشمەرگەیەکی شۆڕشی نوێ ئەرکەکانی پێشمەرگایەتی راپەڕاندووە، لەوێ زیاتر لە نەخۆشخانە و چاپخانە کاریکردووە، هەر لەوێ مەشقی لەسەر چەک کردووە، لە پێشمەرگایەتی ناوی تارا بوو، زۆربەی پێشمەرگەکان بە خوشکە تارا ناویان دەهێنا.

ئەگنێتا لە دەرەوە لە چالاکییە نیشتمانی و نەتەوەیی وحزبییە کورد و کوردستانییەکان ئامادەبووە، کە هاوسەرەکەی رۆژنامەی THE SPARKی لە دەرەوە دەردەکرد، هاوکارێکی بەردەوامی رۆژنامەکە بوو، ئەو رۆژنامەیە ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە بە زمانی ئینگلیزی. بەداخەوە رۆژی ٢٠١٩/١١/٢٠ ئەگنێتا کلینگ (شێخمووس) لە ستۆکهۆڵم کۆچی دوایی کرد، هەر لەوێش نێژرا. هەزار چەپکەگوڵ بۆ سەر گۆڕەکەی بێت.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# کتێبەکەت تەواو نەبوو..!

١

هێمن و خاوەن هەڵوێست بوو، لە ڕۆژگارە هەرە سەختەکانی شۆڕشی نوێدا لە تەک هاوسەرەکەیدا، لە شاخەکانی کوردستاندا پێشمەرگە بوو. لە خانەوادەیەکی ناسراو و دیاری سوید بوو. هەوڵیدەدا کەم دەربکەوێت، بە پێویستی نەدەزانی باس لە خەبات و تێکۆشانی خۆی بکات. دەمێکە هەوڵدەدەم کتێبێک لەسەر ژیان و تێکەڵاوبوون و ڕوانینی بۆ دوو کولتوری جیاواز بنووسم، ئارەزووی نەدەکرد قسە بکات، تا بەم دواییە ڕازی بوو، بەرنامەم دانابوو، هەر کاتێک سەردانی سوید بکەمەوە دیدارەکە ڕێکبخەین، ئەگەرچی ئەگنێتا دوا قسەی بۆ نەکردم، بەڵام وا پەیمانەکەم بردەسەر ئەم کتێبە دەکەم بە دیاری بۆ گۆڕەکەی و بۆ کتێبخانەی کوردی.

ئەو ناناسم و نەمبینیوە، تا ئەو کاتەی لە ڕێگای چاوپێکەوتنێکی سێزدە کاتژمێری لەگەڵ هاوسەرەکەیدا عومەر شێخمووس، وا ڕێکەوت دوو دانیشتمان لە ماڵی ئەوان بوو. ئەمە بوو بە سەرەتایەک لە ژنێکی سەلار بگەم. ئەوان ساڵی ٢٠٠٨ گەشتیان بۆ باشووری کوردستان کرد، کلیلی ماڵەکەیان بە من دا، سەرەتا دوودڵ بووم، کەوتمە گفتوگۆ لەگەڵ ناخی خۆم، تۆ بڵێیت: ئەگنێتای سویدی ڕازی بێت!؟ هاوسەرەکەی گوتی؛ بەڵێ تۆی بەدڵە و بڕیارمانداوە، هیچ ژوورێکیش دانەخەین، بۆت هەیە، سەیری ئەلبومی وێنەکانیشمان بکەیت، ئەم هەڵوێست و هەڵسوکەوتە ڕشتتری کردم، کە وردتر کار لەسەر کتێبی؛ «پشکۆیەک لە خۆڵەمێشدا» بکەم، هەر ئەو دەرگا کردنەوەش بوو، هانیدام کارێکی جیاواز لەسەر ئەگنێتا بکەم، کە وەک کۆمەڵناسێک گفتوگۆ سەبارەت بە ئاوێزانی کولتورەکان بکەین، بە تایبەتیش لە قۆناغی

خەباتی چەکداریدا، بەداخەوە ئەو ماوەیەک نەخۆشکەوت، منیش نەشتەرگەرییێکی قورسم بۆ کرا، کارەکەمان دواکەوت و دواکەوت! تا مەرگ مەودای نەدا حکایەتەکانی کتێبەکە بە پایان بگەیەنین.

٢

ئەگنێتا بە تەنیا لە سەفەری کوردستان گەڕایەوە، پێم باش ئەو کلیلەش لە لای من نەبێت، تەلەفۆنم بۆ کرد و گوتم؛ سبەی کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ کلیلەکەتان دێنمەوە. زەنگم لێدا، زۆر بە ئەسپایی دەرگای کردەوە و گوتم؛ کاک عومەر بۆ دواکەوت؟ گوتی؛ کێشە کەوتۆتە نێوان مام جەلال و کاک نەوشیروان ئەو و کاک ملازم عومەر هەوڵدەدەن کێشەکە گەورە نەبێت، ئەوەندە بە چرپە قسەی دەکرد، وەک چرپە چرپەکانی ڕۆژانی خەباتی شاخ.

هەواڵنامەی کتێب

٣

دەزانم هاوین بوو، بەڵام نازانم ساڵی ٢٠١٥، یاخود ساڵی ٢٠١٦ بوو، کاک عومەر گوتی؛ سبەی ئەگەر کاتت هەیە، وەرە ماڵەوە و چاوەڕێت دەکەم. لە کاتی دیاریکراو گەیشتم، کاک سەمیر ئەمین نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان-یش لەوێ بوو، خەریکی بەنامەرێژکردنی کۆمپیوتەرەکەی ماڵەوەیان بوو، کە لەو بوارەدا شارەزایە، کە ئەو کارەکەی تەواوبوو، کاک عومەر بانگی ئەگنێتای کرد و گوتی؛ ئەگەر مردم، کتێبە کوردی و عەرەبییەکانی نێو کتێبخانەکەم و چەند بەڵگەنامەیەک هەیە با نەوزاد بیبات و دیاریی منە بۆ ئەو، تاسام و ئەگنێتا-ش هەڵوەستەی بۆ دەستەواژەی مردنەکە کرد، تەنیا گوتی؛ کێ دەڵێت من پێش تۆ نامرم! ئەوان یەکتریان زۆر خۆش دەویست.

**نەوزاد عەلی ئەحمەد**

**ستۆکهۆڵم**

**٢٠٢٢/١٠/١٤**

# بۆ مەرگی ئەگنێتا چییان گوت..!

کۆچی دوایی ئەگنێتا شێخمووس، هاوسۆزییەکی مەزنی بەدوای خۆی هێنا، سەرەڕای تەلەفۆن و پەیامەکان لە ڕێگای سۆشیالمیدیایەوە، سەدان برۆسکە و پەیامی هاوخەمی بە کاک عومەر شیخمووس گەیشتن. لە کتێبێکی لەم جۆرەدا ناکرێت، تەواوی پەیام و بروسکە و وتارەکان بڵاوبکەینەوە، هەوڵدەدەین ڕستە و پەرەگراف بژێرێکیان بکەین. ئەمە و ڕۆژی ٢٠١٩/١١/٢٤ لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید، پرسەیەکی گەورەی بۆ بەڕێوەچوو.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

لە دەستدانی ئەو ژنە تێکۆشەرە زیانێکی ترە بۆ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان، چونکە خانمی کۆچکردوو یەکێک بوو لەو تێکۆشەرە بیانیانەی کە بڕوای تەواوی بە مەسەلەی ڕەوای کورد هەبووە، لەو پێناوەشدا خەباتی کردوە و جێ دەستی دیارە.

**گەلاوێژ**

**هاوسەری: ئیبراهیم ئەحمەد**

❊ ❊ ❊

خاتوو ئەگنیتا لە ژیانی پڕ لەخەباتی خۆیدا هاوسۆز و پشتیوانێکی گەورەی دۆزی ڕەوای گەلی کورد بوو، هاوشانی جەنابتان لە شاخەکانی کوردستان لەگەڵ خوشک و برا پێشمەرگەکان بەرگریان لە کورد و کوردستان کرد.

**کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی**

**جێگری سکرتێری گشتی**

**یەکێتی نیشتمانی کوردستان**

هەواڵنامەی کتێب

❊ ❊ ❊

دۆست و پێشمەرگەیەک و خاتوونێکمان لەدەست چوو، کە ڕۆژانێک وڵاتەکەی خۆی بەجێهێشت و شانبەشانی تۆ و تێکۆشەرانی تری کوردایەتی ڕێگەی پێشمەرگایەتی هەڵبژارد، ترس و دڵەراوکێ و بێ ئومێدی زاڵ بوو، بەڵام ئەگنێتا، لەو کاتەدا بێ دوو دڵی ڕێگەی پڕ مەترسی و سەخت، بەڵام پڕ سەربەرزی پێشمەرگایەتی هەڵبژارد. ئەو لە ڕۆژانی بێکەسی و نەهامەتی گەلەکەماندا کەسی ئێمە بوو.

**د. بەرهەم ساڵح**

**سەرۆک کۆماری عێراق**

❊ ❊ ❊

هەواڵی ماڵئاوایی یەکجارەکیی خاتوو (ئەگنیتا) یەکەمین پێشمەرگەی بیانی شاخ لە ڕیزەکانی شۆڕشی نوێ و هاوژینی عومەر شێخموسم پێگەیشت، بۆ ئەو خەمەتان پرسە و ماتەمینیی خۆمتان پێ دەگەیەنم و لە ناخەوە هاوبەشی غەم و ئازارتانم.

**هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد**

❊ ❊ ❊

In memorial of Agneta Sheikhmous, the first European who became a persmerga in Kurdistan. She was the wife of Omar Sheikhmous who is one of the most important persons in Qandil's making

Inger Josberg

❊ ❊ ❊

بەداخ و پەژارەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو ئەگنێتا هاوسەری بەڕێزتانمان پێگەیشت. بۆ ئەو خەمە پرسە و سەرەخۆشی خۆمانتان پێڕادەگەیەنم.

**بافل تاڵەبانی**

❊ ❊ ❊

خاتوو ئەگنێتا یەکەم پێشمەرگەی بیانی شاخ لەریزەکانی شۆڕشی نوێدا لەسەرەتای هەشتاکان جەسورانە و وەکو تەوارێکی ئازا شانبەشانی جەنابتان لە کۆڕی خەبات ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو، کە ورەو توانایەکی بەهێزبوو بۆ ئەوی ڕۆژێی پێشمەرگە. یاد و یادەوەری ئەو ڕۆژانە بەخێر، کە خاتوو ئەگنێتا دەستی لە هەموو جوانییەکانی ئەوروپا بەردا و شاخ و ژیانی کولەمەرگی ئەو ساتەی هەڵبژارد کە سەختترین ڕۆژەکانی شۆڕش و پێشمەرگایەتی بوون.

**د. فوئاد مەعسوم**

❊ ❊ ❊

هەواڵنامەی کتێب

Bi munasebeta koça dawî ya yekemîn pêsmergeya bîyanî, Agneta Sêxmûs, ez bi navê Federasyona Komeleyên Kurdistanê, bi dilekî germ û xemgîn sersweşî li rêhavalê wê rêzdar Omar Şêxmûs, hemî xizm û hezkirên wê dikim. Di bahara sala 1974 an da, di şahi ya wan da min Agneta û Kak Omar naskir. Piştre di sala 1979 an da li Stenbolê em bûn mêvanê şehîd Selah, Necmeddin Buyukkaya. Agneta ji ciwantîya xwe hetta roja ku ji nav me bar kir, hemî jîyana xwe, şahî û xemên xwe bi doza kurd ra derbas kir. Agneta ji nêzîk ve bû şahîdê gelek bûyerên dîrokî yên têkoşîna kurd û Kurdistanê. Wê ji dil û can 51 salên jîyana xwe bi Kak Omar ra, heman demî da bi doza kurd ra derbas kir. Ev rastî ya jîyana Agneta bû ku ji bo her kurdekî cihê rêz û îhtîramî ye. Em di vî roja matemîn da Xanim Agneta bi rêz bibîr tînin û bi germî spasîya wê dikin. Spas Agneta ji bo hemi xebat û fedekarîyên te! Em te jibîr nakin! Bila rêya te vekirî be!

**کەیا ئیزۆل**

**سەرۆکی فیدراسیۆنی کۆمەڵە**

**کوردستانییەکان**

❊ ❊ ❊

کۆچکردوو لەرۆژگارێکی سەختدا و لەسەرەتای ساڵانی هەشتا، وڵاتی سوید و خۆشگوزەرانییەکانی ژیانی رۆژئاوای جێهێشت و بە هەڵگرتنی چەکی شەرەفی کوردایەتی و پێشمەرگایەتی لە شاخەکانی کوردستان هەموومانی قەرزار و لە هەمان کاتیشدا لەبەرچاوی دنیا سەربەرز کرد.

**قوباد تاڵەبانی**

**جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

❊ ❊ ❊

دەزانم بۆ ئێوە، کە هاوڕێی ڕێگایەکی دوور و درێژتان لە دەست داوە غەمێکی قورسە. تکایە ئێمەش بە شەریکی غەمتان بزانن با قورساییەکەی هەر بە تەنیا لەسەر شانی ئێوە نەبێ. ئەگنێتا نوری چاو و ئازیزی هەموان بوو.

**برایم عەلیزادە**

❊ ❊ ❊

خاتوو ئەگنیتا هەمیشە هاوسۆز و پشتیوانێکی گەورەی دۆزی ڕەوای گەلی کورد بوو، هاوشانی پێشمەرگە بەرگری لەخاکی کوردستان کرد.

**لاهور شێخ جەنگی**

❊ ❊ ❊

Iro , bı dıleki xemgin lı Swed lı şare Stockholm lı mezare Råcksta bı amedbuna malbat , mırov, dost u hevalen nezik , xatre dawi xwestın jı xanıma heja u qedırbılınd Agneta –hevjina Mamoste heja Kak Omar Scheikhmous . Dıle me bı te reye ape heja. Xwede we bı dılovanıya xwe şad bıke u cıhe we bıhşta rengin be.

**میدیا جگەرخوێن**

❊ ❊ ❊

ئەو ئەشقی چاوی هاوسەرەکەی و خەونەکانی بوو، بۆیە کانیاوی تەزێنی زەڵی و ناوزەنگی هەڵبژارد تا لە روحەوە لەگەڵ ئازارەکانی گەلێک بژی، کە پێش عەشق بوونی هەرگیز ناویشی نەبیستبوو... ئەو یەکەم کچە پێشمەرگەی بێگانە بوو، چارەنووسی خۆی بە هەڵۆکانی قەندیل بەستبووەوە.

**ئیدریس ئیبراهیم گەلاڵەیی**

❊ ❊ ❊

Igår kväll var jag hemma hos Omar Sheikhmous för att framföra mitt djupaste deltagande i sorgen efter hans kära Agneta. En oersättlig förlust. Omar berättade att de har varit livskamrater i 51 år och hållit ihop i kamp och i kärlek. Agneta Sheikmous var den första svenska Peşmergen (Gerilla) som 1979 anslöt sig till kurdernas kamp för frihet och demokrati. Minnena består, även kärleken.

Kadir Kasirga

**ئەندام پەرلەمانی سوید**

❊ ❊ ❊

لە دوورەوە دەمڕوانییە جەنابت و گوێم لە بەسەرهاتی ژیانتان دەگرت، هەستم دەکرد ڕۆمانی دوو ئەڤینداری مەزنی مرۆڤایەتی دەخوێنمەوە. چیرۆکی ئەڤینی هۆمەری کورد و ئاگنێتای سوێدی، بۆ جیلەکانی داهاتوو دەبێتە گێڕانەوەیەکی پڕ لە ئەزموونی خەبات و ئەڤین و جوانی. بێگومان سەرەڕای قورسیی تاقەتپرووکێنی لەدەستدانی هاوژینێکی نیوسەدەیی، کەسێکی وەک ئێوە، بەم ئەڤین و بەم مێژووە ڕەنگین و زەنگینەوە، توانای بەرەنگاریی ئەم کۆسپەشی دەبێت.

**هاشم ئەحمەدزادە**

❊ ❊ ❊

Li şîniya xatûn Agneta Şêxmûs, hevjîna siyasetvanê qedîm Omer Şêxmûs. Bi nasnavê xuşke Tara sala 1979 ew weke yekemîn pêşmergeya Swêdî/Ewrûpî tevlî refên Pêşmerge yên Yekîtîy Nîştîmanî Kurdistan bû. Birêz Omer Şêxmûs yek ji avakarên YNK ye û ji Amûdê ye. Ew 51 salan hevalên hev ên jiyanê bûn. Saxî û selametî bo Mam Omar Sheikhmous.

Sidar Egid

❊ ❊ ❊

لم يمت، ولن يندثر كُل ذلك الحُب. خالدة في وجدان رفقة الدرب، في ضحكات أطفالنا، وذاكرة النرجس في جبالنا العالية كقامتها، وأولاً في دموعك النبيلة التي ذرفتها هذا الصباح.

**روستم محمد**

❊ ❊ ❊

Apo, jag är så ledsen för din förlust! Jag kan bara föreställa mig hur svårt det måste vara för dig, men jag vill påminna dig om att trots avståndet är vi med dig. Du har varit stenen i vår familj så länge jag kan minnas. Vi finns alla här för dig också och vi älskar dig väldigt mycket.

Sättet du och Agneta pratade med varandra var så söta och underbara, jag har aldrig sett ett par så söta. Jag är glad att jag fick träffa henne och spendera även en kort tid med er två. Jag vet att ni hade mycket roligt tillsammans och rest över hela världen och hjälpte många många människor. Inte många har det meningsfulla äktenskap. Jag är glad att du hade det.

Du har en massa kärleksfull familj och vänner som skulle älska att träffa dig och prata när du behöver dem. Ta hand om dig och ring oss när som helst.

**ئاریانا مەحمود شێخمووس**
Ariana

❊ ❊ ❊

Den första svenska pêşmergen Agneta Sheikhmous gick bort i veckan. 1980 var hon första europé som gick med kurdiska pêşmergen tillsammans med sin livskamrat Kak Omar Sheikhmous. Hon har betytt väldigt mycket för den kurdiska kampen. I dag besökte jag tillsammans med Lawen Redar Kak Omar Sheikhmous för att framföra våra kondoleanser. Vila i frid, Agneta

Serkan Köse
**ئەندام پەرلەمانی سوید**

❊ ❊ ❊

گەلەکەمان قەرزاری هەڵوێست و ئازایەتی ئەو خانمە جوامێرەیە.

**شۆڕش حاجی**

❊ ❊ ❊

Bi dilekî xemgîn û kuldar min bihîst ku hevjîna mamoste Omer Şêxmus; Agneta Sheikhmous vê sibehê koça dawîn kiriye. Bila giyanê wê şad be û serê malbatê, mamoste Omer, heval dost û hezkirên wan sax be!

Dilawerê Zengî

**Qamişlo**

❊ ❊ ❊

Mamoste Omer Şêxmûs û tev malbata Şiwêş li Amûdê û dervî welat!

Vê sibê, min bi mixabinî û dilekî xemgîn nûçeya koçkirina xanima te (Agneta Şêxmûs) bihîst.. Giyanê wê şad be, serê we sax be, dawiya xemên we be.

**Konê Reş**

**Qamişlo**

❊ ❊ ❊

Med djup sorg får jag berätta, att Agneta Sheikhmous en svensk veteran tillika kurdisk kämpe/Peshmarga idag gick bort 76 år gammal. Agneta deltog aktivt tidigt i kurdernas kamp för självständighet, tillsammans med sin man, Omar Sheikhmous, som är en av PUK:s grundare. Agneta och Omar Sheikhmous kämpade tillsammans båda som frihetskämpar i den kurdiska motståndsrörelsen mot Saddam och även som representanten för PUK i Sverige och i flera andra länder sedan i mitten av 70-talet.

هەوالنامەی کتێب

Hennes bortgång är en stor förlust för kurderna. Må hon vila i frid! Mina tankar går till hennes familj, Må de finna kraften att bära den tunga sorgen!

هیوا کاردۆیی

❊ ❊ ❊

Jina pêşmerge û şoreşger Agneta Barbro Elisabeth bi yekcarî ji nav vê dinê bar kir.

Mxabin iji nûçeya koça dawî ya xanima dostyara gelê kurd û piştîvana pir bihêzku wek yekemîn pêşmergeya biyanî di nava rêzên parêzvanên doza kurd de tevdigerî xanim(Agneta Barbro Elisabethe) hevjîna siyasetvanê dêrîn û ronakbîrê gelê kurd ê naskirî mamoste Omer Şêxmûs re.

Ez bi vê boneya xemgîn germtirîn serxweşî û behîname arasteya mamoste Kak Omer dikim û bi mamoste re xembariyê parve dikin.

Hêjayî gotinê ye ku xanima şoreşger û kurdyar Agneta Barbro Elisabeth ku di wê barê de, berpirsê mekteba Ragiahndina Yekîtiya Nîştimanî ya Kurdfisdtasnê (YNK)ê kak Rehber Seyid Îbrahîm dibêje; Xanim Agneta Barbro Elisabeth di sala 1980`an de wek yekemîn pêşmergê biyanî peywendî bi rêzên hêzên pêşmergê Kurdistanê ve kiriye û bi navê Xwîşka Tara hatiye bi navkirin û çekê şeref û kurdeyetiyê û pêşmergeyetiyê hilgirtiye û sengerên kurdeyetiyê diparast ku di demekê de bû ew xanim ji malbateke Erustqirat ê Swêdê bû ku yekemîn pêşmergeyê biyanî bû.

Hozan Efrînî

# چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەنووسی

هەفاڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# عومەر شێخموس:
# ئەگنێتا لە بنەماڵەیەکی ئەرستۆکراتی سویدی بوو

**سازدانی: نەوزاد عەلی ئەحمەد**




هەواڵنامەی کتێب

*** ساڵی چەند ئەگنێتات ناسی؟**

٣١ی ئابی ١٩٦٨ بوو، کە لە زانکۆی ستۆکهۆڵم ناوی خۆم قەیدکرد، ئەگنێتا ئەوسا لە بەشی تۆماری زانکۆ کاری دەکرد. ئەگنێتا نووسراوەکانی لێ وەرنەگرتم، بە ڕێکەوت کچێکی تری هاوڕێی نووسراوەکانی وەرگرت. کوردێکی کوردستانی تورکیا کە ناوی مەمۆ یەتکینە هاوڕێم بوو، کچێکی هاوڕێی هەبوو هەر لەو بەشە کاری دەکرد، مەمۆ گوتی؛ ئەو هاوڕێیەم کچێکی رەفیقی هەیە تازە دایکی ئەمری خوای کردووە. ئێمە دەچین بۆ ئەوێ و پاشان بۆ ئاهەنگێک دەچین بۆ تۆش نایێیت!؟ منیش گوتم دێم، ئیتر لەوێ ئەگنێتام ناسی.

*** تۆ چەپ و ئەگنێتای کچە بۆرژوازی، ئایا ئەم دوو فکرەیە کێشەی بۆ درووست نەکردوون؟**

لەو رووەوە زۆر ناکۆک بووین، نەخێر بوونی بۆرژوازییەت خاڵێک نەبوو بۆئەوەی تاسەر پێکەوە بژین. ئەگنێتا لە کاتی هەڵبژاردنەکانی سویددا دەنگی بە کۆنسەرڤاتیڤەکان "راستڕەو"ەکان دەدا، من زۆرم هەوڵم لەگەڵدا، ئینجا وتی: من لە پارتی لیبراڵ "فۆلک پارتی" زیاتر نایەمە خوارەوە، واتە زیاتر ناچمە خوارەوە بۆ لای چەپەکان. من رێزم لە بۆچوونەکانی دەگرت، ئیتر دوای چەند ساڵێک هەردووکمان گۆڕاین ئەو بەرەو سۆسیال دیموکراتەکان چوو، منیش گۆڕانکاری بەسەر فکر و بیرکردنەوەمدا هاتوو و بووم بە سۆسیال دیموکرات، ئێستا هەردووکمان سۆسیال دیموکراتین. بەڵام ئێستا وا دیسان خەریکە بۆ کۆنسەراڤیزم بگەڕێتەوە.

*** ئەو گۆڕانکارییە فکرییە کەی روویدا؟**

ئەو دوای ئەوەی ساڵی ١٩٨١ هاتە کوردستان و بووە پێشمەرگە، کە سەردانی کوردستانی ئێرانی کرد. هەروەها

کاریگەریی ئەمریکاشی بەسەرەوە بوو، چونکە ئێمە ساڵی ١٩٧٦ تا ١٩٧٧ لە ئەمریکا بووین، بە تایبەتی لە ساڵی ١٩٧٧ زۆر لە ئەمریکا گەڕاین، سەردانی زۆربەی ویلایەتەکانمان کرد و ڕەوشی هەژاری و جیاوازی لە کۆمەڵگەی ئەمریکادا بینی.

*** ئەگنێتا لە بنەماڵەیەکی ئەرستۆکراتی سویدی یە، لە میراتی بنەماڵەکەی چی بۆ ماوەتەوە؟**

هیچی ئاوانەبوو، تەنیا چەند مافوور و وێنەیەک، هەروەها چەند میراتێکی لە باپیر و داپیری بۆ مایەوە.

*** لە سەرەتادا چ سیفەتێکی ئەگنێتا سەرنجی ڕاکێشایت؟**

جوانی ڕۆڵی خۆی هەبوو، بەڵام تەبیعەتێکی زۆر باشی هەبوو بە پێچەوانەی کچەکانی تر، بە تایبەتی ئەو کچە چەپانەی کە تێکەڵاویم لەگەڵیاندا هەبوو، تا لە جل لەبەرکردنیشدا جیاواز بوو. هەڵس و کەوتی زۆر جیاواز و ڕێک و پێک بوو.

*** بۆچی زۆربەی هەرە زۆری کچە ئەرستۆکرات و بۆرژوازییەکان لە ڕەفتار و تا لە جل لەبەرکردنیشدا لەگەڵ چین و توێژەکانی تردا جیاوازن؟**

ڕەنگە ئەمە بەشێک بێت لە کولتوریان، شێوەی ڕەفتار، قسەکردن، هەڵسوکەوتیان لە چینەکانی ناوەڕاست و خواروو جیاوازترە. زۆرجار ئەگنێتا بۆم باس دەکات، کە بە چ ڕەوشت و ڕێزێک لەگەڵ باوک و دایک و خاڵ و پوورەکانی ڕەفتاری کردووە. ئەگنێتا دایک و باوکی لە بنەماڵە ئەرستۆکراتیەکانی سویدن، باوکی دایکی بازرگانێکی گەورە بووە لە شاری یۆتۆبۆری، لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، کە کۆچی دوایی کرد، ئەو میراتەی کە بەبەر ئەگنێتا کەوت نزیکەی ٢٠ هەزار کرۆن بوو، بیست هەزار

کرۆنی ئەوکاتە، لەگەڵ هەندێک پشکی بازرگانی، بۆ نموونە ئێمە سەردانی ماڵی باپیری باوکیمان کرد لە سمۆلاند، باپیری باوکی لە سوپای سویددا ئەفسەر بووە، ڤێللایەکی گەورە و چەندان خانووی لە دوا بەجێمابوو.

*** ئەو موڵکە چی بەسەرهات؟**

جارێک بۆی باس کردم، باپیری ئەگنێتاش ئەفسەر بووە، بەڵام مێباز و قومارچییەکی گەورە بووە، دیارە ئەو جۆرە رەفتارە وەک رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەناو سنفی سوپادا باوبووە. ئەگنێتا تا ساڵی ١٩٦٨ کاری نەکردووە، لە ماڵەوە خزمەتی کراوە. ساڵی ١٩٦٨ چەند ساڵێک بوو، دایک و باوکی جیاببوونەوە، پاشان دایکی دووچاری شێرپەنجە بوو، بۆیە ئەگنێتا مەجبوور بوو دەست بەکارکردن بکات، یەکەم ئیشی لە بەشی تۆمارکردنی زانکۆی ستۆکهۆڵم بوو.

هەواڵنامەی کتێب

*** ئەو کەی لە دایک بووە؟**

ساڵی ١٩٤٣ لە دایک بووە، یەک ساڵ لە من بچووکترە. بۆ ئەو تەمەنە رووداوێکی خۆش هەیە، کە تازە یەکترمان بینی، نەیدەزانی من ساڵێک لەو گەورەترم، بە هاوڕێ کچەکەی خۆی وتبوو، دەترسم من لە عومەر گەورەتربم، پاشان رۆژێک بە رێکەوت پەساپۆرتەکەی منی بینی بوو، کە ئەو یەک ساڵ لە من بچووکترە، پاش چەند ساڵێک ئینجا پێی وتم؛ پێخۆشحاڵ بووم کە من لە تۆ بچووکترم.

*** ساڵی چەند بوو ، بڕیارتاندا پێکەوە بژین و هەردوو ماڵەکەتان بکەن بە یەک ماڵ؟**

زۆرجار پێمدەوت، تۆ حیسابی ئەوە مەکە تاسەر پێکەوە بژین. من چەپم نازانم بەیانی لە چین، یاخود لە کۆبا خەبات دەکەم،

یان بۆ کوردستان دەگەڕێمەوە. بەڵام ئەو دەیووت من بە هەموو شتێکی تۆ رازیم، تا زۆرجار پێمدەوت رەنگە رۆژێک لە رۆژەکان بێت و بچین لە شاخەکانی کوردستاندا ببین بە پێشمەرگە و لەناو ئەشکەوتدا بژین دەیگوت قبوڵمە.

تا ساڵی ١٩٧٠ من لەو ساختمانانە دەژیام کە بۆ خوێندکاران تەرخان کرابوو، ئەگنێتاش لە خانووەکەی دایک و باوکی دەژیا. بەڵام پاش ئەوەی برایەکەی بڕیاریدا لەگەڵ هاوڕێ کچەکەی بژیت، خانووەکە بۆ ئەگنێتا بە تەنیا زۆر گەورە بوو. ئەو حەزی دەکرد پێکەوە لەو خانووە بژین، بەڵام من زۆر کوردانە بیرم دەکردەوە و رازی نەبووم، کە بچم لەو خانووە بژیم. ئێستاش زۆر پەشیمانم، کە ئەو کارەم کرد و نەچووم لەو خانووە بژیم.

ساڵی ١٩٧٠ هەندێک خوێندکاری کورد بۆ سوید هاتن، یەکێکیان کوڕی پوورم بوو، هەندێکی تر خەڵکی عامموودە بوون ناسیاوم بوون، ئەوانە بۆ کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا هاتن و نەگەڕانەوە و داوای مافی پەنابەرێتیان کرد. من بۆئەوەی یارمەتیان بدەم، ژوورەکەی خۆم بەو خوێندکارانەدا، تا ماوەییێک هەر خۆشم کرێی خانووەکەم دەدا، ئیتر چووم لەگەڵ ئەگنێتا ژیام، ئەوکاتە دەمخوێند و ناوە ناوەش کارم دەکرد. لە کۆمپانیای شەمەندەفەر "میترۆ" کارم دەکرد، ماوەیەکیش لە کارگەی بیرە کارم دەکرد، بەڵام دوای ئەوەی ئەو شوققەیەکی بۆ خۆی گرتبوو، چونکە دوای برایەکەی ئەویش خانووەکەی دایک و باوکی بە جێهێشت، ئەو خانووەیان بە دوو شوققە گۆڕییەوە، یەکێکیان بۆ ئەگنێتا، ئەویتریش بۆ برایەکەی.

*** لە ساڵی ١٩٦٨ تا ١٩٧٠ چەندجار بۆ دەرەوەی سوید پێکەوە سەفەرتان کردووە؟**

ساڵی ١٩٦٩ بۆ ڤیەننا چووین، هەمان ساڵ بۆ لینینگراد.

*** کەی ژیانی هاوسەریتان پێکەوەنا؟**

ساڵی ١٩٧٤، من زۆر سوور نەبووم لەسەر هاوسەرگیریمان، چونکە من هـەردەم چاوم لە وڵات بوو، کە رۆژێـک دابێت لە کوردستان خەبات بکەم، بەلامەوە گرنگ نەبوو لە کام پارچە خەبات بکەم!

*** ساڵی چەند تۆ و ئەگنێتا حیسابتان تێکەڵاوی یەکتر کرد، لێرەدا مەبەستم پارەیە؟**

هەر لەسەرەتاوە.

*** کە بەرەسمی ئەگنێتات مارەکرد، ئایا بۆ کلێسە چوون؟**

نەخێر، نەچووین بۆ کلێسە، نەخێر هەردووکمان لە دژی ئەوە بووین و تەنیا لە دادگا مارەم کرد و لە شارەوانی ستۆکهۆڵم مەراسیمەکە بەڕێوەچوو.

*** لە ئاهەنگەکەتاندا تەنیا کوردت دەعوەت کردبوو؟**

کورد و سویدی، بەریتانی و ئەمریکی، خەڵکی چەپ و لیبراڵ و دیموکرات و ئاهەنگێکی کۆکتێل بوو.

*** ئاهەنگەکەتان چەندی تێچوو؟**

ئێمە دوو ئاهەنگمان کرد، دوای مارەکردنی لە دادگا لە ماڵەکەی ئەو کۆبووینەوە نزیکەی ٣٠ تا ٤٠ کەسمان دەعوەتکردبوو، باوکی، هاوڕێیەکانی، چەند خزمێکی ئامادەبوون، ئەوکاتە دایکی نەمابوو، سەلاح- ی برام لێرە بوو ئامادەبوو، لەگەڵ ئەمیری قازی و چەند برادەرێکی تر، بۆ شەوەکەی کوردەکانی سوید هۆڵێکیان گرتبوو ئاهەنگێکی زۆر رێک و پێکیان سازکرد.

*** ئەی پەیوەندیت لەگەڵ ماڵی ئەگنێتا چۆن بوو؟**

برایەکی لە ئەمریکایە پەیوەندیمان زۆر باشە، بەڵام لەگەڵ برایەکەی تری پەیوەندیمان باش نەبوو ساڵی ٢٠٠٠ کۆچی دوایی کرد، چونکە لە دژی ئەوە بوو ئەگنێتا شوو بە خەڵکی بێگانە بکات. بەڵام باوکی پیاوێکی زۆر باش بوو، زۆر سەردانی دەکردین. لەگەڵ پوورەکانی و براژنەکانی پەیوەندیم زۆر باشە.

*** مانگی چەند بوو کە تۆ گەیشتیە تورکیا؟**

مانگی ١٢ ی ساڵی ١٩٧٨ بوو.

*** دوا پەیوەندی تەلەفۆنیت لەگەڵ ئەگنێتا لە کوێ بوو؟**

وابزانم لە ئەستەنبوڵ بوو.

*** ئێستا بابەتێکی تر باس دەکەین، ئەگنێتای سویدی چۆن بڕیاریدا ببێتە پێشمەرگە لە شاخەکانی کوردستاندا؟**

ئەگنێتا ئەگەرچی پێشتر تورکیا و لوبنانی بینی بوو، پێشبینی نەدەکرد، کە ژیانی پێشمەرگایەتی ئەوەندە سەخت بێت. پێشتر زۆرم بۆ باسکرد، کە ژیان لەوێ بەم شێوە و جۆرەیە و زۆر سەختە. گوتی،؛ دەتوانم و تەحەمول دەکەم، کە هاتە خڕی ناوزەنگ، ئێمە بە ڕێگای تاراندا ڕۆیشتین، چووین بۆ سوریا بۆ گفتوگۆی دامەزراندنی "جوقد" دوو هەفتە لە سوریاماینەوە، سوریایەکان بۆ ماوەی هەفتەیەک ڕێگایان پێدام کە سەردانی کەس و کارم بکەم بە مەرجێک هەر لە ماڵەوە بم و نەچمە دەرەوە. لە سوریا بۆ ئێران چووین، لە تارانەوە بۆ مەهاباد چووین، لە مەهاباد چاومان بە مامۆستا شێخ عیزەددین حوسێنی و عەبدولرەحمان زەبیحی کەوت.

*** هەر تەنیا تۆ و ئەگنێتا بوون؟**

من و ئەگنێتا و نەوشیروان و مولازم عومەر بووین، تا سەردەشت و بێوران بە ئۆتۆمۆبێل چووین، پاشان بە پیادە

ڕۆیشتین، لەسەرەتا ئەگنێتا هەر سوور بوو لەسەر ئەوەی ئەویش بە پێ ڕێگا ببڕێت، بەڵام ئەومان سواری وڵاغ کرد.

*** لە کوێ جلی کوردیتان لەبەر کرد؟**

لە مەهاباد جلەکانمان گۆڕی و جلی کوردیمان لەبەر کرد. قسەیەکی زۆر خۆشم لەبیرە، کە گەیشتینە خڕی ناوزەنگ، لە خوارەوەی بازاڕی خڕی ناوزەنگ بارەگای بەعسییەکانی لێبوو، ئەبو فلانێکیان هەبوو ئێستا ناوەکەیم لەبیر نەماوە، زۆر قسەخۆش بوو گوتی: "من ئێستا تێگەیشتم کە تۆ لە سویدەوە دێیت، بەڵام ئەو مسکینە چییە لەگەڵ خۆت هێناوتە" قسەکەم بۆ ئەگنێتا بۆ سەر زمانی سویدی وەرگێڕا، ئەگنێتا پێی گوت؛ خۆم بڕیارم داوە. ساڵی ١٩٧٩ تازە هێرۆخان هاتبووە شاخ، مام جەلال کە بیست بووی ئەگنێتا دێت، لە پشت خانووەکەی خۆیان خانوویێکی بۆ ئێمەش دروست کردبوو، پاسەوان و خواردنمان پێکەوە بوو. ئەگنێتا زۆر بە سادەیی سەیری وەزعەکەی دەکرد، لە ڕووی دەروونییەوە بۆ ئەو جۆرە وەزعە خۆی ئامادە کردبوو، لە ڕێگای بڵاوکراوەکانمانەوە وەزعی ئێمەی دەزانی و ئاگاداریی بۆچوونەکانیشمان بوو. پێشتر لە ئەوروپا چەندان کەسی لە برادەران بینی بوو، وەک: ڕەسوول مامەند، د. کەمال فوئاد، د. فوئاد مەعسوم، سالار عەزیز، عادل موراد .... هتد. هەروەها چەندین کتێبی سەبارەت بە ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان خوێندبووەوە.

*** چەند مانگ لە شاخ مایەوە؟**

جاری یەکەم لە مانگی شوبات تا مانگی ئاب لە ساڵی ١٩٨٠ لەوێ بوو، جاری دووەم لە مانگی مارس تا مانگی ئابی ساڵی ١٩٨١ لەوێ مایەوە.

* کاتەکانی شاخی بە چی بەسەردەبرد؟

جاری یەکەم، هێرۆ خان لەوێ بوو، برادەرانی زیندانیش کە بەر لێبوردنەکە کەوتن لە مانگی ئابی ١٩٧٩دا دوای ماوەیەک چەند کەسێکیان ژیانی هاوسەریان پێکێنا، پاشان مەلا بەختیار، روناک خانی شێخ جەناب گواستەوە، هەروەها نەرمین عوسمان و نازەنین- ی خوشکیشی، خێزانی فەرەیدون عەبدولقادر، پاکیزە خان لەوێ بوو لەگەڵ دڵگیرخانی خێزانی سالار عەزیز. ئەگنێتا بە تەنیا نەبوو لەگەڵ ئەو ژنانە تێکەڵاوبوو. ئێمە نەخۆشخانەمان دانابوو، د. شالاو، د. شادمان، د. هەژار لەوێ بوون، ئەو پێی خۆش بوو لە نەخۆشخانەکە ئیش بکات. هەر ئەوکاتە ویستمان ژنەکان رێکخراوێکی ژنان بۆ خۆیان دابمەزرێنن، ئەو باسی خەبات و مێژووی ژنانی سویدیان بۆ بکات. هەروەها وابڕیاربوو کە کۆرسی فێربوونی زمانی ئینگلیزیان بۆ بکاتەوە و ئەوانیش ئەو فێرە زمانی کوردی بکەن، ئەو بە زمانی ئینگلیزی قسەی لەگەڵ دەکردن، بەڵام ئەوان ئەویان فێرە کوردی نەکرد. کاتێکی تری خۆی بۆ خوێندنەوە تەرخان کردبوو. لەگەڵ روناک خانی شێخ جەناب "خێزانی مەلا بەختیار" نوکتەییێکی زۆر خۆشیان هەبوو. رۆژێکیان روناک خان داوای تەبلەی جگەرە "ژێر سیغار" لە ئەگنێتا دەکات و پێی دەڵێت؛

Can you please give me under the cigarette

دیارە شتی وا بە زمانی ئینگلیزی نیە و روناک خان تەرجەمەی حەرفی کردبوو.

جیا لە مام جەلال و هێرۆخان، کە زۆر یارمەتی و رێزیان لە ئەگنێتا دەنا، مەلا بەختیار و رووناک خان لە هەموو کەسێک زیاتر یارمەتی ئێمەیان دەدا و زۆر پەرۆشی رەوشی ئێمە بوون. نەوشیروان بە ئەڵمانی لەگەڵ ئەگنێتا قسەی دەکرد و فێری بەکارهێنانی دەمانچە و کلاشینکۆفی کرد. نەوشیروان کە دەچووە

پیاسە چەندین جار گوڵی زۆر جوانی کێوی لە شاخەکان بۆ ئەگنێتا دەهێنایەوە، ئەمەی زۆر پێخۆش بوو و وەکو دیاردەیێکی شارستانی لەو کاتانەدا سەیری دەکرد. ملازم عومەر واز لە بەزم و قسە خۆشەکانی خۆی ناهێنێ. شەوێک لەگەڵ چەند کەسێکی تر دەعوەتی نانی ئێوارەمان کردبوو لە ژووری خۆمان. لە ناو قسەکاندا بۆم باس کرد، کە لە سوید عادەتە پاش دەعوەت دەبێ لە ماوەی حەفتەییێکدا تەلەفۆن بۆ خاوەن ماڵەکە بکەیت و سوپاسی بکەیت بۆ دەعوەتەکە. ئەو کاتە تازە تەلەفۆنمان دانابوو لە نێوان بارەگاکاندا لە خڕی ناوزەنگ. پاش٢ - ٣ ڕۆژ دەبینم ملازم عومەر تەلەفۆن بۆ ئەگنێتا دەکات و بە ئینگلیزییە شڕەکەی سوپاسی دەکات بۆ دەعوەتەکە ئەمە بوو بە هۆی پێکەنین و گاڵتە و گەپی زۆر.

*** دیارە کتێبی سویدی و ئینگلیزیتان لەگەڵ خۆتان بردبوو؟**

کتێبمان لەگەڵ خۆمان بردبوو، لەوێش من کۆمەڵێک کتێبم هەبوو.

*** چۆن نامەتان لەگەڵ دەرەوە دەگۆڕییەوە؟**

ئێمە لە مەهاباد سندوقێکی پۆستمان هەبوو، کاک حسێن و عەلی کەریمی بۆ ئێمەیان جێ بە جێ دەکرد. یاخود لە ڕێگای مەکتەبی نوێنەرایەتیمان لە دیمەشق، یاخود لە تاران نامەمان بە دەست دەگەیشت. دوای ئەوەی ئەگنێتا بڕیاریدا بۆ کوردستان بگەڕێتەوە، پێموت بگەڕێوە، چوو بۆ سوریا، لە سوریا نزیکەی مانگێک لە ماڵی شێخ دارۆ و نەرمین خان مایەوە، تا فیزای ئێرانی وەرگرت، لە تارانیش چاوەڕێی کرد هەتا یەکێک لەگەڵی بێت. لە کوردستانی ئێران شەڕ دەستی پێکردبووەوە، زۆر سوپاسی ئیبراهیم جەلال دەکەم گوتی؛ من دەچم دەیهێنم، جلی ئێرانی

لەبەرکردبوو، بە سەلامەتی تا خڕی ناوزەنگی هێنا. هەروەها دەبێت سوپاسی سلێمانی لالە عەباسیش بکەم کە هاوکاری ئیبراهیم جەلال- ی کردبوو.

ئەگنێتا لەگەڵ ئیبراهیم جەلال بەسەرهاتێکی خۆشیان هەبوو، ئەگنێتا لە هۆتێل پارس لە تاران دابەزی بوو، نووسینگەی نوێنەرایەتی یەکێتیی- ش لەو هوتێلە بوو، ئەوسا د. فوئاد مەعسووم لەوێ بوو، ئیبراهیم جەلال زمانی ئینگلیزییەکەی ئەوەندە باش نەبوو، د .فوئاد-یش زمانی ئینگلیزییەکەی شڕ بوو. ئەگنێتاش جگەرەی دەکێشا، د. فوئاد لە دەمی دەرچوو بوو، وتبووی من زۆر رقم لە ژن دەبێتەوە، کە جگەرە دەکێشێت. ئیبراهیم جەلال بە ئینگلیزییە شڕەکەی قسەکەی د. فوئادی بۆ ئەگنێتا تەرجەمە کردبوو، ببوو بە پێکەنین، د.فوئاد بە گشتی قسەی کردبوو، مەبەستی ئەگنێتا نەبوو، ئیتر واکەوتەوە مامۆستا موحسین و د. فوئاد بە ئیبراهیم جەلال- یان دەگوت؛ "بۆ مشاغەبە زمانی هەموو دنیا دەزانێت".

سێ شتی تریش روویدا با باسی بکەم، لەگەڵ ئەو ژنانەی دوای بۆردومانەکە، کە بۆ کانی زەردمان ناردن، ژنەکان خۆیان بۆیان باس کردووم، گوتیان هەردەم ورەی ئێمەشی بەرز دەکردەوە، کە بڕیاریدا بچێتەوە بۆ سوید پێش ئەوەی بچێتە مەهاباد چوو بووە سەردەشت لە نەخۆشخانە سەردانی بریندارەکانی کردبوو، کە گەیشتبووە تاران خێزانی ئیبراهیمی قوربان و خێزانی رەحمەتی جەبار فەرمان- ی بینی بوو، کە هەوڵیان دەدا بێنە سوید فیزایان نەدەدانێ، ئەگنێتا لەگەڵیان چوو بووە لای قونسولی سوید و قەناعەتی پێهێنابوو کە فیزایان بداتێ.

هەروەها دەمەوێت باس لە ئازایەتیەکی تری ئەگنێتا بکەم، ساڵی ١٩٨١ کە لە خڕی ناوزەنگ دەرچووین تا بەرەو سوید بگەڕێینەوە. دەچووین بۆ مەهاباد تا جانتا و شتەکانی خۆمان

لەماڵی محەمەدی حاجی شاتری، ئامۆزای سەلاحی موهتەدی هەڵبگرین. ویستمان لەسەردەشتەوە بە تاکسی بۆ مەهاباد بڕۆین، لەسەردەشت تووشی مولازم عومەر و شەهید سەید کەریم و هێزێکی زۆری یەکێتیی بووین هاتبوون بۆ گواستنەوەی ئەو ١٥٠ پارچە چەکەی، کە مام جەلال لە جێگای چەکەکانی لیبیا لە ئێرانیەکانی وەرگرتبوو، ئێمە ویستمان لە هوتێل بێینە دەرەوە لەو کاتەدا پاسدارێک کوژرا لە لایەن پێشمەرگەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

من پێشتر سەردانی مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی-م کردبوو و دوو نامەی پێدام، کە بۆ سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەوی تر بانگەوازێک بوو بۆ رای گشتی جیهان لەسەر رەوشی کوردستانی ئێران. هەر ئەو نامانە بوون کە چەند مانگ پێشتر بە دۆستێکی زۆر ئازیزی ئێمەیدا ویستبووی رەوانەی بکات و لە رێگای تاران گیرا و ئیعدام کرا، ئەویش شەهید قەرەنی کەریمی بوو.

نامەکان لە لای من بوون، بەڵام لە نزیک سەردەشت پاسدار ئێمەیان وەستاند و ویستیان بمانپشکنن منیش نامەکانم بە ئەگنێتا دا و داوام لێکرد بیانشارێتەوە. تەماشامان کرد ژنێکی پاسداریان هێنا بۆ پشکنینی ئەگنێتا و داوای لێکرد، کە گیرفانەکانی بەتاڵ بکات. ئەویش نامەکانی لەناو هێندێ کلینکسی لە گیرفانی شاردبووەوە، هیچ خۆی تێک نەدا و بە تووڕەییەوە بە ژنە پاسدارەکەی گوت؛ ئەوە چیە دەتەوێت تەماشای کلینکسەکەش بکەیت. ئیتر ژنە پاسدارەکە وازی لێ هێنا و تەماشای هیچی تری نەکرد.

لە تاران ئەگنێتا پێش من بۆ ڤیەننا دەرچوو. لە ڤیەننا لە ماڵی حوسێن سنجاری دابەزیبوو. لەبەرئەوەی خزمایەتیمان لەگەڵ لەیلا خانی خێزانی ئەو کاتەی حوسێن هەیە، خێزانی مامی گەورەم ساڵح لەگەڵ دایکی خێزانی سامی عەبدولرەحمان،

فەوزیەخان و خێزانی ئەو کاتەی حوسێن سنجاری خوشکن، واتە لەگەڵ ئامۆزاکانم، کە دوانیان زاوای منیشن کوڕ و کچە پوورن. ئەگنێتا لە ڤیەننا چاوی بە سامی عەبدولرەحمان- یش کەوتبوو، کە ئەوکاتە سکرتێری پارتی گەل بوو، چاوەڕێی منی کردبوو بەڵام من زۆر دواکەوتم.

من لە تاران دواکەوتم لەبەرئەوەی پاسداران دەیانووسیت بمگرن و نەمدەتوانی دەربچم. بەڵام باڵیۆزخانەی سویدی پەساپۆرتێکی تازەیان بۆ درووست کردم. پاش بینینی باڵیۆز، سکرتێری یەکەمی باڵیۆزخانە لەگەڵم بۆ فرۆکەخانە هات. دوای ئەوەی گەیشتمەوە ئەوروپا لەسەر داوای مەکتەبی سیاسی دەستم بە سەردانی چەند وڵاتێک کرد وەک: یۆنان، ئەڵمانیا، فەڕەنسا، سوید، ئینگلتەڕا، ئیتاڵیا، هۆڵەندا و سویسرا بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەو وڵاتانە، هەروەها سازکردنی کۆبوونەوە لەگەڵ ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

*** منداڵتان نیە، هۆکارەکەی چییە؟**

لە سەرەتادا من رازی نەبووم، کە منداڵمان هەبێت، چونکە نەماندەزانی چارەنووسمان بە کوێ دەگات، کاتی خۆی لەگەڵ نەوشیروان مستەفا دروشمێکمان بۆ گاڵتە هەڵگرتبوو؛ یان ژن و منداڵ، یان شۆڕش. ئەوکاتەی بڕیارماندا کە منداڵ درووست بکەین، چەند جارێک منداڵی لەباردەچوو، بەداخەوە پاشان ئەگنێتا تووشی شێرپەنجەی رەحم بوو، جار ناجار گلەییم لێ دەکات کە من هۆکارم بۆ نەبوونی منداڵ.

*** کەی نەشتەرگەریی بۆ دەرهێنانی رەحمەکەی کرا؟**

ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ نەشتەرگەرییەکەدا منداڵێکی سێ مانگی لە سکی بوو، مرد بوو.

*** بیرتان لەوە نەکردۆتەوە کە منداڵ تەبەنی بکەن؟**

ساڵی ١٩٨٨، دوای رووداوی کارەساتی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە، لەگەڵ هێرۆ خان قسەمان کرد، کە "کچ و کوڕێک"ی هەڵەبجەمان بۆ بدۆزێتەوە تا تەبەنیان بکەین، هێرۆ خان کارەکەی کرد و لەگەڵ خێزانەکە قسەی کرد، ئەوانیش رازی بوون، بەڵام بە داخەوە خزمەکانیان پەشیمانیان کردنەوە.

**سەرچاوە؛**

ئەم چاوپێکەوتنە چەند لاپەڕەیەکە لەم کتێبە:

پشکۆیەک لە خۆڵەمێشدا، بەشێکی گرنگ لە ژیاننامەی هۆمەر شێخمووس، ئامادەکردنی: نەوزاد عەلی ئەحمەد، چاپی یەکەم ،سوید ٢٠١٠.

# یەکەم پێشمەرگەی سوێدی
# کۆچی دوایی کرد

**سازدانی: بەشیر کاڤاک**



**ئەگنێتا شێخمووس، پێشمەرگەیەکی دێرینی سوێدی بووە لە رۆژی ٢٠١٩/١١/٢٠ کۆچی دوایی کرد. دوو مانگ پێش کۆچی ئەگنێتا ئێمە لە ستۆکهۆڵم چووینە ماڵەکەی، ئەویش لەو سەردانەدا باسی ژیانی خۆی لەناو کورد و پێشمەرگە، پێش ٤٠ ساڵ لەمەوبەر کرد.**

– ئێمە بە وڵاغ بەرەو بارەگای پێشمەرگەدا دەچووین. لە رێگا ڕووبەڕووی چەند پیاوێک بووینەوە. کاتێک لێیان نزیک بووینەوە، من وەکو ژنێکی سویدی دەستم هەڵبڕی بۆ سڵاوکردن. بەڵام وەکو شتێکی سەیر وەڵامیان نەدایەوە و مت وسەیر وەستابوون، دوایی پێیان گوتم لێرە پیاو و ژن مەرحەبا بەدەست ناکەن.

دەستپێکی ساڵی ١٩٧٩یە و ئەگنێتا لە سویدەوە بەرەو بارەگای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە خڕی ناوزەنگ بەڕێکەوتووە، کە دەکەوێتەوە سنووری نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەو بڕیاری دابوو، کە بێتە پێشمەرگە و لەگەڵیان بژی

– ئێمە لەناو چادر و خێمەدا دابووین، شوێنەکەمان تەسک بوو. خواردن کەم بوو، ڕۆژانە یەک جار نانمان دەخوارد، زۆربەی جارەکان نان و نیسک یان برنج بوو، گۆشت نەبوو، مانگی یەک جار بەدەستمان دەکەوت یان نا. بەڵام ئاو زۆر بوو، ئاوی سارد و خۆش لە ڕووبارەوە دەهاتە خوارەوە.

ئەم خانمە کە باسی ئەم یادەوەرییانەی خۆی دەکات، لەم تەمەنەیدا کە ٧٦ ساڵە، هێشتا بە بەژنێکی باریک، بە جلوبەرگێکی ڕەنگین، لە هۆڵەکە بەرامبەر بە پەنجەرەکە دانیشتووە. دەستی ڕاستی پڕ لە بازنە، قسەمان بۆ دەکات و ناوە ناوەش فڕێک لە قاوەکەی دەدات.

پۆرترێتەکانی باپیرەکانی لە چوارچێوەکاندا بە دیواری ژوورەکەیدا نیشان دەدەن، ئەم ژنە لە بنەماڵەییەکی ئاسایی نییە. ئەگنێتا لەسەر بنەماڵەکەی دەڵێت:

– له کونگشهۆڵمن له ستۆکهۆڵم له دایک بوومه. بنەماڵەکەی ئێمه له چینی ناوینی بڵند بوون. باوکی من بەڕێوەبەری کۆمپانیاییێک بوو .بە دەنگێکی نزم دەڵێت "من منداڵ بووم، له ماڵەکەی ئێمەدا خزمەتکارمان هەبووە".

ئینجا، ئایا هۆکارەکه چی بووه که ئەم خانمه سویدییه له چینی ناوینی بڵند (ئەرستۆکرات) بچێته شاخەکانی کوردستان، ناو جێگای تەسک، کێمخواردن و تالووکەی ژیانەوە؟

هۆکاری سەرەکی ئەوینی ئەوه و هۆمەر شێخمووس-ە.

– له زانکۆ، له فەرمانگەی بەشی وەرگرتنی خوێندکاران کارم دەکرد، هۆمەر ئەوکاته تازه هاتبووه زانکۆ بۆ تۆمارکردنی ناوەکەی خۆی له کۆتایی ئابی ساڵی ١٩٦٨. به ڕێگای هاوڕێیەکم یەکترمان ناسی.

هەتا ئەوکاتە، ئەگنێتا و هاوڕێیەکانی هیچ شتێک سەبارەت به کورد نازانن، یان شتی خەیاڵیان بیستبووە.

– پێش ئەوەی هۆمەر بناسم، وشەی کوردم نەبیستبوو، هیچ شتێکم لەسەریان نەمدەزانی. جارێک من و هۆمەر چووینه سەردانی هاوڕێیەکی من، ئەو هاوڕێیەم ناوی کوردی نەبیستبوو: «لای من وابوو کورد هەمووی سوار ئەسپن و خەنجەر لەبەر پشتێنیان دایه» بەڵام هۆمەر نه ئەسپی هەیه و نه خەنجەر.

هۆمەر شێخمووس، ماوەیەکی کورت بوو، له بەریتانیاوە بۆ سوید هاتبوو، چالاکوانێکی دیاری کورد بوو، ئەگنێتا هەمیشه له ڕێگای هۆمەر شێخمووس زانیاری نوێی لەسەر کورد دەبیست و پشتگیریی له پرسی کورد دەکرد، ئەمەش گرنگترین خاڵی پێشڤەچوونی دۆستایەتی نێوان هەردووکیان بوو.

لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، بنەماڵەکەی ئەگنێتا و هۆمەر شێخمووس باشتر یەکتریان دەناسی و پەیوەندیان خۆشتر دەبوو، ساڵی ١٩٧٤ ئیتر بڕیار دەدەن که ژیانی هاوسەرگیری

پێک بهێنن. ناوی دەبێت بە بە ئەگنێتا شێخمووس، بەجیا ماڵێک بۆ خۆیان دادەمەزرێنن، ئیدی ئەگنێتا دەبێت بە بووکی عامووددییان.

- ڕۆژێک لە مەتبەخ نانی ئێوارەم ئامادە دەکرد. هۆمەر بە دڵێکی خۆش هاتەوە و گوتی: وەرە سەیر بکە و ببینە. سەیرم کرد، لە عەلاگەکەی دەستی چ ببینم، سەری مەڕێکی بە خوێنی لەناو دابوو، لەترسا حەپەسام و گوتم، ئەم شتە لە من دوور بخەوە با نەیبینم!

ئەو ئێوارەیە، بەتەنیا بۆ خۆی، سەری مەڕەکەی لێناو خواردی.

لەماڵەوە مرۆڤ دەتوانێت بڕیار بدات چ بخوات، چ نەخوات. بەڵام کاتی دەچنە سەردانی شاری هۆمەر شێخمووس (عامووددێ) لە ڕۆژئاوای کوردستان و لەوێ خواردنی سەرووپێ دێتە پێشیان، ئەگنێتا ناچار دەبێت، کە ئەو جۆرە خواردنە بخوات.

- کاتێک گەیشتین (عامووددێ) گەشبینیەکی زۆر و بەبێ رادە ڕووی هۆمەری داپۆشی بوو، لە دەوروبەری خۆم سەیرم کرد، شتێکی تایبەت لەم شارەدا نیە کە سەرنجم بۆ لای خۆی راکیشێت، بەڵام بە بەجۆشی هۆمەر و هەیەجانەکەی دڵم خۆشبوو.

- ئینجا لە (عامووددێ) لە ماڵی خوشکی هۆمەر ئێمە دەماینەوە، ڕۆژێک بەو گەرمای هاوینە، خزمێکی ئەوان داوەتی نانی نیوەڕۆی کردبووین. لەبەر گەرمای زۆر و دژواردا یەک بەشەر لە دەرەوە نەبوو. لە ڕێگا بە هۆمەرم گوت، ئەم شارە مەکسیکۆیە، فیلمی کاوبۆی دەهێنێتەوە بەرچاوی مرۆڤ.

- لەو گەرمای هاوینەدا، کاتی کە دەچووینەوە ماڵ، دەمانبینی، شۆربای گەرم یا سەرووپێیان بۆمان ئامادە کردووە. ئەوان بە چێژ دەیانخوارد، بەڕاستی منیش تۆزێکم خوارد.

هۆمەر شێخمووس، وەکو سیاسەتمەدارێکی کورد، هەر ڕۆژێک لە وڵاتێکە، ئەو لە دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا ڕۆڵێکی ئاکتیڤی هەبووە. لە سەفەرەکەی بۆ کوردستاندا لە ساڵی

١٩٧٩ دا نامەیێک بۆ ئەگنێتا دەنێرێت و پرسیار دەکات ئایا دەیەوێ بێتە ناو پێشمەرگە. ئەگنێتا واز لە سوید و لە ماڵ و کارەکەی دەهێنێت و ڕوو دەکاتە شاخەکانی کوردستان و ناو پێشمەرگە.

– ناوی من لەناو پێشمەرگەدا خوشکە تارا بوو، نەوشیروان مستەفا فێری چونیەتی بەکارهێنانی دەمانچە و کەلاشنکۆفی کردم.

لەو بارەگایانەدا نزیکەی ١٥٠٠ پێشمەرگە هەبوون، بەتەنیا ئێمە ٥-٦ ژن بووین. بەحیساب دەبوایە فێری زمانی ئینگلیزییان بکەم و ئەوانیش فێری زمانی کوردیم بکەن.

ئەگنێتا بە پێکەنینەوە دەڵێت: ڕاستەکەی ئەوان فێڵیان لەمن کرد و فێری کوردییان نەکردم، بەتەنیا چەند وشەیێک فێربووم.

بە گشتی نزیکەی دە مانگ لەناو پێشمەرگە دەمێنێتەوە. لەگەڵ هەموو ئەو نەهامەتی و دژوارییەدا، ئەگنێتا دەڵێت، پێش ئەوەی کە بچێتە شاخ، باش ئاگاداری ڕەوشەکە بووم، لەبەرئەوە ژیانی پێشمەرگایەتی بۆ ئەو شتێکی سەیر نەبوو.

ئەگنێتا ئاماژە بەوە دەدات، کە لەناو پێشمەرگەدا ڕێز و جێگایەکی تایبەتی گەورەی هەبووە، هەر چەندە کە خۆی باسی ئەوە ناکات، بەڵام دوای بۆمبابارانی فڕۆکەی سوپای عێراقی و جەسارەتی ئەگنێتا لەو بۆمبابارانەدا، زیاتر و دووقات ئەو ڕێز و حورمەتیەی زیاتر بووە.

– هاوینی ساڵی ١٩٨٠ بوو. بەیانی زوو، کاتژمێر ٤-٥ دەنگی قیژ و هاوار هات. دەمانچەکەی ژێر سەرم هەڵگرت و چوومە دەرەوە، بینیم فڕۆکە دەوروبەرمان بۆمباباران دەکات.

چوار فڕۆکەی جەنگ، لە نیو سەعاتێکدا سێ جار هێرش کردیان سەر پێشمەرگە، کوژراو و بریندار هەبوو.

دوای هێرشەکە بەچەند مانگێک، ئەگنێتا بەرەو ئەوروپا دەچێت، چەند ساڵێک لەگەڵ هۆمەر شێخمووس لە دەوڵەتانی ئەڵمانیا و بەریتانیا دەژین.

لەو ساڵانەی، کە ئەگنێتا لەناو سیاسەتی کوردیدا بووە، زۆربەی سەرکردەکانی کورد دەناسێت، وەکو؛ جەلال تاڵەبانی، عەبدوڕەحمان قاسملو، نەوشیروان مستەفا، هێرۆخان.... هتد. ئەگنێتا دەڵێت؛ لەم ساڵانەی دواییدا، زیاتر ڕووم لە خوێندنەوە کردووە و زۆربەیان پەیوەندی بە پرسی کوردەوە هەیە.

لە وەڵامی پرسیاری، ئایا کاتێ لەناو پێشمەرگەدا بووە، یان لە ناو گۆڕەپانی سیاسەتی کوردیدا بووە، هیچ پەشیمان نەبووە، بە بێ دوودڵی دەڵێت: نا.

ئەمە قسەکانی ئەگنێتا شێخموس بوون، لە ٢٠١٩/١١/٢٠ کۆچی دوایی کردووە.

ئەم چاوپێکەوتنە پێش دوو مانگ لەمەوبەر سازکراوە، سەبارەت بەم پرسیارە، ئەگەر مرۆڤ ٤٠ ساڵ لە تەمەنی بگەڕێتەوە، ئایا دیسانەوە ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ هۆمەر شێخمووس پێکدەهێنیتەوە؟ یەکسەر وەڵامی دایەوە و گوتی: بەڵێ دیسانێ ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ هۆمەر دەکەم.

**سەرچاوە:**

ئەم چاوپێکەوتنە، ڕۆژی ٢١ /١١/ ٢٠١٩، لە رادیۆی سوید، بەشی کوردی بڵاوبۆتەوە.

# ئەگنێتا، شۆخێك لەنێو مەتەرێزی شەرەفدا

سازدانی: نەرمین عوسمان



تایبەت

kurdistannet.org

6

کوردستانی نوێ

گفتوگۆی نەرمین عوسمان

شۆخێک لە نێو مەتەرێزی شەرەف و یەکەم

چەند ژنە کەسایەتییەکی ناودار لە مێژووی کورددا هەن کە لەبواری جیاجیادا کەسانی لێوەشاوەو چالاک بوون، بەڵام هەرگیز ئەو چالاکیانەیان نەکردووەتە بانگەشە و کایەیەک بۆ خۆهەڵدان، لەوبارەیەوە لە ماوەی رابردوودا خاتوو نەرمین عوسمان کە بۆ خۆشی ژنێکی چالاکی بواری پەروەردە و تێکۆشەرێکی کایەی سیاسییە زنجیرەیەک سەردان و بەسەرکردنەوەی دەستپێکردووە بۆ گفتوگۆ و هەڵدانەوەی لاپەڕە پرشنگدارەکانی ژیان و کارو چالاکی ئەو خانمانەی کوردستان کە وەک سەربازی ون خزمەتێکی زۆریان بە چەند ئەرەیەک کردووە لە بواری جیاجیادا، بەڵام ئەوەی نوێ وەک پێویست ئاشنا نییە بە بەخشش و کۆشش مرۆڤدۆستانەکانیان. بۆیە بەمۆڵەوە خاتوو نەرمین بوخەی ئەو گفتوگۆیانە و ئەرشیفی وێنەو بیرەوەرییەکانی ئەو خانمە چالاکانە دەنووسێتەوەو بۆ دەربازکردنیان لە فەوتان و لەبیرچوونەوە، پێشکەشی کوردستانی نوێ-ی دەکات و کوردستانی نوێش ناوەڕۆک وێنەکان و چیرۆکی ژیانی پڕ بەخششی ئەو کەسایەتیانە بڵاودەکاتەوە.

ئەگنێتا، ڕۆحێکی پەپولەئاسا، عاشقانە بۆ تیشکی ئاگری نەوەی زەردەشتییان، پشتی کردە ئازادی و خۆشبەختی و ڕوویکردە چیاکانی کوردستان. ئەگنێتا، بە جەستە جێیهێشتین، جوانیی ڕۆحی بۆ بەجێهێشتین. هاوڕێی خۆشەویست؛ کۆچی ئەبەدیت پیرۆزبێت بەرەو ئاسمان، نیشتمانی ڕۆح جوانەکان.

دوای گفتوگۆکەمان، هیوام بوو یەکتر ببینینەوە، ئاواتەکەمت لەگەڵ خۆتدا برد بۆ دوایین ئارامگەت. دەنگت لە گوێمدا دەزرینگێتەوە کە وتت: "من تەنها لەگەڵ تۆدا گفتوگۆ دەکەم، دەمێکە هیچم نەوتووە». خاتوونەکەم، ئەم چەند پرسیار و وەڵامە، دوایین ڕستەکانتە لە لاپەڕەکانی مێژووی نەتەوەیەکی بەشمەینەت کە بەشداربووی لە نووسینەوەی، بۆ هەمیشە بە جوانی دەمێنێتەوە.

بەداخەوە، ئەم گفتوگۆیەت لەسەر لاپەڕەکانی (کوردستانی نوێ) و کتێبەکە نەبینی. بەڵێن بێ؛ بۆ هەمیشە وەک جوانیی ڕۆحت بتهێڵینەوە لەنێو دڵمان.

ئەم گفتوگۆیەم، لەگەڵ خاتوو ئەگنێتا، هاوژین و هاوڕێی کاک عومەر شێخمووس کردووە، چەند ڕۆژێک پێش ماڵئاوایی و دوایین کۆچی. گفتوگۆکەمان بە زمانی سویدی بوو، وا لێرەدا دەقەکەی بە کوردی بڵاودەکەمەوە.

+ باسی ئەگنێتام بۆ بکە؟ ئەگنێتا کێیە و لە کوێ لەدایکبووە؟

– لە خێزانێک گەورە بووم کە توانای دارایی لە سەرووی باشەوە بوو، باوکم بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکی پیشەسازی بوو، ژمارەیەک کارمەند و کرێکار کاریان بۆ دەکرد. لە یەکێ لە باشترین گەڕەکەکانی ناوشاری ستۆکهۆڵم (پایتەختی سوید) دەژیاین. پەیوەندیم لەگەڵ دایکمدا زۆر باشبوو، بەردەوام پشتیوان و ڕێنیشاندەرمان بوو، کاریگەریی زۆری لەسەر خۆم و براکانم هەبوو (دوو برام هەبوو، یەکێکیان بە گەنجی لە ساڵی ٢٠٠٠ کۆچی دوایی کرد).

له تەمەنی چوار ساڵیدا چوومەتە باخچەی ساوایان، دواتر سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییم تەواو کردووە. بۆ ماوەی ساڵێکیش بەشی سکرتاریەتم خوێندووە (بۆ کاری سکرتێری)ی و دبلۆمێکی تریشم لە بواری ئابووری و بازرگانیی بەدەستهێناوە.

**چۆن کاک (عومەر)ت ناسی؟**

– بۆ ئێوارەخوانێک لای هاوڕێیەکم بانگهێشتکرابووم، لەو دانیشتنەدا، کوڕێکی کوردی هاوڕێی ئەو هاوڕێیەمی لێبوو، ئەو کوڕە، عومەر بوو. ئەوکات عومەر خوێندکار بوو لە بەشە ناوخۆیی خوێندکاران لە (ئالڤیک) لە گەڕەکی (بروما) دەژیا. ئێوارەی دواتر، عومەر، بۆ بینینی فیلمێک لە سینەما بانگهێشتی کردم. نانی ئێوارەشمان بەیەکەوە خوارد. هەستمانکرد بۆ باشتر یەکترناسین، پێویست دەکات زیاتر یەک ببینین. دوای ماوەیەک عومەر لە بەشە ناوخۆییەکەیەوە گواستییەوە بۆ شووقەکەی من، کە لە گەڕەکی (کونگسهۆڵم) بوو لە ناوەڕاستی شار. بە تێپەڕبوونی کات، خۆشەویستیمان گەشەی کرد.

**+ کاتێک کە کاک عومەرت ناسی دەتزانی کە کەسێکی سیاسییە و سەرقاڵی سیاسەتە؟**

– هیچ زانیارییەکم نەبوو، نە لەسەر کورد و نە لەسەر کاری سیاسیی عومەریش، بەڵام ئەوەندەی نەخایاند تێگەیشتم کە عومەر کوردایەتی و کاری سیاسیی دەکات. هەروەها بۆ منیش بوو بە سەرچاوەیەکی گرنگی تێگەیشتن و زانیاری بۆ ناسینی نەتەوەی کورد و مێژوو و کێشە و گرفتەکانیان، هەروەها شۆڕش و چالاکییەکانیان. ئەوەندەشی پێنەچوو خۆشم زۆر بە قووڵیی و بە جدیی چوومە ناو بابەتە پەیوەندیدارەکانی ئەو پرسە و بووم بە بەشێک لێی.

**+ چۆن و بە چ شێوەیەک هاوکاری کاک عومەر بوویت؟**

– سەرەتا لە کۆبوونەوەکانیان ئامادە دەبووم (هەرچەند زمانەکەشم نەدەزانی)، بەشداریم لە خۆپیشاندانەکان و بۆنە نەتەوەییەکانی وەک نەورۆز دەکرد. فێری هەڵپەرکێی کوردیی بووم و لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی سویدی لە هەڵپەڕکێکان بەشدار دەبووین. دواتر دوابەدوای ئەوە دەستمکرد بە دەرکردنی کۆپییە ئینگلیزییەکەی رۆژنامەی (شەرارە – The Spark) کە رۆژنامەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، بە ئامێری چاپ چاپم دەکرد و دابەشمان دەکرد بەسەر دەزگاکانی راگەیاندنی ئەوروپی و نێودەوڵەتیدا. هەروەها هاوکاربووم لە چاپکردن و هەڵەبڕی و دیزایینکردنی نووسراو و بڵاوکراوەکان بە زمانی سویدی و ئینگلیزی، پاشان دابەشکردن و بڵاوکردنەوەیان. هەر لەو ساڵانەش بەشداردەبووم لە زۆربەی زۆری چالاکییەکان و خۆپیشاندانەکان و کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمینارەکانی یەکێتیی نیشتمانیی و بەشداریش دەبووم لە رێکخستنیان.

**+ لە هیچ قۆناغێک لە قۆناغەکانی ژیانت لەو پەیوەندییەی نێوانتان پەشیمان نەبوویتەوە بەهۆی ناجێگیریی ژیانتان و دووریتان لەیەکەوە و سەرقاڵیی کاک عومەر و مەترسیی لەسەر ژیانی؟**

– بەڵێ، زۆرجار پەشیمان دەبوومەوە، هەستم دەکرد عومەر زۆربەی کاتەکانی بۆ کاری سیاسی تەرخانکردووە. تا رادەیەک هەندێجار وام هەستدەکرد منی پشتگوێخستووە، بەڵام وردە وردە بۆچوونم گۆڕی و تێگەیشتنم بۆ هۆکاری دوورکەوتنەوەی زیاتر دەبوو، کە بەهۆی گرنگیی کارەکانی دەبوایە کاتێکی باشیان بۆ تەرخان بکات و لەو بارودۆخەی خۆمان باش تێگەیشتم.

**+ بۆچوونت لەسەر کارەکانی کاک عومەر بۆ پرسی نەتەوایەتیی چۆنە؟**

– وەک لە پرسیاری پێشوو وەڵاممدایەوە، سەرەتا زۆر ئاسان نەبوو، بەڵکو زۆریش قورس بوو بە لامەوە، بەڵام وردە وردە تێگەیشتم کە ئەم نەتەوەیە رووبەڕووی چەوساندنەوەیەکی زۆر هاتووە و بەردەوامیشە و پرسێکی ئاسان نییە و هەستمکرد کە ئەم نەتەوەیە پێویستی بە پشتیوانییەکی زۆر هەیە بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و مافە رەواکانی.

**+ لەناو بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد، جێدەستت زۆر دیارە و توانیوتە بگەیتە ئاستێکی بەرز و جێی رێزی هەموو لایەک بووی، لە سەردەمانێک بەهۆی دڕندەیی دوژمنان، زۆر کەم لە ژنە کوردەکان دەیانتوانی بەشداربن، ئایا زۆر ئەستەم نەبوو بەو شێوەیە بێیتە ناو ئەم بزووتنەوەیە؟**

– لە ساڵی ١٩٧٨، عومەر گەڕایەوە بۆ کوردستان، بەنیاز بوو تەنها سێ هەفتە دوورکەوێتەوە، بەڵام شەش مانگی پێچوو، لەو ماوەیەدا تووشی دڵەڕاوکێیەکی زۆر هاتم، لەو کاتانەشدا زۆر لە سیاسی و رۆژنامەنووسەکان پەیوەندییان پێوە دەکردم و پرسیاریان دەربارەی باری سیاسیی کوردستانی (رۆژهەڵات، باشوور) لێ دەکردم، ئەو سەردەمە شۆڕشی ئێران بەرپا بووبوو و رووداوی زۆر روویدەدا، کاتێک عومەر گەڕایەوە بۆ سوید دوای شەش مانگەکە، وتی: "ئیتر ناگەڕێمەوە بۆ کوردستان." بەڵام دوای چەند رۆژێک بۆچوونی خۆی گۆڕی و وتی: «دەبێت بگەڕێمەوە بۆ کوردستان." منیش ئەمجارە وتم: "بڕۆیت، لەگەڵتا دێم." سەرەتا وتی: "نابێ شتی وا بکەی." بەڵام من پێداگریم کرد و وتم: "تۆ بڕۆیت، منیش دێم." لەدواییدا تێگەیشت، کە سوورم لەسەر ئەو بڕیارە، رەزامەندی دەربڕی. بۆ ئەو مەبەستە بەپێویستمان زانی

کەمێک زمانی کوردیی فێرببم. ڕۆژانە کاژێرێکمان تەرخانکرد بۆ فێربوونی زمان، بۆ ماوەی سێ هەفتە وانەی کوردی پێدەوتم. دوایی عومەر وتی: «بەسە» دەترسا لەوەی زیاتر فێرببم و نەیدەویست زیاتر تێبگەم لەپێناو سەلامەتیی من، نەیدەویست بە تەواوی لەو مەترسییە گەورانەی ڕووبەڕوومان دەبێتەوە تێبگەم، چونکە ماوەکە کورت بوو بۆ فێربوونی زمانێکی تازە، بۆیە نەمدەتوانی بە باشی بە کوردی بدوێم و تێبگەم، ئیتر ڕۆیشتین بەرەو کوردستان و لە ناوزەنگ و توژەڵە گیرساینەوە لە ناوچەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

**+ کاتێ لەناو پێشمەرگە بووی، پەیوەندیت لەگەڵ کێ باش بوو؟**

– پەیوەندیم لەگەڵ قادر خەبات زۆر باشبوو، دەمانتوانی بە بێ کێشە زیاتر لە نیو کاژێر بەیەکەوە قسە بکەین و لەیەکتریش تێبگەین، من بە سویدی و ئەو بە کوردی، زۆریش چێژم لە گفتوگۆکەمان وەردەگرت. هەروەها پەیوەندیم لەگەڵ کاک نەوشیروان مستەفا زۆر باشبوو، کاک نەوشیروان فێری بەکارهێنانی چەکی کردم و ناوبەناو کە دەچوو بۆ بەسەرکردنەوەی بارەگاکان، لەسەر شاخەکان گوڵی سروشتیی جوانی بۆ دەهێنام. د. کەمال خۆشناویش وەک برایەک وابوو ناویشم نابوو (برا گەورە). هەروەها بە د. خدر مەعسومم دەوت: "برای بچووک" و ناویشم نابوو (سپیدی گۆنزالیس - Speedy Gonzalez) (کارەکتەرێکی فیلمی کارتۆنییە، خێراترین مشکە لە مەکسیک)، بۆیە ئەم ناوەشم لێنا، چونکە هەموو کارێکی بەپەلە و بە خێرایی دەکرد، خێراش نانی دەخوارد. پەیوەندیم لەگەڵ ڕووناک خان و مەلا بەختیار و لەگەڵ (تۆ و کاک دارۆ)ش زۆر باشبوو. هەروەها لەگەڵ هێرۆخانیش دوو هاوڕێی نزیکبووین. ئەوکاتەی من لە ناوزەنگ بووم، کاتێکی کەم بەیەکەوەماینەوە بەهۆی ئەوەی

لەگەڵ مام جەلال بۆ هەندێ کار نزیکەی یەک ساڵ چوونە دەرەوەی کوردستان و ئەو ماوەیە من لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٠ تا ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨١ لەوێ مامەوە.

**+ ئەی پەیوەندیت لەگەڵ مام جەلال چۆن بوو؟**

– پەیوەندیمان باش بوو، کەسێکی قسەخۆش و خۆش مەشرەف بوو. لە سەرەتادا ئەوەندە جدیی نەبوو، بەڵام وردە وردە پەیوەندیمان قووڵتر بوو.

**+ ڕووداوە خۆش و ناخۆشەکانی ناو پێشمەرگایەتیم بۆ باس بکە؟**

– جارێ پەیوەندیم لەگەڵ پێشمەرگەکان زۆر باشبوو، هەستم دەکرد ئەو پەیوەندییە بەهێز و پۆزەتیڤە و هیچ لایەنێکی نێگەتیڤم نەدەبینی و نەبوو، بەڵام لەسەر هەندێ پرس و کاری سیاسی، چەندین بۆچوون و دونیابینیی جیاوازمان هەبوو. هەندێجار بە لامەوە قورسە تێبگەم لەو ناکۆکی و نەگونجانەی، کە هەیە و هەبووە لەنێوان کەسە بەرپرسەکان، هەروەها ئەو گەندەڵییەی کە لەم ساڵانەی دواییدا هەیە، زۆرجار دەپرسم باشە چۆن دەبێت ئەو کەسانەی، کە ئامادەیی بەخشینی ژیان و هەموو شتێکیان هەبوو لەپێناو ئازادیی میللەت و وڵات، ئێستا ئەو هەڵانە بکەن لەپێناو بەرژەوەندی کەسیی و خۆیان، بەڵام لەگەڵ ئەم پرسیار و گلەییانەشم، دەڵێم؛ تا ڕادەیەک شتەکان باش بەڕێوەچووە.

**+ هەندێک لەو بیرەوەرییانەم بۆ باس، بکە کە مەبەستتە بۆ مێژوو بمێنێتەوە و خوێنەری لێ ئاگاداربکەیتەوە؟**

+ وەک باسمکرد، سەرەتا ئەو ڕاستییانە بۆ من نامۆ بوون، زۆرم دەربارەیان نەدەزانی، بەڵام دواتر و ئێستا هەموو شتێکم لا

ڕوونە، هەرگیز ئەو پێشمەرگانەم بیرناچنەوە کە لە کاتی بۆردومانی فڕۆکە عیراقییەکان لە مانگی یۆلیۆی ١٩٨٠، شەهید و بریندار بوون، هەروەها مامەڵەی پاسدارانی ئێران لەگەڵ کوردی ڕۆژهەڵات. بیرەوەرییەکی ترم هەیە کە هەرگیز بیرم ناچێتەوە؛ لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨١، کاتی گەڕانەوەم لە کوردستانەوە بەرەو ئەورووپا، لە دوای ناوچەی سەردەشت، لە بازگەیەکی پشکنینی ناو ئێران، کەوتنە پشکنینی لەشم و لەناو جلەکانم (جلی کوردیی پێشمەرگایەتی) بەرم، منیش دوو نامەی گرنگی (شێخ عزەدین حسێنی)م لەناو جلەکانم شاردبووەوە، کە ئەو دوو نامەیە شێخ عزەدین بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی نووسیبوو دەربارەی ئەو نەهامەتی و چەوساندنەوەیەی ڕژێمی ئێران دەرحەق بە میللەتی کورد دەیکات، نامەکان نەکەوتنە دەستی پاسدارەکان و نەیاندۆزینەوە. لە هەمان جۆری نامە درابوو بە هاوڕێیەک و دۆستێکی نزیکمان بە ناوی (قەرەنی کەریمی) بەداخەوە بەهۆی ئەو نامانەوە، دەستگیرکرا و لەسێدارەیاندا.

**+ ئایا هیچ بیرەوەرییەکی خۆتت تۆمار نەکردووە؟**

– نەخێر، بەداخەوە هیچم نەنووسیوە، هەرچەندە زۆر کەس داوای لێکردووم و نەمکردووە، هەستدەکەم کارێکی ئاسان نییە. دەمەوێت شتێک بڵێم؛ دەزانم من بووبووم بە نموونەیەکی جوان بۆ ژنانی کورد، ژنێکی سویدی پێشمەرگە بوو، کە ئەوسا پێشمەرگەی ژن زۆر کەمبوون و تەنها چەند ژنێکی لێ بوو.

**+ چۆن توانیت خۆت لەگەڵ کولتووری کوردیی کە زۆر جیاوازە لەگەڵ کولتووری ئێوە، بگونجێنی؟**

– لە سەرەتاوە هەندێک کتێبم لەسەر کۆمەڵگەی کوردی و لایەنی کولتووری و دابونەریتتان خوێندبووەوە، بەلاملەگەڵ ئەوەشدا

هەندێک ڕەفتار بەلامەوە نامۆ بوو، بۆ نموونە؛ هەندێک پیاوی موحافیزکار و ئایینی هەبوون، ئامادەنەبوون تەوقە لەگەڵ ژندا بکەن، بەتایبەتی من لە کۆمەڵگەیەکی یەکسانخوازەوە هاتبووم و ئەم ڕەفتارەم بەلاوە پەسەند نەبوو. هەرچەند عومەر هۆکارەکەی بۆ شیکردمەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەرامبەر برادەرە بەرپرسەکانی ناو یەکێتیی، ڕەتمکردەوە و بە جیاکاری و بەکەم سەیرکردنم پێناسە کرد.
شتێکی خۆشتریش؛ کاتێک مام جەلال و عومەر و هێرۆ خان و من بچووینایە بۆ ناوچەیەکی تر، یان سەردانێک، مام و عومەر ئێمەیان پێش خۆیان دەدا، دەمبینی هەندێک لەو پێشمەرگانەی لەگەڵماندا دەهاتن، بە هێمنی و نهێنیی پێکەنینیان بەو جۆرە ڕەفتارە دەهات، کە چۆن دەبێت ئێمە لە پێش ئەوانەوە بڕۆین. ئەوانی تر لەسەر ژیانی ڕۆژانەمان بوو، ژیان لەوێ زۆر سادە و ساکار بوو. لەناو چادر، یان ژوورێکی قوڕ دەژیاین، خواردنەکان تەنها چەند جۆرێکی دووبارەبوون، چواردەورمان پڕبوو لە (ڕشک و ئەسپێ و دووپشک و مار و مشک) کە بەلامەوە تا ڕادەیەک ئاسان نەبوو.

**+ کۆتا قسەت دەربارەی پرسی کورد؟**

– بەلامەوە پرسێکی زۆر حەق و ڕەوایە، ئەم نەتەوەیە زۆری چەشتووە و مەینەتیی زۆر بینیوە لەپێناو بەدەستهێنانی مافەکانیان و مافە دیموکراتییە سەرەتاییەکانیان، زۆریان قوربانیی داوە لەپێناو ئازادی و سەربەخۆیی و زۆری خایاندووە. بەلامەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بزووتنەوە و بەرپرسە کوردەکانیش بەرپرسیارێتییان دەکەوێتە ئەستۆ، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە ڕێگای باش و ئاشتییانە بۆ ئەم پرسە گرنگە بگرنەبەر.

منیش لە کۆتاییدا دەڵێم؛ ژیان بۆ هیچ کەس هەتا سەر نییە، تا بکرێت بە دوای ئاشتی و ئاشتەوایی و بەیەکەوەژیان عەوداڵ بین، گفتوگۆی ئاشتییانە، کردنەوەی باوەشی خۆشەویستیی، ڕق

بەلاوەنان، تا ئاشتیی هەبێ ژیان ئاسوودەیە. پێکەوەژیانی بە ئاشتیی، وا لە من و تۆ و ئەم و ئەو دەکات ببین بە پارچەیەک لە هەستی گەرم لە باوەشی زستانێکی سارد، لە هەر کوێیەک خۆشەویستیی هەبوو بڕۆین بۆی، دوورکەوینەوە لە چاڵهەڵکەندن و رق بڵاوکردنەوە. ئەمە گفتوگۆی من و ئەگنێتا بوو سەبارەت بە رۆژانی سەختی خەبات و ژیان.

**سەرچاوە:**

لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ، رۆژی ٢٠١٩/١١/٢٤ بڵاوبۆتەوە.

# لە سکرتێرەوە لە ستۆکهۆڵم
# بۆ پێشمەرگە لە کوردستان

**سازدانی: پێتەر برێت**


just nu 11/1 1982

Nya tider

*Från sekreterare i Stockholm till gerillasoldat i Kurdistan*

## "Viktigt slåss för ett sviket folk"

**— När flygplanen kom igen i en andra anfallsvåg med raketer så blev jag irriterad, för dom störde mig i mina sysslor. Jag var på väg tillbaka till disken i bergsbäcken.**

**Agneta Sheikmous, Hédi Kling, 38 år och uppvuxen i borgerlig miljö i Stockholm, berättar om sitt liv med gerillan i Kurdistan som om det vore en fullkomligt självklar och ganska vardaglig sak.**

Lerhyddor

Skulle inte tveka

Små gossar

Lämnade allt

Två döda

Helikopter

Nattetid

Regeringen faller

Viktoria


VIVO
JULGRANSPLUNDRING!
GÖR TÅRTAN SJÄLV
TÅRTBOTTNAR SKOGAHOLM (9:10) 6.90
ANANAS krossad DEL MONTE, 383 g (3:85) 3.45
VISPGRÄDDE ARLA, 3 dl (7:62) 6.75
Priserna gäller så långt lagret räcker, dock längst t.o.m. lördag

Färgkort av DIA?
- Tag chansen, sök i bild-arkivet och låt oss göra...
DIA-kopior
i format 9x9 eller 9x13
ord. pris 3:20
NU 1.98
expert

”دوای ئـەوەی فڕۆکەکان بۆ جاری دووەم هاتنەوە، بە موشەک بۆردومانمان بکەن، زۆر تووڕەبووم، چونکە بەردەوام ئیزعاجیان دەکردم، من کاری ڕۆژانەی خۆم دەکرد، ئەوکاتە لە ڕێی کانی دەهاتمەوە و کەلوپەلەکانم شوشت بوو“.

ئەگنێتا شێخمووس ”پێشتر ئەگنێتا کلینگ“بوو، ٣٨ ساڵە و لە خانەوادەیەکی بورجوازی لە ستۆکهۆڵم پەروەردە بووە، بەو شێوەیە ژیانی ڕۆژانەی لەگەڵ پێشمەرگە لە کوردستان بە شێوەیەکی سروشتی و ئاسایی وەسف کرد.

پێش دوو ساڵ لەمەوبەر ئەو بە شێوەیەکی ئاسایی لە سوید دەژیا، بەڵام دوایی بڕیاریدا واز لە کاری سکرتێری لە نووسینگەیەکی پارێزەران بێنێت، ماڵەکەی جێهێشت و هەموو پەیوەندییەکانی لەگەڵ سوید بڕی.

ئەو لە سەرکردایەتی پێشمەرگە لە شاخ لە کوردستانی عیراق دەژی، لە نزیک سنووری ئێران، فێری بەکارهێنانی چەکی کلاشینکۆف بوو ”چەکێکی کلاسیکی پێشمەرگەیە“. وەک لە وێنەکەیدا دیارە دەمانچەی پێیە. دەڵێت: ”من بە هیچ شێوەیەک گومانم نیە، ئەگەر ڕووبەڕووی هێرش ببینیەوە، دەتوانم چەک بەکاربێنم و باوەڕم وایە بە شێوەیەکی باش ئامانج دەپێکم.

ئەو باوەڕی وایە مادام لەگەڵ پێشمەرگە دەژی ئاساییە کە چەکدار بێت، هەروەها دیسان ئاساییە کە تەققەش بکەیت، ئەگەر ژیانی خۆت یاخود ژیانی هاوڕێ پێشمەرگەکانت ڕووبەڕووی خەتەر ببێتەوە، ئەو باوەڕی وایە ئەو هەڵسوکەوتە شتێکی لۆژیکی و ئاساییە، ”ئەو هەڵوێستە بە شێوەیەکی سروشتی گۆڕانکاری بەسەردادێت“.

پێش سێزدە ساڵ لەمەوبەر عومەر شێخمووس-م ناسی، ئەو ساڵی ١٩٦٨ لە ئینگلتەرا هاتبووە سوید، ئەو لە وڵاتی

خۆیەوە بۆ ئینگلتەرا سەفەری کردبوو، دوای ئەوەی لەوێ حوکمدرابوو، چونکە لە حزبێکی نهێنی کوردی چالاک بووە، ”ئەوکاتە تەمەنی حەڤدە ساڵ بووە“، دوای ئەوەی لە بەریتانیا خوێندن تەواو دەکات، لەوێ مافی پەنابەرێتی پێنادەن، بەڵام سوید مافی پەنابەرێتی پێدەدات، عومەر زانستی سیاسی لە زانکۆی ستۆکهۆڵم خوێندووە، ئەو لە زانکۆ مامۆستا بوو، ساڵی ١٩٧٨ شۆڕشی کورد داوای لێکرد بۆ وڵات بگەڕێتەوە.

”چوار ساڵ بوو، ژیانی هاوسەریمان پێکهێنابوو، کە عومەر لە هاوینی ١٩٧٩ بۆ ماوەیەکی کورت بۆ وڵات چوو، لە چاوەڕوانیدا دوودڵ و ماندوو بووم، ئایا چی بەسەر هاتووە، ئیتر لە کانوونی دووەمی ١٩٨٠ بڕیارمدا لەگەڵی بڕۆم و هەموو شتێک لە سوید بەجێبهێڵم، پێش ئەم سەفەرەش بە ماوەیەکی درێژ بەشداریم هەبوو لە کارە سیاسییەکاندا لەگەڵ عومەر، ئەمجارە دەمویست بە فعلی بەشداری بکەم. گەلی کورد چەندان سەدەیە بە شێوەیەکی زۆر خراپ دەچەوسێتەوە و چەندانجار بێ ئومێد کراوە.. هەر بۆیە بە بۆچوونی من خەباتکردن لە پێناوی مافەکانی گەلی کورد مەسەلەیەکی گرنگە.

بە قسە و جلەکانی ئەگنێتا دیارە، ئەو لە دەوروبەرێکی بورجوازی پەروەردە کراوە، باوەڕموایە ئەمە بە جۆرێک، کێشەیەکی غەریبە، ئەو لە دەوروبەرێکی بەوجۆرە لە دایک بووە و دۆخەکان فێریان کردووە، کە زۆر رادیکالانە بیر بکاتەوە.

”بەڵێ ئەزموونێکی گرنگ و زۆر بەسوودە، کە مرۆڤ لەگەڵ خەڵکی گوندە بچووکەکان لە کوردستان بژیت، ژیانی راستەقینەیان ببینێت، روانینیان بۆ رزگاری بۆتە شتێکی ئاسایی، بە تایبەتیش مرۆڤ، کە ئەو چەوسانەوە توندە بەرامبەریان دەبینێت“.

ئەگنێتا دەڵێت: راستە گۆڕانکارییەکی سەختە لە ژیانی سویدەوە بۆ ژیان لەگەڵ پێشمەرگە و گوندییەکانی ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان، بەڵام دوای ماوەیەکی زۆر کورت مرۆڤ لەگەڵ ئەو ژیانە رادێت.

"ئێمە لە خانووی قوڕ دەژیاین، ئاوێکی زۆر هەبوو، بارەگای سەرکردەکان لە رووبەرێکی فراواندا دابەش ببوون، تا بۆردومانی فڕۆکەکان کاریگەرییان نەبێت، هەر بارەگایەک خۆی بەرپرسی زەخیرە و خواردن بوو، پێشمەرگە بە نۆرە چێشتیان لێدەنا، بەڵام هەندێکجار خۆمان خواردنمان بۆ خۆمان ئامادە دەکرد، بە تایبەتیش ئەوکاتەی کە لە خواردنی برنج و سەوزەوات بێزار دەبووین، زۆبەی خواردنەکان لە قاپی پلاستیک یاخود فافۆن دەکران، قاپەکان لەسەر کانی بە نۆرە دەشۆردران.

"زۆربەی بارەگاکان حەمامی بچووکیان لە بەرد و قوڕ دروست کردبوو، خۆمان ئاومان گەرم دەکرد، ئەمەش شتێکی غەریب نیە".

ئەگنێتا دەڵێت؛ کە گەیشتۆتە بارەگاکانی سەرکردایەتی لە کوردستانی عیراقدا پێنج ژن لەوێ بوو، بەڵام کە ئەوێ جێدێڵێت ژمارەیان دەبێت بە ٨٠ ژن. عومەر ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان-ە، خەباتی چەکداری دەکات بۆ رووخانی رژێمی سەربازیی و دیکتاتۆری لە بەغدا، تا رژێمێکی دیموکراتی لە عیراق بێتە سەر دەسەڵات و لە سایەیدا کورد بە مافی ئۆتۆنۆمی بگات، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان حەوت ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەیە، سێ کەسیان زانستی سیاسیان خوێندووە، یەکێکیان پارێزەرە، هەموویان کۆکن لەسەر مافەکانی ژنان، بەڵام پێشمەرگەکان زۆربەیان جوتیارن و بۆچوونیان بەرامبەر بە بە ژن کلاسیکییە، تا ئێستاش وادەزانن ژن

هاوڵاتی پلە دووە، هەر بۆیە بەهیچ شێوەیەک تەوقە لەگەڵ ژن ناکەن، ئەمەش کارێکی ئیزعاجکەرە، کە وابزانی بەرامبەرەکەت فەرامۆشت دەکات، ”ئەمەش جیاکارییە بۆ ژن“، هەربۆیە لەگەڵ ژنەکانی تردا بڕیارماندا لەوێ ڕێکخراوێک درووست بکەین و داوای مافەکانمان بکەین.

عومەر پێدەکەنێت و ئەوە باس دەکات، کە چۆن ژنەکان تۆڵەیان لێکردوونەتەوە و داوای شوێندەستی خۆیان کردووە لە شۆڕشدا. ئەوان بە پۆزەتیڤ وەڵامی داواکەیان داوەتەوە و ئەرکیان لە نەخۆشخانە و چاپخانە و سکرتاریەت پێسپاردوون، بەڵام دوای ماوەیەک لەسەر بڕیاری خۆمان بۆ کاروبارەکانی ماڵ گەڕاینەوە، بە تایبەتیش دوای هاتنی منداڵەکان، بەڵام ئاماژەی بەوەدا، هیوادارە، کە ژنان بە شێوەیەکی جدی خۆیان ڕێکبخەن و لەپێناوی مافەکانیان خەبات بکەن.

سوپای عیراق ساڵی ١٩٧٨ و ١٩٨٠ هەوڵیدا بارەگای سەرکردایەتی بگرێت، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. لە تەمووزی ١٩٨٠ بە شێوەیەکی دڕندانە بۆ ماوەی سێ کاتژمێر لە ڕێگای هەشت فڕۆکەی رووسی بە بۆمب و موشەک بۆردومانی بارەگاکانی کرد، دوای ئەمە بە بیرم نایەت، کە هێرشی تری کردبێت.

”ژنەکانی تر لە کونە فڕۆکە بوون، منیان راکێشا تا لە بۆردومانەکە پارێزراوبم، بەڵام من خۆم لەسەر زەوی درێژ نەکرد، چونکە دەمویست سەیری فڕۆکەکان و بۆردومانەکانیان بکەم“ ئەگنێتا بە سەرسامییەوە ئەو رووداوە دەگێڕێتەوە و بە هیچ شێوەیەک ناترسێت“.

سوپای عیراق، لە ئەنجامی جەنگی بەردەوامیان لەگەڵ ئێراندا زۆر لاواز بووە، هەروەها مەعنەویاتیان رووخاوە. ژمارەی سوپای عیراق لە هەشتا هەزار سەرباز، بۆ بیست و چوار هەزار

سەرباز لە کوردستاندا کەم بۆتەوە، لە رەبایە عاسێکان لەسەر خاڵە ستراجییەکاندا دیسان کەم ببوونەتەوە. زۆربەی دێهاتەکان لە کوردستاندا لەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەیە، سوپای عیراق بۆ جولە و جێگۆڕکێیان هێلیکۆپتەر بەکاردەهێنن، هێزی بەرەنگاری بە تایبەتیش هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە شێوەیەکی دیار ژمارەیان زیادیکردووە، ئەمەش دوای ئەوەی سوپای عیراق لە جەنگدا لەگەڵ ئێران لاواز بووە.

"ئێمە ئێستا لەناوچە دەشتاییەکانیشدا چالاکیین (خوارووی هەولێر و خوارووی کەرکوک)، لە هەموو شارەکانی کوردستانی عیراقدا، رۆژانە ٤-٥ چالاکی لە هەر شارێکدا ئەنجام دەدرێت، سێ بەشی رووبەری کوردستانی عیراق لەژێر دەسەڵاتی ئێمە دایە".

پێشتر خەڵک بە نهێنی لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتدا گوێی لە ئێستگەی رادیکەمان دەگرت، بەڵام ئێستا دەتوانن لە چایخانەی شارەکان و گوندەکانی کوردستانی عیراقدا گوێ لە ئێستگەکەمان بگرن، سوپا و جاشەکانی رژێم لە ئایندەیان دەترسن، بە نهێنی پەیوەندیمان پێوە دەکەن، تا عەفویان بکەین، یاخود پەیوەندی بکەن بە هێزی پێشمەرگە، ئەمەش نیشانەیەکە بۆ لاوازبوونی رژێم و گۆڕانکاریی لە هاوسەنگی هێزدا. لە سەرەتادا سوپای ناشەعبی ژمارەیان نزیکەی ١٧٠٠٠ هەزار کەس بوو، ئێستا هەر سێ هەزار کەس دەبن.

بەمدواییە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چەند بەڵگەنامەیەکی نهێنی دەزگـای ئەمنی عیراقی دەستکەوت، دەیسەلمێنن کە یەکێتیی کۆنترۆڵی شارەکانی کردووە، لە راپۆرتەکەدا فەرمان بە فەرمانبەران و سەربازەکان دەکـات، کە بەشەو هاتوچۆ نەکەن، بەڕۆژیش بە شێوەی کاروان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بچن، هەروەها راپۆرتەکە ئاماژە دەدات بە چەوساندنەوەی توند دژی کورد و دەستگیرکردنی خانەوادەی پێشمەرگە.

هەر لە ساڵی ١٩٧٦- تا ئەمڕۆ ٩٠٠ ئەندامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سێدارەدراون، تەنیا لە ئەیلولی ١٩٨١دا ١٤٠ ئەندامی تری یەکێتیی لە زیندانەکانی موسڵ و ئەبوغرێب لە سێدارەدراون.

بەرەیەکی نیشتمانیی نەتەوەیی دیموکراتی هەیە، کە لە رێکخستنی جیاواز پێکهاتووە، وەک؛ شیوعی، کورد، سۆسیالیست، عەرەب و بەعسییە ئۆپۆزسیۆنەکان، هەروەها ئۆپۆزسیۆنێکی مەزهەبیش دژی رژێمی سەربازیی سەدام حوسێن هەیە.

عومەر شێخمووس باوەڕی وایە، کە رژێمی ئێستا بەمزوانە دەڕوخێت، هیوادارە "جەوقەد" دەسەڵات وەربگرێت و سیستەمێکی دیموکراتی پێرەو بکات، بەڵام ئەگەری روودانی کودەتایەکی سەربازیش لەناو سوپادا هەیە، ئەگەری سێیەمیش بریتییە لە "بە لوبنانکردنی عیراق" دۆخەکەی وەک لوبنانی لێ بێت، واتە عیراق رووبەڕووی شەڕێکی ناوخۆ لە نێوان هێزە چەپ و هێزە مەزهەبییەکان ببێتەوە ( ئەمەش دوای رووخانی رژێمی سەدام).

"ئەمەو من نیگەرانم لە رێککەوتنی نێوان عیراق و ئێران و وەستانی جەنگ بەبێ چارەسەرکردنی کێشەی کورد. ئەگەر ئولف پاڵمێ وەک نێوەنگیر ئەو کارە بکات، ئەوە دەبێتە یارمەتیدەر بۆ مانەوەی دوو رژێمی دیکتاتۆری لە جیهاندا، ئەمەش لەسەر حیسابی گەلی کورد دەبێت. دەوروبەری نۆ ملیۆن کورد لە هەردوو وڵاتەکەدا هەیە، بەبێ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، ئەگەر هەر ئاشتبوونەوەیەک لەنێوان ئەو دوو وڵاتە بکرێت، ئەوە نابێتە ئاشتییەکی راستەقینە".

**سەرچاوە:**

**لە رۆژنامەی DAGENS NYHETER سویدی، رۆژی ١٩٨٢/١/١١ بڵاوبۆتەوە.**

# ئەو ژنە سویدییەی
# ”ناوزەنگ“ی کردە ماڵی خۆی

**سازدانی: شەپۆڵ فاخیر مێرگەسۆری**



ئەگنێتا ساڵی ١٩٦٨ پاش ئەوەی مامۆستا و کەسایەتی ناسراوی کورد هۆمەر شێخمووس-ی ناسی، ئیتر کورد و کوردستان بووە بەشێک لە ژیانی و رۆژ بە رۆژیش خۆشەویستی گەلی کورد لەلای ئەو خانمە ئێسک سوک و دڵسۆزە قوڵتر دەبێتەوە.

خانم ئەگنێتا پاش ئەوەی شووی بە هۆمەر شێخموس کرد، زیاتر لە مەسەلەی کورد نزیک بووەوە، تا سەردەمێک لەگەڵ هاوسەرەکەی بۆ ماوەی ٨ مانگ لەسەرەتای هەشتاکاندا چووە خڕی ناوزەنگ و لەنزیکەوە بەشداری لەژیانی پێشمەرگایەتی کرد. ماوەیەک بوو دەمویست لەنزیکەوە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵدا بکەم لەو دەرفەتەی بۆم رەخسا توانیم خاتوو ئەگنێتا بێنمە قسە و بڵێ:

لە ساڵی ١٩٦٨ هۆمەرم ناسی ئەوکاتە زۆر زۆر کەمم دەربارەی کورد دەزانی، چونکە ئەوێ دەمێ تەنها پێنج کورد لە سوید هەبوون ئەویش بۆ خوێندن هاتبوون، ئەوانی تریش هەمووی کوردی تورکیا بوون بۆ کارکردن هاتبوون. وردە وردە هۆمەر باسی کورد و کوردستانی بۆ دەکردم و منیش زیاتر لە مەسەلەکە دەگەیشتم. لە راستیدا ئەو پێنج کوردەی بۆ خوێندن هاتبوون و پەنابەربوون رۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە ناساندنی کێشەی کورد بە کۆمەڵی سویدی، تاوای لێهات ئێستا کورد و مەسەلەکەی شتێکی زۆر ناسراوە لەناو کۆمەڵگەی سویددا.

زۆرجار لەگەڵ ئەو پێنج کوردەدا بۆ رێپێوان لە بۆنەکاندا پێکەوە دەبوین، لە رۆیشتندا من لەلای راست و ئەوان لە لای چەپ دەڕۆیشتن.

لەساڵی ١٩٧٥ کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزرا، هۆمەر یەکێک بوو لە دامەزرێنەرەکانی، بۆیە ئەو خاڵە وەرچەرخانێکی گەورە بوو بۆ من، کە زیاتر لە مەسەلەی کورد نزیک ببمەوە بە تایبەت دوای ئەوەی کە رۆژنامەیەکمان بە ناوی ذ سپارک THE SPARK بە زمانی ئینگلیزی بۆ مەسەلەی کورد دەردەکرد.

**پ؛ سەرەتای ناسینت لەگەل هۆمەر شێخمووس چۆن بوو؟**

و؛ لە راستیدا هۆمەر بۆ خوێندن هاتبوو بۆ سوید، بەڵام چونکە حەزی لە زمانی سویدی نەدەکرد، دەیوست بچێتە وڵاتێکی تر. من ئەوم هەر لە ساڵی یەکەمەوە ناسی، بەڵام بە زمانی ئینگلیزی قسەمان دەکرد، دواتر بڕیاریدا، کە لە سوید بمێنێتەوە.

**پ؛ کەواتە کاک هۆمەر لەبەر تۆ لە سوید مایەوە؟**

و؛ (بەپێکەنینەوە) بەڵێ من وام لێکرد لێرە بمێنێتەوە.

(ساڵی ١٩٧٨ هۆمەر شێخمووس بۆ سێ هەفتە گەڕایەوە کوردستان، بۆئەوەی لە کۆبوونەوەیەکی گرنگ بەشداربێت، کەچی وەکو خاتوو ئەگنێتا گوتی؛ ئەم سێ هەفتەیە بوو بە ٧ مانگ تا لە پڕێکا دەنگی هۆمەرم لە تاران گوێ لێ بوو، گوتی؛ ئەوا دەگەڕێمەوە بۆئەوەی بە یەکجاری لە سوید بمێنمەوە).

**پ؛ ئەی چۆن دوایی رای خۆی گۆڕی؟**

و؛ پاش ئەوەی گەڕایەوە سوید پاش ماوەیەک رای خۆی گۆڕی، گوتی؛ دەگەڕێمەوە کوردستان، بۆیە منیش بڕیارمدا لەگەڵیدا بچم، ئەوە بوو لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٨٠ چووم بۆ کوردستان و تا ناوەڕاستی مانگی تەمموز لەوێ مامەوە، جارێکی تریش لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٨١ چوومە کوردستان و تاکو مانگی ئاب من و هۆمەر پێکەوە بووین، دواتر لە ئێران لەسەر مەسەلەی فیزا چەند هەفتەیەک لە تاران گیرمان خوارد. (لەسەرەتای هەشتاکاندا دۆڵی خڕی ناوزەنگ و نۆکان مەڵبەندی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و چەند حزبێکی تری عێراقی و ئێرانی بوون، بۆیە زۆر کەس بە دۆڵی حزبەکان، یان دۆڵی پێشمەرگەکان ناویان دەبرد).

خاتوو ئەگنێتا لە کۆمەڵێکی هێمن و پێشکەوتووی وەکو سویدەوە یەکسەر بەرەو ناوزەنگ بەڕێکەوت، دەربارەی سەرەتای ژیانی پێشمەرگایەتی لەوێ دەدوێ:

لە راستیدا هۆمەر زۆر بە وردی باسی ژیانی پێشمەرگایەتی بۆ کردبووم، بۆیە لە رووی تیۆرییەوە هەموو شتەکان لام روون بوو، بە تایبەتی سەختی ژیان و نەبوونی خواردن و سوتەمەنی و هاتوچۆ..هتد. ژیانی ناوزەنگ و ژیانی سوید جیاوازیان وەکو شەووڕۆژ وابوو.

**پ؛ یەکەم رۆژی گەیشتنت بۆ ناوزەنگ چۆن بوو؟**

و؛ بەرلەوەی بەرەو ناوزەنگ بەڕێبکەوین، من لەگەڵ د. فوئاد مەعسوم بە سواری وڵاغ و هۆمەر و ئەوانی تریش بەپێ لە مەهابادەوە بەرەو ناوزەنگ بەڕێکەوتین. لەرێگە خەڵکێکی زۆرمان دەبینی و سەلامیان لێ دەکردین و وەڵاممان دەدایەوە، هەر لە یەکەم رۆژی گەیشتنم بۆ ناوزەنگ تا دوو مانگ ئەژنۆم ژانی دەکرد، چونکە لەکاتی جل و قاپ شوشتندا ئەبوو بە چیچکانەوە دابنیشیت، کە ئەوەش بۆ من زۆر سەخت بوو.

**پ؛ ژنی تر لەوێ بوون؟**

و؛ هێرۆ و نەرمین و روناک و ژنێکی تر کە ناوەکەم لەبیر نەماوە لەوێ بوون. سەرەتا لەگەڵ هێرۆدا برادەرایەتیم دروست کرد، دواتر رۆژ بە رۆژ پەیوەندیم لەگەڵ ئەوانی تر خۆش بوو و برادەرایەتیم دروست کرد. سەرەتا ئێمە پێنج ژن بووین، بەڵام لە هاوینی ساڵی ١٩٨١ ژن و منداڵ و خێزانی تر هاتنە ناوچەکە.

**پ؛ دوای گەڕانەوەت لە ناوزەنگ چ گۆڕانکاریەکت بەسەردا هاتبوو؟**

و؛ من بۆ خۆم ژنێکی لاوازم، لەناوزەنگ پێنج کیلۆم کەمکردبوو، کە گەڕامەوە سوید لە ئاوێنە سەیری خۆم دەکرد، وام دەزانی لە ئۆردوگا زۆرەملێکانی جولەکەکانی سەردەمی هیتلەر گەڕاومەتەوە.

**پ؛ ئەی لە ناوزەنگ فێرە چی بوویت؟**

و؛ پەیوەندیم لەگەڵ ئەو پێنج ژنەی ئەوێ زۆر خۆش بوو، ئەوە بۆ من حاڵەتێکی نوێ بوو، هەروەها لەناوزەنگ نەوشیروان مستەفا فێری چۆنێتی بەکارهێنانی کلاشینکۆف و دەمانچەی کردین، من و هۆمەر، کە شەوان دەنووستین دەمانچەکانمان لەژێر سەرینی خۆمان دادەنا.

**پ؛ ئێستا دەزانی چەک بەکاربێنی؟**

و؛ (بەپێکەنینەوە).. ئەوکاتە دەمتوانی.

لەکاتی قسەکردندا ئەگنێتا گوتی:

من نەمدەزانی فڕۆکە چۆن بۆمبا فڕێ دەدا و شەڕ دەکات، بۆ یەکەمجار، کە فڕۆکە بۆردومانی ناوچەکەمانی کرد، من دەمویست سەیریان بکەم تا بزانم چۆن شەڕ دەکەن، بەڵام دیارە ئەوە شتێکی خەیاڵی بوو، چونکە لەکاتێکدا، کە من لەنزیک (کونە تەیارە)کەوە وەستابووم بۆئەوەی تەماشای فڕۆکەکان بکەم، کە چۆن بۆردومان دەکەن، دوو کەس دەستی منیان گرت و منیان راکێشایە ناو (کونە تەیارە)کە. لەو بۆردومانەدا کەس شەهید یان بریندار نەبوو، هەروەها نەماندەزانی کە فڕۆکەکان هی عیراقن، یان هی ئێرانن، بەڵام جاری دووەم، کە بارەگاکانمان لە تووژەڵە بوو ئەوجارە فڕۆکەی عیراقی بۆردومانی کردین، من و هۆمەر لە خەودا بووین و بوو بە هەراوهۆریا و ئێمەش وەکو خەڵکی تر خۆمان شاردەوە.

**پ؛ ئەی دواتر چۆن ناوزەنگتان بەجێ هێشت؟**

و؛ لە راستیدا بەر لەو هێرشانەی باسم کردن بڕیاردرابوو هۆمەر ببێت بە لێپرسراوی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەوەبوو بە پێی ئەو بڕیارە ناوزەنگمان بەجێهێشت.

**پ؛ کەواتە لەبەر هۆمەر لە ناوزەنگ مایتەوە؟**

و؛ بەپلەی یەکەم بەڵێ، بەڵام لەهەمان کاتیشدا حەزم لێبوو کوردستان ببینم و لە نزیکەوە شارەزای شاخ و دۆڵ و جوانی کوردستان بم.

**پ؛ ئەی بۆچی دوای ڕاپەڕین و ئازادکردنی کوردستانی عیراق تا ئێستا سەردانی کوردستانت نەکردووە؟**

و؛ لە ساڵی ١٩٩٣ هۆمەر گەڕایەوە کوردستان، ئەوکاتە من کارم دەکرد، بۆیە نەمتوانی لەگەڵیدا بگەڕێمەوە. جاری دووەمیش، کە هۆمەر گەڕایەوە کوردستان ئەوکاتە من دەمخوێند. ئەمساڵیش، کە گەڕایەوە بڕیاربوو لە ١٠/١ دەست بەکاربکەم، بەڵام بڕیارە ئەمجارە لەگەڵ هۆمەر بگەڕێمەوە و لە کۆنگرەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەشداربین.

**پ؛ ئەوکاتەی لەناوزەنگ بووی لە کامەیان زیاتر دەترسایت، لە فڕۆکە، یان لە مشک؟**

و؛ لە ڕاستیدا لە فڕۆکە نەدەترسام، چونکە پێشتر نەمبینیبوو، بەڵام لە مشک دەترسام، بۆیە هەر، کە مشکێک بەدیار دەکەوت هاوارم دەکرد و بە پێشمەرگەکانم دەوت وەرن لێرە دووریان بخەنەوە، پێشمەرگەکانیش پێم پێدەکەنین. لە ڕاستیدا لە ماری ژەهراوی زۆر دەترسام، لە هاوینی ١٩٨١ لە ناو خێوەت دەژیاین، مار چووە ناو خێوەتی زۆر لە هاوڕێکانمانەوە، هەروەها دووپشکیش هەبوو، وابزانم جارێکیان دووپشکێک دای بە شێخ دارۆوە.

**پ؛ لەناوزەنگ وەک ژنێکی بیانی مامەڵەیان لەگەڵدا نەدەکردی؟**

و؛ نەخێر، هەروەکو یەکێکی خۆیان تەماشایان دەکردم، بەرلەوەی بڕۆین بۆئەوێ هۆمەر هەوڵیدا فێری چۆنیەتی نووسینی

کوردیم بکات بۆئەوەی شارەزایی لە دەنگەکان پەیدا بکەم. دواتریش نەرمین و ژنەکانی تر بە زمانی ئینگلیزی قسەیان لەگەڵ دەکردم و بۆئەوەی ئینگلیزییەکەیان بەهێز بێت، هێرۆ بەڵێنیدا، کە فێری زمانی کوردیم بکات، بەڵام لەوکاتەدا وا ڕێکەوت لەگەڵ مام جەلال سەفەری دەرەوە بکات.

**پ؛ چ یادگارییەکی خۆش و سەیرت دەربارەی ژیانی ئەوێ ڕۆژێ بە بیرماوە؟**

و؛ لە ڕاستیدا زۆر یادگاریم هەیە لەوانە، جارێکیان هۆمەر کۆبوونەوەی هەبوو لە مەهاباد، منیش لەگەڵی چووم بۆئەوێ هەندێک شت بکڕین، من سواری گوێدرێژیک بووم، لە کاتی گەنجێتیمدا لە سوید سواری ئەسپ بووبووم، بەڵام سواربوونی کەر بۆ من شتێکی نوێ بوو، بە تایبەتی، کە گوێدرێژ بەوە ناسراوە کەللە ڕەقە و بە کەیفی خۆی دەڕوات، لە ڕێگادا تووشی شوێنێکی هەزار بە هەزار بووین، کە سەیری خوارەوەم دەکرد ژیانم لە جەستەم نەدەما، قەت لەو باوەڕەدا نەبووم ڕزگارم بێت، کەچی کەرەکە وەک نەبای دیبێ و نە باران زۆر بە ئاسانی لە شوێنەکە چووە خوارەوە. جارێکی تریش چووینە مەهاباد، لەمێژ بوو لە شوێنێکی خۆش نەخەوتبووین، ئێمەیان بردە شوێنێک بۆ خەوتن گوتیان ئەوە کاتی خۆی شا لێرە خەوتبوو، ئەمەش یادگارییەکی خۆش بوو لەبیری ناکەم.

**پ؛ ئەی یادگاری ترت لەبیر نەماوە؟**

و؛ جاروبار ئاغاکانی دەوروبەر دەهاتنە لای هۆمەر، جارێکیان وا ڕێکەوت، کە من بۆخۆم ڕاستەوخۆ قسەیان لەگەڵدا بکەم، کە ویستم تەوقەیان لەگەڵدا بکەم، ئەوان تەوقەیان نەکرد، لەبەر ئەوە گوایە من ژنم، زۆر دڵم بەو ڕەفتارە تەنگ بوو، هۆمەر هەوڵیدا

قەناعەتم پێ بکات، کە ئەوە دابونەریتی لادێیە لە ناوچەکەدا، بەڵام من هەر قەناعەتم نەکرد. کاتێک هۆمەر قسەی لەگەڵ هەردوو ئاغاکە کرد یەکێکیان رازی بوو، کە تەوقەم لەگەڵ بکا، بەڵام ئەویتریان هەر تەوقەی نەکرد، ئەوەشم لە یاد ناچێت.

**پ؛ چیرۆکت لەگەڵ ئەسپێ چییە؟**

و؛ پاش هێرشی فڕۆکەکانی عێراق بۆسەر بارەگاکانمان، ئێمە ژنەکان چووینە لادێ خەوتین، شەوێ لەسەربان خەوتین، بەڵام سەیر لەوەدابوو چارپایەکان چەند تەبەقە بوون، هەریەکەمان لەسەر تەبەقەیەک خەوتین، کە بەیانی هەڵسایین هەموو گیانمان ببوو بە ئەسپێ.

**پ؛ دوا پرسیارمان دەربارەی دوارۆژی کێشەی کوردە، ئایا تۆ گەشبینی بەرامبەر مەسەلەی کورد لە عێراقدا؟**

و؛ ئاسان نیە وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە، چونکە کاتی خۆی هۆمەر دەیگوت سەدام زۆری نەماوە، کەچی ساڵی ٢٠٠٠-یش تەواو بوو سەدام هەروەکو خۆیەتی، هیوادارم کورد بە مافەکانی بگات، چونکە شایستەی هەموو شتێکە.

زۆر سوپاست دەکەین

منیش سوپاسی ئێوە دەکەم

**سەرچاوە؛**

لە گۆڤاری خاک، ژمارە ٤٢، رۆژی ١٠ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٠ بڵاوبۆتەوە

## ڕۆژنامەیەکی فەڕەنسی؛

# ئەگنێتا شێخموس،
# پێشمەرگەیەکی سویدی لە کوردستان

**سازدانی: گیلبەریە فاڤرە**



mefemmefemmefemmefemmefem

PAR CLAUDE LANGEL

AGNETTA SHEIKMOUS

**Une Suédoise « peshmerga » au Kurdistan d'Irak**

**Voilà treize ans, une jeune Suédoise prénommée Agnetta est secrétaire à l'administration de l'Université de Stockholm, lorsqu'elle y rencontre un Kurde de Syrie qui étudie assidûment les sciences politiques. Il s'appelle Omar Sheikmous. Quelques années plus tard, c'est le mariage. Omar devient assistant à la Faculté des sciences politiques de Stockholm. Il est attaché à la Suède et parle le suédois comme un Suédois. Lui et sa femme y auraient sans doute coulé de longues années paisibles, sans l'événement qui fit basculer leur destin : la reddition du mouvement de Barzani, au Kurdistan d'Irak.**

Agnetta Sheikmous a quitté le confort et la sécurité de la Suède pour suivre son mari au Kurdistan d'Irak où elle mène la vie d'une authentique « peshmerga ».

Omar est engagé depuis sa plus tendre enfance dans le mouvement nationaliste kurde et, comme la plupart des Kurdes d'Europe, il a beaucoup de peine à admettre la capitulation de Barzani. En 1975, avec Jalal Talabani, il sera l'un des fondateurs de l'Union patriotique du Kurdistan.

En décembre 1978, seul, il part pour le Kurdistan d'Irak afin d'y rejoindre ses camarades qui mènent la guérilla. Il comptait y rester un mois. Les circonstances font qu'il y demeurera six mois avant de retourner en Suède. En février 1980, c'est avec sa femme Agnetta qu'il repart « pour les montagnes ».

— **Je m'en souviendrai toujours,** raconte Agnetta. **Nous sommes arrivés au Kurdistan le jour de mon anniversaire.**

### Perpétuellement armés

Depuis lors, Agnetta Sheikmous porte l'uniforme des « peshmergas » (« ceux qui vont au-devant de la mort »). Elle a appris le kurde... et aussi à manier des armes (le revolver aussi bien que la Kalachnikov). Son rôle consiste à seconder son mari, qui est membre du bureau politique de l'UPK, à dactylographier et à traduire des textes. Il lui arrive aussi d'aider à l'hôpital. Enfin, il lui paraît important d'élaborer des structures qui permettraient d'organiser les femmes kurdes et elle y travaille.

Agnetta et Omar Sheikmous vivent, parmi beaucoup d'autres « peshmergas », dans une zone montagneuse, sur territoire irakien, à la frontière iranienne. Chaque famille et chaque couple dispose d'une tente. En hiver, tous les « peshmergas » bénéficient du confort — pas aussi douillet qu'en Suède — d'une maison en dur équipée d'eau courante, d'électricité et d'une salle de bains. Jour et nuit, hommes et femmes (il n'y en a que huit, dans cette région, et Agnetta est la seule Européenne) sont perpétuellement armés.

— Lorsqu'on vient de Stockholm et qu'on s'installe dans une région comme celle qui est la vôtre, aujourd'hui, qu'est-ce qui est le plus difficile, au début ?

— **Les détails de la vie quotidienne,** répond Agnetta. **Trouver de l'eau chaude pour faire sa toilette, pour la lessive. J'ai aussi eu quelques problèmes avec mes jambes car, ici, tout se passe au niveau du sol. On s'assied par terre, on mange aussi sur des tables basses. J'ai dû m'y habituer.**

— Comment avez-vous été acceptée par les « peshmergas » ?

C'est son mari qui répond :

— **Elle a gagné le respect et l'admiration de chacun. Parce qu'elle a pris fait et cause pour nous et qu'il n'y avait aucune raison qu'elle le fasse, en qualité d'Européenne et en qualité de femme.**

### Savoir y croire

— N'avez-vous jamais eu peur ?

— **Non, jamais. A la première attaque, en juillet 1980, huit avions irakiens vinrent nous bombarder. Cela dura plus de trois heures. A chaque attaque, les avions lançaient deux bombes. Puis ce fut des roquettes et des balles. Il y eut deux tués et huit blessés. Jusqu'à ce jour-là — c'était du temps du shah — les Irakiens venaient une ou deux fois par mois.**

— Et maintenant ?

— **Depuis la guerre irako-iranienne, nous ne vivons plus dans l'insécurité quotidienne. Les Irakiens ont d'autres soucis. Mais les avions irakiens et iraniens doivent survoler notre région pour aller se combattre.**

— Vous sentez-vous Suédoise ou Kurde ?

— **Quand je suis là-bas, dans les montagnes, je me sens plutôt Kurde. Je crois à la lutte du peuple kurde. Je la partage et je l'ai décidé moi-même. Quand j'ai quitté la Suède, je savais ce qui m'attendrait, là-bas. Je prévoyais les difficultés et les dangers.**

— Dans « vos montagnes », vous partagez l'idéal de votre mari et d'un peuple que vous avez adopté. N'y ressentez-vous jamais la nostalgie de la Suède, d'une certaine vie culturelle ?

— **Parfois... Mais j'ai emmené des livres avec moi. Un certain nombre de livres d'actualité et aussi « Les Hauts de Hurlevent » et « Guerre et Paix », qui est mon favori. J'écoute de la musique kurde et de la musique classique car nous parvenons à entendre la radio suédoise, dans nos montagnes... Je ne m'ennuie jamais. Je passe généralement mes soirées à dialoguer avec mon mari car il est plutôt occupé pendant la journée.**

— Combien de temps resterez-vous au Kurdistan ?

— **Je ne sais pas,** répond Agnetta. **Cela dépendra des circonstances. J'y resterai tant que mon mari y sera même si c'est difficile...**

**Longue silhouette élégante, Agnetta Sheikmous est repartie vers ses montagnes. Demain, elle aura revêtu l'uniforme de ceux qui, comme elle, combattent pour avoir le droit d'être eux-mêmes.**

**Dans son regard bleu, j'ai vu du courage et de la détermination. Et du bonheur.**

Gilberte Favre

پێش سێزدە ساڵ، کچێکی سویدیم بەناوی ئەگنێتا ناسی، سکرتێری کارگێریی بوو لە زانکۆی ستۆکهۆڵم، گەنجێکی کورد لە سوریا بەناوی عومەر شێخمووس لە زانستی سیاسی لە زانکۆی ستۆکهۆڵم دەیخوێند، دوای چەند ساڵێک هاوسەرگیری دەکەن، عومەر دەبێتە یاریدەدەر لە بەشی زانستی سیاسی، لە سوید دەمێنێتەوە، وەک هەر هاوڵاتییێکی سویدی، بە زمانی سویدی قسە دەکات، پێش ئەوەی چارەنووسیان بگۆڕێت، چەندان ساڵ ژیانێکی هێمنیان پێکەوە گوزەراند. عومەر هەر لە مێرمنداڵییەوە پەیوەست بووە بە بزووتنەوەی نیشتمانپەروەری کوردی، پێش هەموو خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا دژی تەسلیم بوونی بارزانی لە ساڵی ١٩٧٥دا هەڵوەستی وەرگرتووە، ساڵی ٩٧٥ لەگەڵ جەلال تاڵەبانی، یەکێکە لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

ساڵی ١٩٧٨ بە تەنیا بۆ کوردستانی عیراق دەچێت، تا پەیوەندی بە هاوڕێیەکانی بکات، کە دەستیان بە خەباتی چەکداری کردبوو، بڕیار بوو تەنیا یەک مانگ لەوێ بمێنێتەوە، بەڵام دۆخەکە وای دەخواست، کە شەش مانگ بمێنێتەوە، ئینجا بۆ سوید بگەڕێتەوە. لە شوباتی ١٩٨٠ لەگەڵ ئەگنێتای هاوسەری بۆ شاخەکانی کوردستان گەڕاوەتەوە، ئەگنێتا دەڵێت؛ باش لەبیرمە ئەو رۆژەی گەیشتین، جەژنی لە دایک بوونم بوو.

هەر لەوکاتەوە، ئەگنێتا جلی پێشمەرگەی پۆشی، پێشمەرگە واتە ئەوانەی رووبەڕووی مەرگ دەبنەوە، فێرە زمانی کوردی بوو، هەروەها بەکارهێنانی چەک“ دەمانچە و کلاشینکۆف“ش فێر بوو، ئەو یارمەتی هاوسەرەکەی دەدا، کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، دەقی نوسینەکانی وەردەگێڕا و تایپی دەکردن، هەروەها لە نەخۆشخانەکەی ئەوێ یارمەتی نەخۆشەکانی دەدا. ئەمە و بەلایەوە زەروری بوو، کە

بناغەیەک دابنێین بۆ ڕێکخراوبوونی ژنی کورد، بۆ ئەو ئامانجەش کاریی کردووە.

ئەگنێتا و عومەر لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگە لە ناوچەیەکی شاخاوی لە خاکی عیراق لەسەر سنووری ئێران دەژیان، هەر خێزانێک چادرێکی هەبوو، بەڵام لە زستاندا پێشمەرگە پشووی دەدا، ئەوێ وەک ژیانی سوید هێمن نەبوو، لە بوارەکانی خانوو، ئاو، کارەبا، گەرما و زۆر شتی تر لەگەڵ سوید جیاواز بوو. ئەگنێتا تاکە ژنی ئەوروپی بوو، کە هەمیشە چەکی پێ بوو.

*** لەو ناوچەیە، لە سەرەتادا ئەو شتە زۆر سەختەی ڕووبەڕووت بووەوە چی بوو؟**

ئەگنێتا وەڵام دەداتــەوە؛ وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانـە، وەدەستخستنی ئاو بۆ شوشتن، هەروەها لەبەرئەوەی هەموو شتێک لەسەر زەوی بوو، بۆ قاچم سەخت بوو، دانیشتن لەسەر زەوی، نانخواردن لەسەر زەوی، پێویستی دەکرد لەگەڵ ئەمانەش خۆم رابێنم.

*** چۆن لەلایەن پێشمەرگەوە پێشوازی لێکرایت؟**

پیاوەکەی بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە؛ یەک بە یەکیان پێی سەرسام بوون و ڕێزیان لێ دەگرت، چونکە چارەنووسی خۆی بە ئێمە بەستبووەوە، چونکە ئەو مەجبور نەبوو ئەوە بکات، بەو سیفەتەی ئەوروپی و ژنیش بوو.

*** ئایا هیچ ترساویت؟**

نەخێر بە هیچ شێوەیەک، لە کاتی هێرشی یەکەمدا هەشت فڕۆکەی عیراقی لەماوەی سێ کاتژمێردا بۆردومانیان دەکردین، لە هەر جارێکدا چەندان قونبەلە و ساروخیان تێدەگرتین، دوو

کەس شەهید بوون، هەشت کەسیش بریندار بوون، لەماوەی دەسەڵاتی شادا، هەموو مانگێک، جارێک یاخود دووجار فڕۆکە عیراقییەکان بۆردومانیان دەکردین.

*** هەست دەکەیت، سویدی، یاخود کوردی؟**

کە لە شاخ بووم، هەستم دەکرد زیاتر کوردم و باوەڕم بە خەباتی گەلی کورد هەیە، کە لەوێ لە شاخ بووم، ئەمە بژاردەی خۆم بوو، کە سویدم بەجێهێشت دەمزانی کۆمەڵێک کێشە رووبەرووم دەبێتەوە، پێشبینی کێشەکانم کردبوو.

*** "لە شاخەکانیاندا"، ئایا بەشداریت لە بۆچونەکانی هاوسەرەکەت و گەلی کورد دەکرد، ئایا بیرت لە ژیانی تایبەتی سوید نەدەکردەوە؟**

هەندێک جار... لە سوید کۆمەڵێک کتێبی نوێم لەگەڵ خۆم بردبوو، هەروەها گوێم لە مۆسیقای کوردی دەگرت، گوێم لە مۆسیقای کلاسیکیش دەگرت، چونکە لە شاخدا لەوێ رادیۆی سویدی وەریدەگرت، هەستم بە ئیزعاج بوون نەدەکرد، شەو لەگەڵ هاوسەرەکەم گفتوگۆم دەکرد، چونکە بەرۆژ لە ماڵ نەدەبوو.

*** چەندی تر لە کوردستان دەمێننەوە؟**

ئەگنێتا گوتی؛ نازانم بارودۆخ بڕیار دەدات، تا هاوسەرەکەم لەوێ بمێنێتەوە، منیش لەوێ دەبم، ئەگەر ژیانی ئەوێ سەختیش بێت.

ئەگنێتا شێخموس باڵابەرزێکی ناسکە، لە چاوانیدا ئازایەتی و بەختیاری بەدی دەکرێت.

**سەرچاوە:**

بڵاوبۆتەوە.TRIBUNE LE MATI لەرۆژنامەی , ١٩٨٢/٣/٣١رۆژی

# وتار

# ئەگنێتا

**ئەرسەلان بایز**

ژنێکی باڵا بەرزی هەندێ ڕەقەڵە، دم و چاو سوور و سپی، قژێکی زەردی خورمایی درێژ بەسەر شان و ملیدا دەهاتە خوارەوە، قاتێ جلی خاکی لەبەر، شەوڕۆیەک لەپێ، جار جارە دەمانچەیەکی سمیسی لەکەمەر، کە نەیدەزانی بەکاری بێنێ و تەقەی پێ بکات. ڕێگای زیاتر لە دوو هەزار کیلۆ مەتری بڕی. هەندێ بە فڕۆکە و هەندێکیش بە ئۆتۆمبێل. دواتر ماوەی سێ کاتژمێر بە پشتی وڵاخ و پیادە لەگەڵ هاوسەرەکەی گەیشتە گوندی (زەڵـێ)ی سەر تخوبی نێوان باشووری کوردستان و ڕۆژهەڵات. لەوێ لە تەنیشت ماڵی پورە (کەسکێ) و (مام ئەحمەد) بار و بارگەی خست.

* پـورە (کـەسکێ و مـام ئـەحـمـەد) دوو مـرۆڤـی دێهاتی نەخوێندەواری دڵپاک، لە خانوێکی قوڕ دەژیان لایەکی ژوورەکەیان بۆ خەوتن و لایەکەی تریش بۆ مانگا و مەڕەکانیان بوو. بۆنی ڕیخ و قشپل (عەتر)ی خوازراوی ماڵەکەیان بوو. سەر شۆرو ئاو دەستیان کەناری چەمەکەی سەرەوەی خۆیان بوو. هەموو ڕۆژێ پورە (کەسکێ) بە سەتڵ ئاوی بۆ ماڵەکەیان دابین دەکرد. لەبەر ئەوەی نەوت و ئامێری گەرم کردنەوەیان نەبوو. بۆیە هەفتانە دوو جار بۆ چێشت لێنان و خۆ گەرم کردنەوە. دەچووە کەناری چەمەکە بۆ کۆکردنەوەی (ئاو ماڵ) و قەدپاڵی شاخەکان بۆ بڕین و هێنانی داری وشک و چیلکە. جل و بەرگە کوردییەکانی ئەو ژن

و مێردە بەساڵاچووە کۆن و چڵکن بوو. جار جارە لە دوورەوە بە بۆنی ناخۆشیان کاس دەبووی.

* (ئەگنیتا) لە خێزانێکی ئورۆستۆکراتی خوێندەوار و شارستانی وڵاتی سوید بوو. یەکێ لە زانکۆکانی ئەوێی تەواو کردبوو. (کاک هۆمەر)ی هاوسەریشی لە خێزانێکی ناوداری نیشتیمانپەروەری رۆژئاوای کوردستان بوو. بۆ خوێندن چوبووە وڵاتی سوید و بڕوانامەی ماستەری هەبوو. پێش هاتنیان بۆ (ناوزەنگ) لە خانوێکی خنجیلانەی گەڕەکێکی (ستۆکهۆڵم) دەژیان. هیچ کێشەیەکی ئاو و کارەباو ئاو دەست و سەرشۆریان نەبوو. هەردووکیان لەوێ کاریان دەکرد و ژیانیان لەوپەڕی کامەرانیدا بوو. کاتێ ئەوان لە ژوورێکی سێ بە چواری قوڕی تاریکی بنمیچ نزمی بە نایلۆنی شین و پەنجەرە بە نایلۆنی سپی داپۆشراو نیشتەجێ بوون، سەرەتای زستانێکی تۆف و سەخت بوو. بەفر و ڕەشەبا و زریانی ئەو ساڵە وەکو موس دم و چاوی مرۆڤیان شەقار شەقار دەکرد.

* (پەخشان حەفید) گێڕایەوە: پێش نیوەڕۆیەکی مانگی هەشتی ساڵی (١٩٨٠) چەند فڕۆکەیەکی جەنگی ڕژێمی بەعس پەلاماری بارەگاکانی (ی.ن.ک)یان لە زەڵێ و ناوزەنگ و توژەڵەدا. ئەوسا کاک (هۆمەر شێخمووس) کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) بوو. (ئەگنیتا)خانی خێزانی لەگەڵ سێ خێزانی تر و ژمارەیەک لە بارەگای تری پێشمەرگە لەسەر کانیاوەکەی بناری شاخی توژەڵە بووین. لەکاتی بۆردومانەکەدا سەرجەم هەڤاڵان و پێشمەرگە و ژنەکان خۆمان خستبووە پەنا تاوێرە بەرد و (کونە تەیارە) کان. (ئەگنیتا)خان ڕووداوەکەی بەلاوە سەیر بوو. بۆیە لەبەردەم چادرەکەی خۆیان بە پێوە وەستا بوو سەیری خەڵکەکەی دەکرد. کاک (هۆمەر)یش لە دوورەوە هاواری کرد.

– ئەگنیتا بڕۆ کونە تەیارەکان... خۆت بشارەوە. ئەویش خەمساردانە بـەرەو کونە تەیارەکە بۆ لای من و (ڕووناکی شێخ جەناب و فاتمەخانی خێزانی کاک شێخ عەلی) هات. کاک (هۆمەر) ئەمجارە بە توندی و بە دەست هەڵشەقاندن هاواری لە (ئەگنێتا)خان کرد، کە پەلە بکات.

ئەگنێتا لە کاک هۆمەر توڕە بوو:

ئای(هۆمەر)لێمتوڕەدەبی..!هەڕەشەملێدەکەیت...؟!باشەباشە. فڕۆکەکەکان لە دوای خۆیان چەندین شەهید و بریندار و ئاگر کەوتنەوە و وێرانییان جێ هێشت. ئیتر هەر چوارمان ژنەکان ڕەوانەی گوندی (کانی زەرد) کراین. ئێمە لەوێ ڕووداوەکەمان بۆ (ئەگنێتا)خان ڕوون کردەوە و هێمنمان کردەوە. دوای چەند ڕۆژێک کاک (هۆمەر)یش سەردانی (کانی زەرد)ی کردو لەگەڵ (ئەگنێتا)خان ئاشت بوونەوە.

* بیست ساڵ پێش ئەمڕۆ پورە (کەسکێ و مام ئەحمەد) مردن و لە گۆڕستانی زەڵێ شاردرانەوە. چوار ڕۆژیش بەر لە ئەمڕۆ (ئەگنێتا)خان کۆچی دوایی کرد و ئەو هەموو یادگاریی و سەروەرییەی بەجێهێشت. هـەزار سڵاو لە گیانی پاکیان. سێبوریش بۆ دڵی کاک (هۆمەر شێخمووس).

**ڕۆژی ٢٠١٩/١١/٢٤ لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە گۆشەی کۆڵەپشت بڵاوکراوەتەوە.**

# ئەگنێتا ناوی ون نابێت

## عەلی کەریمی، پرشنگ بللوری، برژانگ و هەڵگورد

ڕێک چڵ ساڵ پێش بوو، ڕێبەندان بوو بەڵام بەهاری گەلانی ئێران بە شنەی شەماڵی شۆڕش و بەرخۆدان دەشنایەوە، ڕۆژگارێکی خۆش و پڕ لە ئازادی و کوردایەتی بوو. لە کوێستان و گەرمێن خەباتگێرانی ڕێی ئازادی کوردستان دیسان دەسدەملانی یەک بووبووین. دیکتاتۆریی نزیک بە ٦٠ ساڵی پەهلەوی تێک و پێک شکابوو، هەموو گەلانی ئێران سەرمەستی خۆشی و سەرکەوتن بوون، کورد لە هەموان زیاتر. بە دیدار و ئامێزی شۆڕشگێران و برایانمان لە باشور شاد بووبووینەوە.

لە ناکاو وەک سەرکردەیەک لەناو پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی لێمان وەژوور کەوتی و وەک یەک لە دامەزرێنەرانی یەکێتی ناساندیانی. پیاوێک پڕ لە حەماس و مێهرەبانی و تەوازوع، جیاوازییەکی زەق هەبوو لە نێوان تۆ و ئەوانی دی، هەر زوو بۆمان دەرکەوت ئی پارچەیەکی تری کوردستانی و لە ڕۆژئاواوە هاتووی و بۆن و بەرامی بەدرخانەکانت لێوە دێ.

تۆ تەنیا نەبووی، هاوڕێ و شەریکی ژیانت خانمێکی باڵا بەرزی قژ زەردی چاوشین بوو، یەکەمجار بوو لە نزیکەوە خەڵکی سوید ببینم. ئەو، ئەگنێتا وەک خۆتان چەکی پێشمەرگایەتی کوردی بەشانەوە بوو. یەکودوو خۆت و ئەگنێتا هێلانەتان کرد لە ناو دڵ و دەروونماندا، ئێمە هیچمان لە ئەگنێتا تێنەدەگەیشتین و ئەویش لە ئێمە، جەنابتان پردی پەیوەندی بوون، بەوپەڕی خاکی بوون و یەکبوون کێژی سویدی بە باوەشی ئاوەڵە هاتە ناو باوەشی دایک و خۆشک و برایان. بە بێ لێک تێگەیشتن و زمان زانین لە گەڵ باوکم و دایکم دەهاتە گۆ و قاقاش پێدەکەنین، ئەوندە زوو دیواری بێگانە بوون و شەرمی

لەناو برد و هەر هەموومان بەدڵ خۆشمان ویست و ڕێزی زۆر تایبەتیمان لێدەگرت، یەک بە هۆی ئەوەی کە هاوسەری کاک هۆمەر بوو، دوو لەم شاخ و کێوانە هاتبوو بۆ ناو شۆڕشی کوردان. کاک هۆمەری زۆر عازیز و بەڕێز و خۆشەویستی هەموو کوردان، بە دڵێکی غەمبار بۆ لەدەستدان و نەدیتنەوەی جارێکی تری ئەگنێتا ئیجازەمان پێبدە باری قورسی ئەم ژانەت لەگەڵ هەڵگرین و خۆمان بە شەریکی غەمت بزانین، جەنابتان بە درێژایی زیاتر لە چل ساڵ لە غەم و شادێکانماندا هاوڕێ لە گەڵ ئەگنێتا هەبوون و بەشداریتان کردووە، لە نەسیحەت و ئامۆژگاریتان لە هەموو قۆناغەکانی ژیان و خەبات سودمەند بووین و هەردەم وەک مامۆستا و برایەکی گەورە ڕوومان تێکردووی و هەرگیز بێ بەریت نەکردووین لە لوتف و مێهرەبانی خۆتان.

حەیف و هەزار حەیف بۆ ئەگنێتا، بۆ خۆت و لەدەستدانی هاوڕێی تەمەنت، دڵمان پڕە بۆ ماڵئاوایی ناوادە و جێ هێشتنی، باش دەزانین کوڵی دڵتان چەند لە جۆشە و دەبێ چ غەمێکی قورس بێ، ماڵئاوایی هاوڕێیەکی وا بەقەدر و عازیز. ئێوە نموونەی وەفا و دڵسۆزی و ئینسانییەت بوون بۆ ئەم شەریکە بێ وێنە و پڕ لە عیشق و خۆشەویستەتان. ئێمە لە نزیکەوە بە درێژایی ئەو هەموو ساڵانە دیمان و لێتان فێر بووین ژیانی خۆشەویستی و شەراکەت و هاوسەری دەبێ چۆن بێ، ئێوە نموونەی دوو مرۆڤی سەردەم و پێشکەوتوویی و ڕەمزی مرۆڤایەتی بوون، دڵسۆزی خەبات و شۆڕشەکانی هەموو کوردستان بوون و هەرگیز جیاوازیتان نەکرد لە کوێ خزمەتی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان بکەن.

دڵنیا بە ئەگنێتا وەک هاورێ و خۆشەویستی هەمووومان و گەلی کورد لە مێژوودا هەرگیز ناوی ون نابێ و هەردەم وەک دۆستێکی بەوەفای کوردان یادی دەکرێتەوە.

تکایە بە شەریکی غەمی خۆتمان بزانە و قبووڵمان بکە.

**سلێمانی** ٢٠١٩/١١/٢٠

# پەیام بەبۆنەی کۆچی دوایی
# خاتوو ئاگنێتا شێخمووس

**ئەحمەد ئەسکەندەری**

لە ڕۆژی چوارشەممە ٢٠ی مانگەوە، کە ئاگنێتا ماڵاوایی لە ژیان کرد و سەردانی کاک عومەر شێخمووس-م کردووە، هەستم کردووە خەمێکی قووڵ سیمای داگرتووە و هەر کات دۆستێک، یان ناسیاوێکی نزیکی ئاگنێتا دەهاتە ژوورەکە، یان بە تەلەفۆن پەیوەندیی دەگرت، کاک عومەر بەدەم فرمێسکەوە خەم و پەژارەی دەردەبڕی. هەموو جارێک بیری ئەو شێعرەی وەفایی دەکەومەوە کە مەزهەر خالقی بە گۆرانی خوێندوویەتی:

**هێند نەخۆشی دەردی دووریم وەختە گیان و دڵ دەرێ**
**کوا نەسیمی سوبحدەمێ بێت، عەرزوحاڵی من بەرێ**

من یەکەم جار زستانی ساڵی ١٩٨٠ لە مەهاباد ئاگنێتا-م ناسیی. لە ماڵێک بووین و بە ڕێکەوت لای یەکەوە دانیشتبووین. بە زمانی ئینگلیسی کەوتمە قسەکردن لەگەڵی و گوتم ئاگنێتا کوردی دەزانی؟ گوتی زمانی کوردی زۆر سەختە، منیش خێرا گوتم ئەوە ژیانی کوردە، کە سەخت و دژوارە!

ئەو ساڵەی ئەو لە شاخ مایەوە، من لە دەفتەری مامۆستا شێخ عێزەدین حوسەینی بووم و زۆرجار لەگەڵ کاک عومەر یەکترمان دەدیت. دواتر سەرەتای ساڵی ١٩٨٢ من وەکو نوێنەری مامۆستا سەفەری دەرەوەی وڵاتم کرد. لە مانگی دوودا سەردانی لەندەنم

کرد و لە ماڵی کاک عومەر دەبابە و سورەیا خان چاوم کەوتەوە بە کاک عومەر و ئاگنێتا. ئیتر لەوێوە بەرەو پاریس و ژنێڤ و لۆزان و دواتر ئیتاڵیا پێکەوە سەفەرمان کرد. کاک عومەر وەکوو بەرپرسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەرەوەی وڵات و منیش وەکوو نوێنەری مامۆستا شێخ عێزەدین لە دەرەوە سەردانی زۆر ناوەندی نێودەوڵەتی و هەرێمیمان کرد بە مەبەستی زانیاریی دان سەبارەت بە پرسی کورد و شەڕ لە کوردستان و داوای پشتگیرییمان دەکرد بۆ خەباتی ڕەوای میللەتی کورد.

دواتر کە هاتمە سوید لێرە هاتوچووی بنەماڵەییشمان هەبوو و زیاتر لە نزیکەوە ئاگنێتا-م ناسی. ئەوەی کە چەندە ژیر و تێکۆشەر و مەندە و چەندە دڵی لای کاک عومەرە و هۆگری خەباتی گەلی کورد و بزووتنەوەی کوردستانە. ئاگنێتا ئەوین و خۆشەویستیی خۆی بۆ کاک عومەر کرد بە پردێک بۆ پەڕینەوە بەرەو خۆشەویستن و پشتیوانیی بۆ گەلی کورد و شۆڕشی کوردستان. هەرئەوەش بوو وایکرد فیداکاریی زۆر بکات و ١٢ ساڵ پاش ئاشنابوون و ژیانی هاوبەش لەگەڵ کاک عومەر سەفەری کرد بۆ کوردستان و ژیانی ئاسوودەی ئەم وڵاتە ئاوەدانی گۆڕییەوە بە ژیانی دژوار و پڕ مەترسیی لە شاخەکانی کوردستان.

لە دیدارێکدا کە دوو مانگ پێش کۆچی دوایی ئاگنێتا، بەشیر کاڤاک لە بەشی کوردی ڕادیۆ سوئێد لەگەڵی کردووە دەڵێ کاتێک لەگەڵ عومەر ئاشنا بووم، تەنانەت وشەی کورد و کوردستانیشم نەبیستبوو. ئەو گفتوگۆیە زۆر سەرنجڕاکێشە و هیوادارم هەمووتان گوێبیستی ببن.

من پێم وایە کاتێک کە ئاگنێتا چوو بۆ کوردستان سێ پەیامی پێ بوو:

**پەیامی ئەوین و فیداکاری:** ژنێکی گەنجی سەر بە بنەماڵەیەکی ئاریستۆکرات، لەبەرئەوەی کاک عومەری خۆش ویستووە، ئەم

وڵاتە ئارام و خۆشەی خۆی بەجێدێڵێت. ئەو دەست هەڵدەگرێت لە ئاواتی خۆی وەکو هەر ژنێکی تری ئەم وڵاتە، کە ژیان کردن لەگەڵ هاوسەرێکی خۆشەویست و پێکەوە نانی ماڵ و دوارۆژێکی ئاسوودەیە.

**پەیامی ئازادی:** کەسێکی ئوروپایی، لە بنەماڵەیەکی چینی سەرەوە و پەروەردەی ژیانێکی بەختەوەر ئامادەیە لە پێناویی ئەوین و خۆشەویستی بۆ هاوسەرەکەی و بۆ ئازادی و مافی گەلی کورد وڵات بەجێ بهێڵێت. لە گفتوگۆ ڕادیۆییەکەیدا دەڵێ لە شاخ خواردن کەم بوو، ڕۆژی یەک جار چێشت هەبوو، گۆشت دەگمەن بوو.

**پەیامی یەکسانی:** دەرکەوتنی ژنێکی خەڵکی کۆمەڵگەیەکی یەکسان و سەربەست لەو شاخوداخە، کە هاوسەرەکەی ڕێزی لێ دەگرێت. ژنێک ئامادەیە بچێتە ناو کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارەوە کە ژمارەیەکی زۆر کەم ژنی تێکۆشەر و پێشمەرگە لە ڕیزی شۆڕشەکەدا هەبوون. لە گفتوگۆکەدا دەڵێ: "لەگەڵ دەستەیەک پێشمەرگە دەڕۆیشتین، چەند پێشمەرگەیەک بەرەوڕوومان هاتن. سڵاوم کرد و دەستم درێژ کرد بۆ دەستلێدانەوە، بەڵام ئەوان دەستیان نەهێنایە پێشەوە". لە گفتوگۆکەیدا لەگەڵ نەرمین خان لە ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ"دا دەڵێ: "بەڵام بۆم دەرکەوت کە ئەوێ جیاوازە . . هەندێک پیاوی موحافیزکار و ئایینیی هەبوون، ئامادەنەبوون تەوقە لەگەڵ ژندا بکەن، بە تایبەتی من لە کۆمەڵگەیەکی یەکسانخوازەوە هاتبووم و ئەم ڕەفتارەم بەلاوە پەسەند نەبوو. هەرچەند عومەر هۆکارەکەی بۆ شیکردمەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەرامبەر برادەرە بەرپرسەکانی ناو یەکێتیی، ڕەتم کردەوە و بە جیاکاری و بەکەم سەیرکردنم پێناسە کرد." لێرەدا ئەوە گرینگە، کە کاتی چوونەوە بۆ کوردستان کاک عومەر هیچ ڕێگرییەکی لێ نەکردووە و سەربەست هێشتوویەتەوە و پێشتر پێی نەگوتووە، کە نابێ لەگەڵ پیاوان دەست لێ بدەیتەوە!

من له ناو یادداشتەکانمدا ئەو ساڵەی که، وەکو نوێنەری ماموستا شێخ عیزەدین سەفەری دەرەوەی ولاتم کرد، چەندین شوێن باسی ئاگنێتا و کاک عومەر شێخمووس-م کردووە و لێرەدا کورتەیەک له یادداشتەکان دەنووسمەوە:

**١٩٨٢/٢/١٦ – لەندەن**

"لەگەڵ کاک عومەر و ئاگنێتا چووین بۆ دیداری ڕێکخراوەیەک، که لێکۆڵینەوە دەکات لەسەر منداڵانی ولاتانی پاشکەوتوو. داوام کرد شتەکەی جەمعییەتی مامۆستایانی کوردستان چاپ بکەن، خۆیان لێ نەدا. دواتر لەگەڵ کاک عومەر و ئاگنێتا له کافەیەک دانیشتین و باسی چۆنییەتی ژیانی پێشمەرگایەتی و ژن و منداڵمان کرد، که پێشمەرگایەتی بە سەڵتی – زگورتی ئاسانترە! وێنەکەی فایزەی هاوسەرم و هێرش کوڕەکەمانم نیشان دان و وتم زۆر لەوانەی شۆڕش دەکەن هەر وێنەکەیان دەمێنێتەوە . .

**١٩٨٢/٢/١٨ – لەندەن**

سەر لەبەیانی لای "مافی گرووپە کەمایەتییەکان" (Minority Rights Group) بووین کاک عومەر و ئەوانیش هاتن. گلەییمان کرد، که له مێژە، له ساڵی ١٩٧٥ بەدواوە لەسەر کورد هیچتان نەنووسیووە. وتیان ئێوە یەکەم کوردن، که هاتوون بۆ لامان و هیواداریین بەردەوام سەردانمان بکەن!

**١٩٨٢/٣/١١ – پاریس**

ئێوارە لەگەڵ دوکتور جەعفەری شەفیعی و کاک هۆمەر و ئاگنێتا ماوەیەک پێکەوە بووین و دەنگوباسی ولاتمان لێک دایەوە.

**١٩٨٢/٣/١٦ – ژنێڤ**

چووم بۆ هۆتێلەکەی کاک هۆمەر و ئاگنێتا. . پێکەوە نانمان خوارد و لێکدانەوەی دەنگوباس و قسەوباسی زۆر.

**١٩٨٢/٨/٣ – لۆزان**

لەگەڵ کاک هۆمەر و ئاگنێتا بۆ نانی نیوەڕۆ چووین بۆ لای صارم خان صادق وزیری و میوانی ماڵی ناصرخانی برای بووین لە دەرەوەی شاری لۆزان. سەبارەت بە کوردستان و شەڕی ئێران و عێراق و ئاکامەکانی قسەکرا. وتمان ئەگەر وای لێبێت سێ حکومەتی شیعە گەمارۆمان بدەن وەزعەکە شپرزە دەبێت و پێویستە ئێمە خۆمانی بۆ حازر بکەین.

دوای نیوەڕۆ ئێمەیان هێنایەوە لۆزان. دواتر لەگەڵ کاک هۆمەر و ئاگنێتا چووین بۆ ماڵی عیسمەت شەریف ڤانلی کە هاوسەرەکەی خەڵکی فەرانسەیە و کوڕەکەیان لە زانکۆی ژێنێڤ دەخوێنێت. ماڵەکەیان لە شوێنێکی زۆر بەرز و خۆشە و دەڕوانێتە سەر دەریاچەکە. شەو دوکتور نورالدین زازا لەگەڵ ژیلبێرت هاوسەرکەی هاتن بۆ لامان. نوورەدین زازا کوردی تورکیایە کتێبێکی نووسیووە بەناوی Ma vie de kurde [ژیانی کوردانەی من] بە زمانی فەرانسە، کە تازە لە لۆزان چاپ بووە. دواتر ڕۆژنامەنووسێکی سویسی هات بە ناوی ئانتوان زۆزەی، کە دەرکەوت هاتووەتە کوردستانی ئێران و سەردانی مامۆستا شێخ عێزەدینی کردووە.“

ئەوانە دەقاودەق یادداشتەکانی ئەو ساڵەی من بوون.

لە چاوپێکەوتنی ئاگنێتا لەگەڵ نەرمین خان لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارەی ڕۆژی ٢٠١٩/١١/٢٤دا هاتووە:

”پرسیار: هەندێک لەو بیرەوەرییانەم بۆ باس بکە، کە مەبەستتە بۆ مێژوو بمێنێتەوە و خوێنەری لێ ئاگاداربکەیتەوە؟

ئاگنێتا: وەک باسم کرد، سەرەتا ئەو ڕاستییانە بۆ من نامۆ بوون، زۆرم دەربارەیان نەدەزانی، بەڵام دواتر و ئێستا هەموو شتێکم لا ڕوونە، هەرگیز ئەو پێشمەرگانەم بیرناچنەوە، کە لە کاتی بۆردومانی فڕۆکە عیراقییەکان لە مانگی حەوتی ١٩٨٠دا شەهید و بریندار بوون.

هەروەها مامەڵەی پاسدارانی ئێران لەگەڵ کوردەکانی ڕۆژهەڵات. بیرەوەرییەکی ترم هەیە کە هەرگیز بیرم ناچێتەوە؛ لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨١، کاتی گەڕانەوەم لە کوردستانەوە بەرەو ئەورووپا، لە دوای ناوچەی سەردەشت، لە بازگەیەکی پشکنینی ناو ئێران، کەوتنە پشکنینی لەشم و لەناو جلەکانم (جلی کوردیی پێشمەرگایەتی)، منیش دوو نامەی گرنگی 'شێخ عێزەدین حوسەینی'م لە ناو جلەکانم شاردبووەوە، کە ئەو دوو نامەیە شێخ عێزەدین بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی نووسیبوو دەربارەی ئەو نەهامەتی و چەوساندنەوەیەی ڕژێمی ئێران دەرحەق بە میللەتی کورد دەیکات. نامەکان نەکەوتنە دەستی پاسدارەکان و نەیاندۆزینەوە. لە هەمان جۆری نامە درابوو بە هاوڕێیەک و دۆستێکی نزیکمان بە ناوی (قەرەنی کەریمی) [یادی هەمیشە بەرز و بەڕێز بێت] کە بەداخەوە بەهۆی ئەو نامانەوە، دەستگیرکرا و لەسێدارەیان دا."

ئاگنێتا پاشناوی سویدییەکەی کلینگ بوو. پاش هاوسەرگیریی لەگەڵ کاک عومەر پاشناوی شێخمووس بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت. کاک عومەر پێی دەڵێت ئاگنێتا دەتوانی پاشناوەکەی خۆیشت هەر بهێڵیتەوە، ئەو دەڵێ نا پێم خۆشە ببمە شێخمووس. ئەم خانمە بەڕێزە سەرەڕای نزیکبوون لەو هەموو کەسایەتی و سیاسەتمەدارە ناسراوانەی کوردستان و دەرەوە، (سێ سەرەککۆماری عێراق، مام جەلال، دوکتور فوئاد و دوکتور بەرهەم لە دۆستانی زۆر نزیکی کاک عومەر شێخمووس)، کاتێک لە ماڵی خۆیان، لە دەرەوە یان لە هەر شوێنێک دیدارمان هەبوو، ڕێک هەروەکوو چل ساڵ لەمەوبەر، کە من بۆ یەکەم جار بینیبووم، بەردەوام وەکوو خانمێکی ژیر، بەڕێز، زۆر سادە، بێدەمار و خۆبەزلنەزان هەڵسوکەوتی دەکرد.

**ستۆکهۆڵم ٢٠١٩/١١/٢٤**

# ئەگنێتا،
# یەکەم گوڵی بێگانە لە یەخەی شاخ

رەهبەر سەید برایم

راستی لە جوانی جوانترە، ئەزموون لە زانست فراوانترە، زانست گەنجینەیە و کلیلەکەی لێکۆڵینەوە و پرسیارە، بە گەنجی زانست فێر بە بە پیری بەکاری بهێنە بایەخدارە، مرۆڤ تا چوار دیواری خۆی تێک و پێک نەشکێنێ، نازانی کە زیندانی کراوە و ئازادی بەدی ناهێنێ، ژن سرودێکی پڕ ئاوازی ئاسمانییە، سەرچاوەی بەختەوەری و کامەرانییە، ئافریدەیەکی خوداوەندی و ڤینۆس و جوانییە، ژن لە دیدە و نەخشی پیکاسۆ، تێکەڵەیەکە لە شێوە و ڕەنگ هەروەک تابلۆ، ژن کە خولقاوە، بۆ گەشانەوەی روخسار و چاوە، مانگ و ئەستێرە و شەپۆلی دەریا ناگیرێن بە دەست، هەندێ ئافرەتیش دەبێتە سومبوڵی مانا و هۆش و هەست، لەکن پیاو هێز زانستە، لەکن ژن جوانی هێز و توانستە، فرمێسکی ژنان بەهێزترین شەپۆلی ئاوە، کاریگەری زیاترە لەو چەکەی بە دەستی پیاوە، کانی چاوی ئافرەتان وشک نابێ (تاکە کانی و بەنداو)ە، پیاو هەڵۆیە لە ئاسمان فەرمانڕەوایی خوارەوە دەکا بەڵام لە ژن سڵ دەکا، چونکە ژن مەلێکە فەرمانڕەوایی هەست و هۆش و دڵ دەکا، ژن دەتوانێ سەرکردایەتیی بەهێزترین سەرکردەی پیاو بکات، سروشتی ژن سیحرێکە لە دڵفڕینی و گۆرانی بۆ ئەو کەسەی ئاوازی پێ لێ بدات، کیژی پاکیزە لە شێری تێک شکێنەریش ناترسێ، گڕی چاوی وەک بروسکەی چەخماغ دادەگیرسێ، ژن بە چاوی دڵ دەکا وتووێژ، بە بیر و هەستی گومان لە ڕاوێژ،

زەردەخەنەی ژن پڕشنگێکە لە تیشکی هەتاو، ژنی جوان حۆری و بەهەشت دەهێنێتە بەرچاو، لە نێوان زەردەخەنە و فرمێسکی ژن پیاو جۆلانەیە، ڕێزگرتن لە ژن بۆ ناسینی خاوەن دڵ نیشانەیە، ژن لقە دارێکی تەڕ و نەرمە بە کزەبایەک دەجوولێ، بەڵام لە ڕەگەوە هەڵناکێشرێ بە هیچ ڕەشەبا و گەردەلوولێ، پیاو ماسولکەیە ژن دەمارە، ژن ئەستووندەگی ماڵ و هەوارە، مەل بە باڵێ نافڕێ، چەپڵە بە یەک دەست لێ نادرێ، ماڵی بێ ژن وەک چەمەنزاری بێ شەونمە، ژن پایە و و بنەڕەتی ژیانە و گوڵە گەنمە، ژن و مێردایەتیی وەکو کاکلی بادامە، تاکو نەیخۆی نازانی تاڵە؟ شیرینە؟ بەتامە، ژنی چاک و پاک و ڕێک و پێک بۆ پیاو، باشترە لە هەردوو دەست و هەردوو قاچ و هەردوو چاو، تەنهایی لە بەهەشتیش زەوق و نرخ و ئەرزشی نیە، لە هەر جێیەک بێ یاسایی و چەک هەبێ ئارامی و ئاسایشی نیە، ژن پاڵەوانێکە قارەمانترینی پیاو لە توندترین توورەیی هێور دەکاتەوە، لە گۆڕەپانی ململانێ و گرەو بێ گومان هەر ژن دەیباتەوە، ژن نەزانیش بێ بەسەر پیاودا زاڵە و ئوستادە، بەقەد زانایان دەزانێ بەو ئاست و ڕادە.

### گوڵی بێگانە لە گوڵستان

یەکەم پێشمەرگەی ژن و گوڵی بێگانە لە گوڵستان، کە بووە پێشمەرگە لە شاخەکانی کوردستان، تارای سویدی (ئەگنێتا کلینگ) بوو، لەو ڕۆژگارە دژوارە، رچەشکێن و گرینگ بوو، لە ساڵی ١٩٨٠، بەعس بە هێز و لەخۆبایی بوو هێشتا، ئەگنێتا لە ڕۆژمێژووی ١٩٤٣/٢/١٦، لە ستۆکهۆڵم چاوە گەشەکانی دادەگیرسێ، باوکی دەوڵەمەند و بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکی پیشەسازی بوو، لە خۆشترینی گەڕەکەکانی ستۆکهۆڵم دەژیان و لە بنەماڵەیەکی گەورە و بورجوازی بوو، کاری سکرتاریەتی خوێند بوو، دبلۆمی هەبوو لە بواری ئابوری و بازرگانی، مەشقی چەکی

کردبوو خۆی ئامادە کردبوو بۆ پێشمەرگایەتیی و پارتیزانی، لە خێزانێکی ئەرستۆکراتی سویدی بوو، سیاسەتمەدارێکی کورد و کوردستانی مێردی بوو، لەگەڵ جان (هۆمەر شێخمووس) پێکەوە گرێیان دابوو ژیان و چارەنووس، جان ناوی (هۆمەر محەمەد عەلی شێخمووس شویشە) بە ڕەگەز لە هۆزی گەرگەڕییە لە ڕەگ و ریشە، جان لە بنەماڵەیەکی کەسایەتیی دەوڵەمەند و کوردپەروەر و تێکۆشەر، لە عاموودەی سوریا ڕێی ژیانی گرتۆتە بەر، لەتەمەنی ١٦ ساڵیەوە کەوتۆتە ناو سیاسەت، لە خەتی کوردایەتیی لاینەداوە قەت، دەرکەوتووە وەک تێکۆشەرێکی رەوشەنبیر و وریا، زیندانی سیاسی بووە لە خاکی سوریا، لە ساڵی ١٩٦٢چۆتە دەرەوەی وڵات، سەرقاڵ بووە بە کوردایەتیی و خوێندن و خەبات، پێشکەوتنی سیاسی و کوردایەتی و رەوشنبیری هەبووە بێ وەستان، بۆیە بووە بەردی بناغە و ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، بە ئەزموون و زانیاری، شارەزا لە زانستی رامیاری.

## دۆڵی ئەحزاب

“جان» هۆمەر شێخمووس، ماستەری هەبوو لە ناکۆکی چین و رووس، ناسراوبوو وەک سیاسەتمەدار و زمانزان و رۆژنامەنووس، بۆ ئەوەی جوان (جان) بناسی لە پێشدا، وەک کەیفی بخوێنە کتێبی (پشکۆیەک لە خۆڵەمێشدا)، (ئەگنێتا) جانی مێردی نیشتیمانی بوو، لە ناو عەشق و گیان و ویژدانی بوو، جان و ئەگنێتا ژن و مێردبوون نەک ژان و دەرد، لە خۆشترین جێیوە هاتە ناو شاخ و دار و بەرد، کەوتنە ناو خانووی قوڕ و چادری پڕمار و دووپشک و مشک و کێچ و ئەسپێی و پڕ ڕەزالەت، لە کۆمەڵگەیەکی یەکسانخواز و لوتکەی شارستانیەت، بۆ ناو شاخ دوور لە ئاوەدانی و بێ دەرامەت، لە شێنێ و قولە هەرمێ و خڕی

نێوزەنگ و نۆکان و زەڵێ و توژەڵە ، ناونرا بوو دۆڵی ئەحزاب دەیانگوت ئەوێ جێی مرۆڤ نیە جێی گورگ و ورچ و چەقەڵە، ئەوێ رۆژی (ی.ن.ک) قەڵایەکی پۆڵاین و ورەی کێوی کاروخ بوو، بەڵام سەرکردایەتی شۆرش بێ داهات قەرزاری (ئەحمەد ساروخ )بوو، پارەیان لێ قەرز دەکرد، ژیانی پێشمەرگەیان پێوە بەرێوە دەبرد، لەو رۆژگارە ئەوەی زۆر بوو بەفر و ئاوی سازگار و خوێن بوو، لە بناری مامەندە دیمەنی جوانی سروشتی شوێن بوو، ئەوەی هەبوو ورە و باوەڕ و بەڵێن بوو ، تارای سویدی شاخ و ئەشکەوتەکانی کوردستانی کردە ماڵی خۆی، بۆ ئافرەتێکی بێگانە و شلە شارستانی چەند سەخت و قورس بووە بۆی.

**بۆ کچە سویدییەکی دەوڵەمەند**

ئەوێ دەمێ ژیانی پێشمەرگایەتیی لە چاخی بەردین دەچوو، لە ناو خێوەت و خانووی قوڕ و بێ دەرامەت کەم کەس لە تاقی کردنەوەی شاخ دەردەچوو، بەلاقان و بەسواری وڵاخ، دەیبڕی دۆڵ بە دۆڵ و شاخ بە شاخ، نەبوونی خواردەمەنی و سوتەمەنی و ئامێری هاتووچۆ، گەرماو و تەوالێت دروست کراو بە نایلۆن و حەسیر و کۆنە پەرۆ، دروست کردنی خواردن بە دار و چیلکە لە سەر کوچکە بەرد بێ تەباخ، لەسەر چیچکان دانیشتن بە شوشتنی قاپ و قاچاخ، خاوێن کردنەوەی قاپ و مەنجەڵ بە گەڵا گوێز و پەلکە توو و پەلکە هەنجیر، ناندێن دروستکراو بە قوڕ و بەرد و دار و حەسیر، بۆ کچە سویدییەکی دەوڵەمەند و چاوشین و قژ زەرد، چەند سەخت بوو شاخ و دار و بەرد و ژیانی پڕ لە دەرد، ئەگێنتا (تارای سویدی)، وەک دڵسۆزێکی حزبی و کوردی، لە خەستەخانە و چاپخانە کاری دەکرد، بە جلکی کوردی و پێشمەرگانە چەکی هەڵدەگرت، لەلایەک خەفاریات و ئێشگگری، لە ناو بۆردومان و تۆپ باران و ئاگری، نەتەوەی کوردی نەبیست

بوو بە هۆی مێردەکەیەوە ناسی، بووە پێشمەرگە و هاتە شاخ کەوتە کاری سیاسەت و دبلۆماسی، لە کۆبوونەوەی ڕێکخستن و خۆپیشاندانەکانی کورد بەشداری دەکرد، هەروەک کادرێکی (ی.ن.ک) و دڵسۆزێکی کورد، کاری ڕۆژنامەوانی دەکرد، لە ڕۆژنامەی زمان حاڵی یەکێتی بە زمانی ئینگلیزی The Spark لە کوردستان گوڵی شاخ و لە ئەورووپاش درەختی پارک، لەگەڵ جان هاوشان، لە سیاسەت و تێکۆشان، وەک شۆخ و شەنگێکی شۆڕشگێر، لە شار و شاخ ئازا و بوێر، دوو کومەڵگەی کەلتوور تەواو جیاواز.

**لە گوڵزاری کوردەواری**

سویدی لەوپەڕی پێشکەوتنخوازی و یەکسانخواز، ئەگنێتا چەوساندنەوە و کێشەی کوردی، ناساندبوو بە کۆمەڵگای سویدی، بە یادگاری ڕۆژگاری پوورە کەسکێ، لە گوڵزاری کوردەواری وەک نمونە و دەسکێ، نەریتی خۆرسکی ئامینەی (کانی زەردی) و ئایشە سواری، هێمای ژنانی کوردبوون بۆ ئازادی ژن و ژن سالاری، ئەو نەریتە پەسەند نەکرا لە زۆرینەی کۆمەڵگەی کوردەواری، لێکدانەوە هەڵدەگرێ لە ڕوانگەی بنەمای فیمینیستی، لە ماف و ئازادی ژن یەکسانی و پێگە و سەنگ و بەهای خۆشەویستی، هاوکێشەی هێز و دەسەڵات لە نێوان هەردوو ڕەگەز، خوێنی شەرەف ناکاتە مەرەکەبی سەر کاغەز، تا چیا بەرز بێ قووڵتر دەبێ دۆڵ و شیو، گەردوون کۆنە نەریت فرە جیاواز و چەندان دیو، لە کۆمەڵگەی سەرسنوور پێیان سەیر بوو هێرۆ خان و ئەگنێتا خان پێش مام جەلال و جان هۆمەر شێخمووس بکەون، چۆن دەبێ ژن پێش ئەو پیاوە مەزنانە بکەوێ لێیان ببووە مۆتەکەی خەون، سکرتێری کۆمەڵەی ڕەنجدەران نەوشێروان مستەفا، بۆ ڕێز و هاوسۆزی و وەفا، ئەگنێتای بەرز

رادەگـرت ڕێزی زۆری لێ دەنـا، گوڵی سروشتی شاخەکانی کوردستانی بۆ دەهێنا.

### فێرە کوردی دەبێ

لەگەڵ قادر خەبات، دەگونجا و لەگەڵی پێک دەهات، ئەو بە سویدی، ئەمیش بە کوردی، لێک تێدەگەیشتن بە وردی، تارای سویدی پێی وابوو لەگەڵ بەکر پیرۆت و قادر خەبات، فێرە کوردی دەبێ بە زووترین کات، لە فڕۆکە و بوردومانی بەعس نەدەترسا، بەڵام لە مشک و مار و دووپشک زیرەی دەهات و دەحەپەسا، لە هەندێ نەریت و کەلتووری کوردەواری تاسا بوو، لە لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و لەپرسابوو، لە ژن بە ژنێ و ڕەدووکەوتن و بن پشک، نەکوشتن لەسـەر شـەرەف و پێکهاتن و مەسەلەت بە تەپاڵەی وشک.

### چۆن دەبێ تێکەڵی گەندەڵی بێ

ئەگنێتا هەستی دەکرد ستەملێکراوە گەلی کورد، بۆیە بە قوڵی بیری لێ کردبۆوە، بۆ مێژووی کورد و کوردستان داچوبۆوە، کەوتە تێگەیشتن و کۆشش، لە سیاسەت و کوردایەتی و مێژووی کورد و شۆڕش، دڵی کێڵگە بوو گوڵی جوان و ناسکی تێدا جێ دەبـۆوە، بە وردی تێگەیشتنی هەبوو لەو ڕووەوە، ڕای وابوو کورد بـاوەش بکاتەوە بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیـان، چونکە ژیان ئاسوودە و بەختەوەر دەبێ پێی ناکەوێ زیان، پێی وابوو نابێ مرۆڤی شۆرشگێر، کە گیانی بەخت دەکرد بۆ گەل و نیشتیمان، چۆن دەبێ تێکەڵی گەندەڵی بێ و هەڵپە بکا بۆ پارە و سامان، بە دیاردەیەکی ترسناکی دادەنا، گەندەڵی وڵات دادەڕمێنێ لە بن ڕا تێکدەدا بینا، چییە تەختی فەرمانڕەوایی و پاشایی؟، پارچە دارێکە و قوماشێکە ئاسایی، ئەوەی بۆ مێژوو دەمێنێتەوە، بۆ دیاردەی

ناڕەوایی نەچەمێتەوە، جوانترین ژن ئەو ژنەیە بە پەیڤی ئەڤین و پاکژ بدوێ، روخسار و لێوی وەکو خونچەی بەهار بپشکوێ، دەنگی خۆشەویستی لەکن ژنان، بەهێز و جوانترە لە دەنگی ویژدان، تارای سویدی جوانتر بوو لە گوڵی باخ، لە کوردستان درا لە ئێخەی شاخ، خۆشترین شادی لە دایک بوونە، ناخۆشترین غەمیش مەرگ و لەناوچوونە، هەور بارانە، خەفەت گریانە، بروسکە و چەخماخە، ئاگری ناخە، حەیف و جێی داخە، ئەگنێتا خان لە ٢٠١٩/١١/٢٠ لە ستۆکهۆڵم کۆچی دوایی کرد، بووە هێمای سیمای پێشمەرگەی ژن و بەگەشی کەوتە ناو مێژووی کورد.

**سەرچاوەکان:**


١- ژن لەوتەی فەیلەیسوف و ناوداراندا، وەرگێرانی: کەمال عەلی

٢- وتەکانی ژیان، بەنرخترین وتەی ناودارانی جیهان، وەرگێرانی: موسعەب ئەدهەم

٣- وتەی بلیمەتەکان، جوانترین وتەی ناودارانی جیهان، وەرگێرانی: فوئاد کەدلۆس

٤- پشکۆیەک لە خۆڵەمێشدا، نەوزاد عەلی ئەحمەد ئامادەی کردووە ٢٠١٠


حاجی قادری کۆیی دەڵێ:

**کەیفی حاجەت نییە بکەم باسی**
**ئەو کتێبە بخوونی دەیناسی**

مەبەستم لە کتێبی: پشکۆیەک لە خۆڵەمێشدایە، بەشێکی گرینگ لە ژیاننامەی هۆمەر شێخمووس.

# وتەیەك بۆ ڕەوان پاك
# ئەگنێتا خان

**شەنگە عەلی عەسکەری**

پێش چەند ڕۆژێک لەمەوبەر دۆستێکی ئازیز و یەکەم پێشمەرگەی بیانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، خاتوو ئەگنێتا خێزانی تێکۆشەری گەورەی گەلەکەمان هۆمەر شیخموس ماڵئاوایی لێکردین.

کۆبوونەوەی ئەمڕۆمان لێرە تەنیا پرسەی هاوژین و هاورێی کاک ئۆمەری تێکۆشەر نیە، بەڵکو وەفا و ئەمەکی گەلێکە، بۆ ڕۆڵی ئەو شێرە ژنە، کە لە ڕۆژە هەرە سەختەکانی خەباتی ڕزگاری گەلەکەمان، خەمی ئەو میللەتەی کرد بە خەمی خۆی، لە کاتێکدا زۆر بێ دۆست بووین.

بە باوەڕی ئەو پرسی کورد زۆر ڕەوایە و میللەتی کوردیش زۆر مەنیەتی بینوە ، زۆر قوربانی داوە لە پێناوی گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی.

ئەگنێتا خان، کە نازناوی لە شاخدا تارا خان بوو، لە ١٦-٢-١٩٤٣ لە شاری ستۆکهۆلم لە گەڕەکی کونگسهۆڵم لە دایک بووە، لە خێزانێکی ئەرۆستۆکراتی و باوکی بەڕێوەبەری کۆمپانییەکی پیشەسازی بووە، لە ڕووی ئابووری ژیانێکی خۆشگوزەرانی بۆ خێزانەکەی دابین کردبوو.

پاش خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی ئەگنێتا بەشی سکرتاریەتی تەواو کردووە و دوایش دیبلۆمی لە بواری ئابوری و بازرگانی بە دەست هێناوە.

من ناوبانگی خاتوو ئەگنێتا-م بیستبوو، پێش ئەوەی ببینم، هەمیشە سەرسام بووم، بە کەسایەتی ئەو خانمە شۆخ و شەنگەی سوید ، کە چۆن ژیانی خۆشگوزەرانی سویدی بەجێهێستبوو، بەرەو چیایەکانی کوردستان بەرێ کەوتبوو. بۆم دەرکەوت، کە وەڵامەکەی خۆشەویستی و باوەڕ بووە، خۆشەویستی بۆ کاک هۆمەر و باوەڕبوونی بە پرسی میللەتێکی چەوساوە، کە شایستەی ئەوەیە بە ئازادی بژی .

ئێستا بابزانین چارەنووس ئەو دوو خۆشەویستەی چۆن بە یەک گەیاند:

لە ساڵی ١٩٦٨ لە ڕێگای هاوڕێیەکی ئەگنێتا کە ناوی ئانا ماریا بوو، یەکەم جار یەکتر دەبینن. لە گەڵ تێپەربوونی کات خۆشەویستییەکی بە هێز لە نێوانیاندا دروست بوو.

لە ٦-٤-١٩٧٤ هاوسەرگیری دەکەن و ئەگنێتا دەبێتە، بووکە پەری روخسارەکەی عاموودە.

لە چاوپێکەوتنێکدا، کە خاتوو نەرمین عوسمان لەگەڵی کردووە، ئەگنێتاخان باس لەوە دەکات، کە پێش ناسینی کاک هۆمەر هیچ زانیارییەکی لەسەر کوردستان نەبووە، تەنانەت نەیزانیوە میللەتێکیش هەیە بە ناوی کورد.

بەڵام زۆری نەخایاند شارەزایەکی تەواوی پەیداکردووە لەسەر مێژووی کورد و دۆخی سیاسی کوردستان. ئەوەش وایکرد، کە خۆشی بە قوڵی و چالاکانە بچێتە ناو بابەتە پەیوەندیدارەکانی ئەو پرسەیە و ببتە بەشێک لێی.

لە سەرەتادا بەشداری کۆبونەوەکانی پرسی کوردی دەکرد، بێ ئەوەی کوردی بزانێ و لێی تێبگات. دوایش هاوکاری دەکرد لە ڕێکخستن وخۆپیشاندانەکان، هەروەها رۆڵی زۆر گرنگی هەبوو، لە دەرکردن و چاپکردن و بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی ئەلشەرارە بە زمانی ئینگلیزی «زە سپارک»، کە رۆژنامەی ( ی . ن. ک) بوو.

جگە لەوەش هاوکار بووە لە ئامادەکردنی چەندین بڵاوکراوەی تر بە زمانی سویدی و ئینگلیزی، ئەوە لە رووی سیاسییەوە، لە رووی کولتوریشەوە رۆڵێکی گرنگی هەبووە، لە ناساندنی کولتوری کوردی، ئەوەش بە بەشداری کردنی لە رێکخستنی ئاهەنگە نەتەوەییەکان وەک نەورۆز، خۆی و چەند هاورێیەکی فێری هەڵپەڕکێی کوردی کردووە، بۆئەوەی لە ئاهەنگەکاندا هەڵپەرکێی کوردی بکەن.

جگە لەمە هاوکاری کاک هۆمەری کردووە بۆ وەرگێرانی چەندین شیعری کوردی بۆ زمانی سویدی.

با هەموومان بگەڕێینەوە بۆ ساڵەکانی ١٩٧٨-١٩٧٩ بەتایبەتی دوای کارەساتە دڵتەزێن و شومەکەی هەکاری، کە هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان لە ترۆپکی بێ ئومێدی دابوون.

کاک هۆمەر بۆ ماوەی شەش مانگ دەگەڕێتەوە کوردستان و لەو ماوەیەدا ئەگنێتا خان دووچاری دڵەڕاوکێیەکی زۆر دەبێت، چونکە شێوازی پەیوەندی کردن لەو سەردەمەدا ئاسان نەبوو، هەروەها زۆر لە سیاسییەکان و رۆژنامەنوسە سوییدیەکان، پەیوەندیان بە ئەگنێتا خان دەکرد بۆ سۆراخی کاک هۆمەر و وەرگرتنی هەواڵ لەسەر بارودۆخی کوردستان، چ لەباشور چ لە رۆژهەڵات بە هۆی بەرپابوونی راپەرینە ئیسلامییەکانی ئێران.

کاک هۆمەر دەگەڕێتەوە بۆ سوید ، بەڵام پاش ماوەیەکی کورت، بڕیاری دووبارە گەڕانەوە بۆ کوردستان دەدات.

ئەم جارە خاتوو ئەگنێتا سوردەبێت لەسەر ئەوەی لەگەڵ هاوسەرەکەی بۆ کوردستتان بچێت.

ساڵی ١٩٧٩ لە رێگای ئێرانەوە خاتوو ئەگنێتا، هۆمەر شێخمووس و نەوشیڕوان و ملازم عومەر بەرەو ناوزەنگ بەرێ دەکەون.

لەناو ئـەو بێ ئومێدیەدا بەشداربوونی ئەگنێتا لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بوو بە سمبولی هیوا و خۆراگرتن.

سـەرەڕای ژیانی سەختی شاخ، ئەگنێتا زۆر بە سادەیی دەیڕوانییە بارودۆخەکان و لە رووی دەرونییەوە خۆی بۆ ئامادە دەکرد. پێش گەڕانەوەشی بۆ کوردستان هەوڵیدا فێری زمانی کوردی ببێت، بەڵام لەبەر کەمی کات فریای ئەوە نەکەوت بە تـەواوی فێری ببێ، بێگومان ئەوەش زۆرجار گفتوگۆکانی لەگەڵ دەوروبەر سنوردار دەکرد، بەڵام وەک خۆی دەگێڕێتەوە، هەرگیز کێشەی نەبوو لە گفتوگۆ لەگەڵ کاک قادر خەبات، دەیگوت زۆرجار نیو کاتژمێر قسەمان دەکرد، ئەو بە کوردی و من بە سویدی، لە یەکتریش دەگەیشتین.

چەندین پێشمەرگەی ژن لەو سەردەمەدا لە شاخ بوون، وا بریار بوو ئەگنێتا ئەوان فێری ئینگلیزی بکات و ئەوانیش ئەگنێتا فیری کوردی بکەن .

ئەگنێتا خان وەک ژنێکی چالاک و بە گیانێکی بێگەرد و رەوشت بەرز و رەفتاری کلاسیکی وای کردبوو، کە جێی رێز و خۆشەویستی هەموو دەوروبەری بێ.

خۆنەویستی یەکێک بووە، لە رەوشتە جوانەکانی، ئەو هەمیشە کاری بۆ ئەوە دەکرد، کە بۆ خۆی باوەڕی پێ بوو، هەرگیز بیری لە پاداشت نەدەکردەوە.

لەم ساڵانەی دویدا، کاک هۆمەر بەناو ئەرشیڤەکەی خۆیدا دەچێتەوەو هەندێک دۆکۆمێنتی پیشانی هاوسەرکەی دەدات، پێی دەڵێت سەیری ئەو هەمووکارانەت کردووە، بەڵام کەس ئاماژەی بە کارەکانت نەکردوە.

کەچی پێدەکەنێ و دەڵێت من بە خۆبەخشی ئەو کارانەم کردووە و بە ئەرکی خۆم زانیوە، هەرگیز چاوەڕێی هیچ پاداشێک نەبوومە.

خۆشەویستی ئەگنێتا خان خۆشەویستێکی راستی بووە بۆ گەلی کورد، هەمیشە لە ریزی نەتەوەیەکی ستەمدیدە دابووە، سەرەڕای شانازی کردنیشی بە دەسکەوتەکانی گەلی کورد، بەڵام لەم دوایەدا رەخنەی لە حوکمرانی بەرپرسەکان دەگرت و لای ئەو سەیر بوو، کەسانێک لە سەردەمانێکدا، ئامادەبوون، ژیانی خۆیان لە پێناو میللەتدا بەخت بکەن، ئێستا بکەونە ئەو هەڵانە لە پێناو بەرژەوەندی خۆیاندا.

لە کۆتایدا دەمەوێ ئەو رستە جوانەی ، لەوەڵامێکی چاوپێکەوتنێکی رادیوی سویدی، کە بەشیر کاڤاک لەگەڵیدا دەکات. بەشیر لێی دەپرسیت، ئەگەر زەمەن بگەڕێنینەوە بۆ ساڵی ١٩٦٨ ، ئایا هەمان بڕیار دەدەی و کاک هۆمەر بە هاوژینت هەڵدەبژێرییەوە؟

ئەگنیتا بەڵێ بێ دوو دڵی بەڵێ.

ئێمەش لێرە بە رەوان پاکی ئەگنێتای خۆشەویست دەڵێین، بەڵێ چونکە چارەنووسی تۆ چارەنووسی کاک هۆمەر بوو، هەروەها چارەنووسی میللەتێکی چەوساوە بوو، کە تۆ لە ناخەوە خۆشت دەویستن، ئێمەش خەبات و یادەکانت لەناو دڵدا هەڵدەگرین.

**سەرنج:** ئەم وتارە لە پرسەی ئەگنێتا خوێندرایەوە، کە رۆژی ٢٠١٩/١١/٢٤ لە ستۆکهۆڵم بەڕێوەچوو.

# بەڵگەنامە

The Chair Committee of the Congress of the Patriotic Union of Kurdistan (PUK)

Dear Friends,

I received with deep appreciation and honour your General Secretary's, Mr. Jelal Talabani, invitation to your Congress. It touched me deeply and I sincerely wished to be with to participate in your finest as well as your most difficult hours, as in the past. But I am very sorry to inform you that it is extremely difficult for me, at this time, to leave Sweden and come to join you in this important event.

I would like to tell you that I will always cherish the beautiful memories of Iraqi and Iranian Kurdistan during the ten months that I spent with your people in Zalē, Nawzang and Toozhala. I shall always remember the warmth, generosity, friendliness and humour of the Kurdish people. Their heroic deeds and determination.

I still laugh at the memory of some of the outstanding profiles of the time, like Qadir Khebat who always talked with me in Kurdish and I in English, although we did not understand each other we still had a perfect conversation ! Mam Ahmad Wanēk who is still waiting for the swedish wife that Omar had promised him to take back with him, and Poora Kaskē of Zalē who symbolized in a perfect way the oddities of strange phenomena in Kurdish society.

Finally, I thank you again for your kind invitation and wish you and your people every success in fulfilling your just historical aspirations and a very successful Congress.

Yours Sincerely

Your Swedish Sister " Tara "

Agneta Sheikhmous

Stockholm 21.1.1992

پەیامی ئەگنێتا

بۆ یەکەمین کۆنگرەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ١٩٩٢/١/٢١



MITT I EXPRESSEN — torsdagen den 6 januari

## Filmhjälten som blivit legend

■ En av julens mest uppmärksammade filmer heter "Yol".
Den är turkisk, skaparen Yilmaz Güney är 45 år och redan en legend.
Yilmaz Güney är kurd.
Han är uppväxt i södra Turkiet, fick utbildning och kunde ta sig loss från en hotande framtid som fattig lantarbetare. Han fick anställning på ett filmbolag, där han körde ut filmer.
Så kom det sig att han fanns till hands när en skådespelare saknades vid en filminspelning. Güney hoppade in — och blev på några år en av Turkiets mest kända filmstjärnor. Han har spelat med i mer än hundra filmer.
Redan 1961 dömdes Güney första gången till fängelse. Han hade publicerat en bok som ansågs innehålla kommunistisk propaganda. Domen blev 18 månader.
Güney debuterade som regissör 1966. Fyra år senare kom filmen "Hoppet". Den förbjöds av den turkiska regeringen men innebar Güneys internationella genombrott. En kopia smugglades ut ur landet

Svenska Agneta bakom kulsprutan i de kurdiska bergen. Hon ingår i den kurdiska befrielsearmén. Sekreteraren på advokatbyrå i Stockholm bröt upp och följde maken Omar till gerillalägren i Asien.

# AGNETA från Stockholm blev GERILLA KRIGARE i de kurdiska bergen

Agneta, 39, från Stockholm, sover alltid påklädd med pistolen under kudden och automatgeväret inom räckhåll.
När som helst kan de irakiska attackplanen komma för att vräka ut sin last av död och förstörelse. Då gäller det att vara beredd.
Agneta tillhör den kurdiska gerillan. Hon lever med befrielsesoldaterna i Zagrosbergen i gränstrakterna mellan Irak och Iran.
— Befrielsekampen har blivit min livsuppgift, sa Agneta då hon gjorde ett kort besök i Stockholm.
Agneta, född Kling, är gift med Omar Sheikmous, en av ledarna i Kurdistans patriotiska union, KPU. De har känt varandra i 14 år.
— Vi möttes då Omar läste statskunskap på universitetet. För fem år sen gifte vi oss.
Året därpå återvände Omar Sheikmous till bergen. Han hade valts in i partiets politbyrå, och kallades att bli en av ledarna i kampen mot irakierna.
Agneta jobbade då som sekreterare på ett advokatkontor.
— Då Omar efter en tid kom tillbaka till Stockholm sa jag att jag skulle följa honom tillbaka. Jag hade noga tänkt igenom saken innan jag fattade mitt beslut. Jag hade sagt upp mig hos advokaten, gjort mig av med lägenheten, gjort upp med det borgerliga liv jag vant mig vid.
— Det var inget svårt beslut. Åren med Omar hade gjort kurdernas sak till min.
— Omar försökte förmå mig att stanna kvar i Sverige. Gerillans liv var ingenting för kvinnor, sa han. Det var för farligt.

### Attackerade

Agneta följde sin man ändå. Två gånger under åren i bergen har hon befunnit sig i stridslinjen.
— Vi befann oss i baslägret då plötsligt åtta ryskbyggda attackplan anföll. De flög på låg höjd och öste bomber och raketer och automateld över oss. I fyra omgångar kom de.
— Jag låg och tryckte i en skyttegrav. Märkligt nog var jag inte rädd — jag kände bara en helig ilska över vad irakierna utsätter kurderna för.
— Den gången dog två av våra vänner och åtta sårades. Våra soldater lyckades skjuta ned ett av planen.
Risken för angrepp gör att Agneta och övriga medlemmar av gerillan alltid är beredda. Kommer fienden måste de snabbt kunna försvara sig.
I Stockholm brukade Agneta rysa då det talades om vapen. Att hon själv skulle lära sig hantera pistol och Kalashnikov (gerillans klassiska automatgevär) kunde hon inte föreställa sig.
— För gerillan är vapen en del av klädseln. Jag skulle numera aldrig tveka att använda min pistol om vi anfölls.

### Kvinnosynen

Men inte ens för en befrielserörelse i fiendeland är krig vardag. För Agnetas del består det dagliga livet av arbete på ett lasarett där sjuka och skadade Pesh Merga — befrielsesoldater — vårdas och att hjälpa Omar med skrivjobb.
— Dessutom är vi några stycken som försöker organisera de kurdiska kvinnorna i föreningar. Det är svårt eftersom kvinnosy... att betraktas som andra klassens människor. Vi försöker få dem att tänka om — och samtidigt få männen att inse att kvinnan behövs i befrielsekampen.
Den praktiska vardagen tog tid för Agneta att vänja sig vid. Maten till exempel. Gerillans vanligaste föda är ris, bönor, grönsaker, någon enstaka gång kyckling, som över öppen eld kokas till en tjock soppa. Ur de forsande bäckarna i bergen hämtar de dricksvatten.
— Jag gick ned åtta kilo första halvåret. Och Omar, som heller inte var van, tappade tio kilo. Fest för oss är om vi någon gång kommer över några konservburkar.
Och framtiden?
— Kampen fortsätter tills vi besegrat de irakiska förtryckarna. Sedan ett barn kanske – det vill vi ha både Omar och jag. Men så länge vi lever här i bergen vill vi inte skaffa barn.

ڕۆژنامەی ئیکسپرێسن، ڕاپۆرتێکی سەبارەت بە ئەگنێتا لەژێر ناونیشانی: ئەگنێتا لە ستکهۆڵمەوە، لە کوردستان دەبێت بە پێشمەرگە. زانیارییەکان ڕۆژنامەنووسەکە زۆر ورد نین، بۆیە بۆ سەر زمانی کوردی وەرماننەگێڕا.



# THE SPARK

ORGAN OF THE PATRIOTIC UNION OF KURDISTAN - PUK

VOLUME ONE    FEBRUARY, 1977    NUMBER ONE

## MILITARY OPERATIONS BY THE FORCES OF THE POPULAR REVOLUTION IN IRAQ

Since May 1976, the guerrilla and revolutionary units of the Iraqi popular revolution, headed by the " Iraqi Patriotic Gathering : Al-Tajamu' Al-Watani Al-Iraqi" in all Iraq and headed by the " Patriotic Union of Kurdistan -PUK" in Iraqi Kurdistan, have carried numerous military operations and sabotage missions against the regime of the fascist Takriti clique in Baghdad. The following are some examples of such operations:

- In June, 1976, A tank farm, near the big southern oilfield of Rumailah, was set on fire by one of the suicide units of the revolution. The fire lasted for four days despite feverish attempts by fire squads from Iraq, Iran and Kuwait. The authorities, in Baghdad, estimated the loss at about (34) million Iraqi Dinars.

- Another unit of revolutionary partisans, simultaneously, in June 1976, sabotaged the Bawenour oil wells near Kirkuk. The blaze lasted for three weeks despite the attempts of fire squads from Baghdad, Kirkuk, Arbil, Mosul and Sulaimania. The fire was finally put down by the American fire-fighter " Red Adair ", who was summoned to help the desperate authorities in Baghdad.

- An ammunition depot, in Kirkuk, relating to the Second Division of the Iraqi Army, was sabotaged and completely destroyed, in July 1976. The explosion was heard as far away as 15 Kms, according to Eye-wittness reports.

- In July, 1976, an assembly station and garage for Russian military lorries, belonging to [illegible] Iraqi Army, in Boosh, [illegible] Qanat Al-Jaish in Bagh[illegible] was completely destroy[illegible] by fire, set ablaze by another unit of partis[illegible] of the popular revolut[illegible]

- The number of partis[illegible] and guerrilla units, o[illegible] anised and headed by P[illegible] roaming the kurdish mo[illegible] tains and conducting v[illegible] ious types of military operations against the fascist aggressors of Baghdad, has been cont[illegible] uously on the increase especially after the s[illegible] essive escapes from co[illegible] ntration camps, in the South of Iraq, under t[illegible] leadership of the belo[illegible] son of the Kurdish peo[illegible] Ali Askari, to join th[illegible]

ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە، عومەر شێخمووس، بە هاوکاری ئەگنێتا-ی هاوسەری لە نێوان ساڵانی ١٩٧٧-١٩٨٣ دەریکردووە.




کتێبی؛ شۆڕش لەکوردستان، بریتییە لە کۆمەڵێک بەڵگەنامەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، عومەر شێخمووس بۆ سەر زمانی ئینگلیزی وەریگێڕاون، ئەگنێتا لە باری تایپکردن و چاپ و بڵاوکردنەوەدا یارمەتیداوە، ساڵی ١٩٧٧ لە ئەمریکا چاپکراوە.



Stockholm 30/7-73

Min älskling, pussgubbe!

Ett stort varmt tack för ditt mycket efterlångtade brev. Jag fick det idag, och vill så gärna skriva till dig med en gång för att berätta litet mer exakt om min resa, ty jag gick och hämtade min biljett idag.
Som jag redan berättat, så kommer jag den 11 augusti kl. 10^25 till Stanstead. Färden till London tar mellan 1 1/2 - 2 timmar med buss, och eftersom jag inte ska ha något hotel, så kunde de inte först säga vart jag skulle åka, men till slut kom vi överens. Jag åker alltså med bussen till ett hotel som heter Edwardian Hotel och som ligger på Harrington Gardens, London SW 7. Det är helt nära Cromwell Road, det ligger mellan Earl's

نامەیەکی ئەگنێتا بۆ عومەر شێخمووس، ١٩٧٣


(1) 3/6 - 1979

Kära Älskling,

Hej på dig! Ännu en gång, sviker jag mitt löfte (som vanligt) att komma snart. Men tro mig, vi är mycket upptagna och det är bestämt att jag skulle komma utomlands, men när och var det är inte bestämt. Det beror på gamla Kemal Fuad. Om han kommer hit eller till Iran, så kommer jag till Europa. Om han inte kommer, så kommer vi att bo antingen i Beirut eller Tehran.

Förresten, jag har kommit i kontakt med Amir Ghazi i Mehabad och Mohamed Moftadi i Bokan. Jag skrev till dem och frågade om du kunde komma och stanna hos de ett tag. De blev mycket glada och skrev att du är mycket välkomen (speciellt Amir).

Så om du vill skriv till mig om du är villig och komma på semester till Iran. Vi kan göra så att

نامەیەکی ئەگنێتا بۆ عومەر شێخمووس، ساڵی ١٩٧٩ لە ستۆکهۆڵم بۆ شاخ (باشووری کوردستان) ناردوویەتی.




پۆستکارتێکی عومەر شێخمووس بۆ ئەگنێتا، دڵنیایی پێدەدات، کە بە سەلامەتی گەیشتۆتە تورکیا و بەرەو باشووری کوردستان بۆ پێشمەرگایەتی.




زەرفی نامەیەکی ئەگنێتا بۆ عومەر شێخمووس، لە سوید بۆ ئینگلتەرا، ساڵی ١٩٧٩


17-7-73

Hej älskling, puss Dummis

Jag hoppas verkligen att du har det bra och skönt, och att det är inte mycket tråkigt för dig. Det är inte mycket kvar och du kommer snart. Som jag sa det var väldigt tråkigt och långt att åka båt ensam, så försök att komma med något annat.

Den första kursen har inte varit så jobbigt som jag hade tänkt men vi är helt isolerade på universitetet som ligger långt utanför stan och allting. Kommunikationerna är så dåliga, men jag reste ändå i lördags till London och hälsade på alla gamla vänner Hawar, Dara och många andra.

Här i Essex läser en kurd som heter Hama och är gift med en flicka som heter Carole och jag är säkert att du har hört mig nämna dem många gånger. Jag visste inte att han var här utan Hawar sa det. Jag träffade dem och de var väldigt vänliga och trevliga och jag fick låna deras bil till vår semester. Och det är därför jag vill att du ska köpa en present till Carole, hans fru (en väska eller någonting sånt, men inte parfym). Det är viktigt att du inte glömmer det. Sen vill jag att du ska köpa en fin blomvas till en annan familj som du ska träffa när du kommer hit (Det är den gamla professorn i kurdiska språket som Tawfiq Wahby). Jag hörde från Carole att Zara frågar om oss tid jämt, så vi kanske kan hälsa på henne i London när du kommer. Det ska var trevligt kanske om du köper en parfym åt henne.

نامەیەکی عومەر شێخمووس بۆ ئەگنێتا لە ئینگلتەرا بۆ سوید ١٩٧٣




پۆستکارتێکی عومەر شێخمووس بۆ ئەگنێتا، دڵنیایی پێدەدات، کە بە سەلامەتی گەیشتۆتە تورکیا و بەرەو باشووری کوردستان بۆ پێشمەرگایەتی.




زەرفی نامەیەکی ئەگنێتا بۆ عومەر شێخمووس، لە سوید بۆ ئینگلتەرا، ساڵی ١٩٧٩

# ئەلبومی وێنەکان

**ئەم وێنانە،**
**چەند وێستگەیەکی جیاوازن لە ژیانی ئەگنێتا**



وێنەی باوک و دایکی ئەگنێتا، ستۆکهۆڵم



ئەگنێتا لەگەڵ دایک و باوک و هەردوو برایەکەی، ساڵی ١٩٥٩



ئەگنێتا لە ماڵی پووری (خوشکی باوکی) ساڵی ١٩٧٩



ئەگنێتا، ستۆکهۆڵم، ساڵی ١٩٧٣



ئەگنێتا لەگەڵ دایک و باوک و پوور و هاوسەرەکەی پووری




دایک و باوکی ئەگنێتا لەم نهۆمی پێنجی ئەم تەلارە ژیاون.
ستۆکهۆڵم- کونگسهۆڵم



ئێرە بەشی ناوخۆی خوێندکاران بوو، عومەر شێخمووس لە شەستەکانی
سەدەی رابردوو لێرە دەژیا، ئەوکاتە ئەگنێتای ناسیوە.
ستۆکهۆڵم- ئاڵڤیک




سینەما پارک لە ستۆکهۆڵم، ئەگنێتا و عومەر شیخمووس ڕۆژی ١٩٦٨/٨/٣١ لەم سینەمایە پێکەوە سەیری فیلمی The Graduate یان کردووە.






پێش ئەوەی بۆ سەیری فیلمەکە بچن، لەم چێشتخانەیە نانیان خواردووە.



ڕۆژی هاوسەرگیری ئەگنێتا و عومەر شیخمووس

ستۆکهۆڵم، نیسانی ١٩٧٤




ڕۆژی ١٩٧٤/٤/٦ مەراسیمی هاوسەگیریان لەم تەلارە بەڕێوەچووە.

Radhuset–Stockholm




لەنێوان ساڵانی ١٩٧٠-١٩٨٠ لەم تەلارە ژیاون.

کونگسهۆڵم- ستۆکهۆڵم




پاش ئەوەی لە بەریتانیا دەگەڕێنەوە، لەنێوان سالآنی ١٩٨٥-١٩٨٩ لەم
خانووە ژیاون. ئۆسترا سکوگۆس- ستۆکهۆڵم



دواجار لە نهۆمی یەک ئەم تەلارە ژیاون و ئەگنێتا لێرە کۆچی دوایی کرد.
هامەربی هۆیدن- ستۆکهۆڵم



شوێنی کارکردنی ئەگنێتا زانکۆی ستۆکهۆڵم ١٩٦٩




شوێنی کارکردنی ئەگنێتا لەنێوان ساڵانی ١٩٨٦- ١٩٩٠
یارنکۆنتورت- ستۆکهۆڵم



ئەگنێتا و عومەر شێخمووس، دوای گەڕانەوەیان لە پێشمەرگایەتی،
ستۆکهۆڵم، کانوونی دووەمی **١٩٨٢**




ئەگنێتا و عومەر شێخمووس، هێرۆشیما- یابان، ١٩٩٢




ئەگنێتا وێنەیەکی یادگاری لەبەردەم خانووەکەی ماڵی باپیری لە خوارووی سوید، لە ساڵی ١٩٩٦ دەگرێت



ئەگنێتا لەنێوان هەردوو براکەیدا، ستۆکهۆڵم ١٩٨٨




ئەگنێتا و عومەر شێخمووس، باشووری کوردستان، ٢٠٠٨



ئەگنێتا، ئامۆژنی عومەر شێخمووس، عومەر شێخمووس لەسەر گۆڕی باوکی عومەر شێخمووس، عامووده ٢٠٠٠



ئەگنێتا، سلێمانی ٢٠٠٨



ئەگنێتا و هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، ناوزەنگ، ١٩٨٠



لە راستەوە: نەناسراوەتەوە، مامۆستا شەریف، عومەر شێخمووس، ئەگنێتا، د. کەمال خۆشناو، جەمال ئاغا، حاکم عومەر، توژەڵە ١٩٨٠



له چەپەوە: ئەگنێتا، نەرمین عوسمان، روناک شێخ جەناب، پەخشان جەلال حەفید، نازەنین عوسمان، دوو ژنی تر، خڕی ناوزەنگ، ١٩٨٠



ئەگنێتا و عومەر شێخمووس لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک
تەڤەڵە، ١٩٨٠



له راستەوە: جەمال ئاغا، ئەگنێتا، عومەر شێخمووس، ........، نەوشیروان مستەفا، جەبار، محەمەدی مەلا حەسەن، شازاد سائیب، بێوران ساڵی ١٩٨٠، چوون بەرەو کۆنگرەی ٤ ی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران



ئەگنێتا و پێشمەرگەیەک بەرەو کانی کنێر، ١٩٨١



ئەگنێتا و چەند سەرکردە و پێشمەرگەیەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان



ئەگنێتا، ئەبو جەمال سەرکردەی یەکێک لە حزبە عەرەبییەکانی عێراق،
عومەر شێخمووس، زەڵێ ١٩٨٠



ئەگنێتا و چەند سەرکردە و پێشمەرگەیەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان



ئەگنێتا، ئەبو جەمال سەرکردەی یەکێک لە حزبە عەرەبییەکانی عێراق،
عومەر شێخمووس، زەڵێ ١٩٨٠




عومەر شێخمووس لەسەر گۆڕی ئەگنێتا-ی هاوسەری
ستۆکهۆڵم

# کتێبە چاپکراوەکانی نەوزاد عەلی ئەحمەد

...........................................................

١- پۆلووی ژووری نووتەک، شیعر، بەغدا١٩٨٥.

٢- ساکەدەشت، شیعر، بە یارمەتی ئەمیندارێتی گشتی رۆشنبیری و لاوان چاپکراوە، بەغدا ١٩٨٨.

٣- مرۆڤ و تابووت، شیعر، هەولێر ١٩٩١.

٤- یەکێتی نووسەرانی کورد یان یەکێتی نووسەرانی کوردستان، لێکۆڵینە وە، هەولێر ١٩٩١.

٥- بازنەکانی مردن، شیعرێکی درێژ، هەولێر ١٩٩٣.

٦- پاڵتۆی حزب، شیعر، هەولێر-١٩٩٥.

٧- بەرەو سەرەتا، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی زاموا، سلێمانی ١٩٩٨. دووەمین چاپ هەمان ساڵ لەسەر ئەرکی نووسەر.

٨- بیبلیۆگرافیای هەردوو گۆڤاری نووسەری کورد و نووسەری کوردستان، بە هاوکاری یاسین قادر بەرزنجی، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی ١٩٩٨.

٩- کێشەی ئاو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لێکۆڵینەوە- ئامادەکردن، لە بڵاوکراوەکانی بەشی رووناکبیری، مەکتەبی رێکخستنی یەکێتیی، سلێمانی ١٩٩٨.

١٠- منداڵ و ئەدەب، لێکۆڵینەوە، چاپی یەکەم، سلێمانی ١٩٩٨. چاپی دووە م، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی سۆران، سلێمانی٢٠٠٦

١١- شەبەک (مێژوو، ئاین، سەرژمێر) لێکۆڵینەوە- وەرگێڕان، لە بڵاوکراوە کانی بەشی رووناکبیری مەکتەبی رێکخستنی یەکێتیی، سلێمانی ١٩٩٩.

١٢- گۆڤاری گزنگ- لێکۆڵینەوەو بیبلیۆگرافیا، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ١٩٩٩.
١٣- مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و رۆژنامەی خەبات، لێکۆڵینەوە، سلێمانی ٢٠٠٠.
١٤- کوردستانی نوێ- یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەی راپەڕین، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ، سلێمانی ٢٠٠١.
١٥- شۆڕشی رۆژنامە- رۆژنامەی شۆڕش، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان، سلێمانی٢٠٠١.
١٦- رابەری رۆژنامەگەریی نهێنی کوردی ١٩٦١-١٩٩١، بیبلیۆگرافیا، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی ٢٠٠١.
١٧- رۆژنامەی کورد رۆژنامەی سێپتەمبەر، لێکۆڵینەوە، سلێمانی ٢٠٠٢.
١٨- رۆژنامە و جەنگ، وتار، لە بڵاوکراوەکانی بەشی رووناکبیری مەکتەبی رێکخستنی یەکێتیی، سلێمانی ٢٠٠٣.
١٩- رۆژنامەگەریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەرەوەی کوردستان، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ، سلێمانی ٢٠٠٤.
٢٠- رابەری رۆژنامەگەریی نهێنی کوردی ١٩٢٣-١٩٦٠، لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی٢٠٠٤.
٢١- کێشەی ویلایەتی موسڵ لە دوو رۆژنامەی سلێمانیدا، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی شارەوانی سلێمانی، سلێمانی٢٠٠٤.
٢٢- هونەرەکانی ئەدەب لە رۆژنامەگەریی نهێنی کوردیدا ١٩٦١-١٩٩١، لە بڵاوکراوەکانی زنجیرە کتێبی رووناکبیری مەکتەبی رێکخستنی یەکێتیی، سلێمانی ٢٠٠٥.
٢٣- رۆژنامە لە کتێبدا، بەرگی یەکەم، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوە بەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی ٢٠٠٨.
٢٤- رۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا و ئەمریکادا ١٩٤٩-١٩٩٠، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری کوردۆلۆجی، سلێمانی ٢٠٠٨.

٢٥- ئەرشیفکردنی وێنە لە بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریی، عامر ئیبراهیم قەندیلچی، وەرگێڕان، لە بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی ٢٠٠٨.
٢٦- خەبات، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی بنکە ی ژین، سلێمانی ٢٠٠٨
٢٧- ئەستێرە؛ یەکەمین گۆڤاری نهێنی بۆ منداڵانی کورد، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کەرکوک ٢٠٠٨.
٢٨- پارتی دیموکراتی کوردستان لەنێوان کوتەک و تەسلیم بووندا، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپی بەدرخان، هەولێر ٢٠٠٩.
٢٩- الصحافة الاتحاد الوطني الكردستاني في اوروپا ١٩٧٦- ١٩٨٣، من منشورات مركز ژين، سليمانية ٢٠٠٩.
٣٠- کۆمەڵێک بەڵگەنامەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ١٩٦٣- ١٩٧٣، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٩.
٣١- ڕۆژنامە لە کتێبدا، بەرگی دووەم، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوە بەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی ٢٠٠٩.
٣٢- صحافة الحزب الديمقراطي الكردستاني، خارج الوطن "في الاشهر الأخيرة من ثورة أيلول" من منشورات مركز ژين، السليمانية ٢٠١٠.
٣٣- پشکۆیەک لە خۆڵەمێشدا- بەشێکی گرنگ لە ژیاننامەی هۆمەر شێخمووس، سوید ٢٠١٠، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠١٨
٣٤- سەرەتای کاروانەکە، بەڵگەنامەی دانسقە، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، سلێمانی ٢٠١١.
٣٥- مافی چارەی خۆنووسین لە ئەدەبیاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادران- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سلێمانی ٢٠١١.

٣٦- هەواڵنامەی کوردستانی عیراق، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادران- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سلێمانی ٢٠١١.
٣٧- خەبات، لسان الحزب الدیمقراطي الکردستاني، السوید ٢٠١١.
٣٨- کوردستان، گۆڤاری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد ١٩٥٨-١٩٧٤، لە بڵاوکراوەکانی؛ پرۆژەی هاوبەشی: ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادران- بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠١١.
٣٩- ئاڵا، بڵاوکراوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان/ ئەمریکای باکوور، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادران- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سلێمانی ٢٠١١.
٤٠- کتێبێکی تر بۆ کوردستانی نوێ، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ، سلێمانی ٢٠١٢.
٤١- کۆمەڵە؛ ئۆرگانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادران و بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠١٢.
٤٢- بیبلیۆگافیای کتێبی نهێنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە بڵاوکراوە کانی مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سلێمانی ٢٠١٢.
٤٣- چوار رۆژنامە لە چوار مەڵبەند، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سلێمانی ٢٠١٢.
٤٤- نووسەری نوێ؛ گۆڤاری یەکێتی نووسەرانی کوردستان/ لقی هەولێر "شاخ"، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد/ لقی هەولێر، هەولێر ٢٠١٢.
٤٥- راپەڕین، ئۆرگانی کۆمەڵەی مارکسی-لینینی کوردستان/ ئەورووپا، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کەرکوک ٢٠١٣.
٤٦- ئەرکی نوێ، بڵاوکراوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئەورووپا، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کەرکوک ٢٠١٣.

٤٧- هەواڵنامەی کوردستان لە ئەوروپا، لە بڵاوکراوەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ، کەرکوک ٢٠١٣.
٤٨- ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چاپی یەکەم، بەرهەمی هاوبەشە لەگەڵ چەند کەسی تر، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هوشیاری و پێگەیاندنی کادیران- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سلێمانی ٢٠١٣.
٤٩- کتێبی سەردەریا، شیعر، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد-مەڵبەندی گشتی، هەولێر ٢٠١٣.
٥٠- بەشێک لە بەرهەمەکانی د.کەمال فوئاد، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر ٢٠١٣.
٥١- ذ سپارک "SPARK THE"، ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە زمانی ئینگلیزی، لە بڵاوکراوەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ، کەرکوک ٢٠١٣
٥٢- رۆژنامە لە کتێبدا، بەرگی سێیەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی نما، هەولێر ٢٠١٣.
٥٣- وەرەوە برادەر وەرەوە، نامەکانی عومەر شێخمووس بۆ شێرکۆ بێکەس، هەولێر ٢٠١٣.
٥٤- بیبلیۆگرافیای رۆژنامەگەریی نهێنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ١٩٧٥-١٩٩١، لە بڵاوکراوەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ، کەرکوک ٢٠١٤.
٥٥- رۆژنامە لە کتێبدا، بەرگی چوارەم، لەسەر ئەرکی بەڕێوبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیریی سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان چاپکراوە، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر ٢٠١٤.
٥٦- دەنگی یەکێتی، بڵاوکراوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان – لقی ئەوروپا، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەولێر ٢٠١٥.
٥٧- الکادر، مجلة الحزب الديمقراطي الكردستاني، اربيل ٢٠١٥.

٥٨- دەنگدان لە دەرەوە، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان، هەولێر، ٢٠١٥.
٥٩- کەمال، ڕێزلێنان لە شەست ساڵی خەباتی هەڤاڵ د. کەمال فوئاد، بە هاوبەشی لەگەڵ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، لە بڵاوکراوەکانی لیژنەی ساڵڕۆژ، سلێمانی ٢٠١٥.
٦٠- ڕۆشنبیری، بڵاوکراوەی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان، هەولێر ٢٠١٦.
٦١- کتێبخانە، نووسینی: ئیبراهیم ئەمین باڵدار، ئامادەکردنەوە، هەولێر ٢٠١٦.
٦٢- مجلة صرخة كردستان، المجلد الاول، من منشورات جريدة كوردستانی نوی، سليمانية ٢٠١٧.
٦٣- مجلة صرخة كردستان، المجلد الثاني، من منشورات جريدة كوردستانی نوی، سليمانية ٢٠١٧.
٦٤- ڕۆژنامە لە کتێبدا، بەرگی پێنجەم، لە بڵاوکراوەکانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان- لقی سلێمانی، بە کۆمەکی بۆردی سلێمانی پایتەختی ڕۆشنبیری، سلێمانی ٢٠١٧.
٦٥- دایە شیعر قەدەغەیە، شیعری شاعیری شەهید بارزان عوسمان، ئامادەکردنەوە، سلێمانی ٢٠١٧.
٦٦- بڵاوکراوەی ناوخۆی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری ئایدیا، سلێمانی ٢٠١٧.
٦٧- بەشێکی تر لە بەرهەمەکانی د.کەمال فوئاد، کتێبی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر ٢٠١٧.
٦٨- جمرة تحت الرماد، مذكرات عمر شيخمووس، ترجمة: ياسين حسين، السليمانية ٢٠١٧. طبعة ثانية، مصر القاهرة ٢٠١٨. طبعة ثالثة، قامشلو ٢٠٢١.
٦٩- چریکەی کوردستان (گۆڤار)، بەرگی سێیەم، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، سلێمانی ٢٠١٨. دوو بەرگەکەی تر یەکێتی

نووسەرانی کورد- لقی سلێمانی ساڵی ٢٠١١ ئامادەی کردووە و چاپی کردووە.
٧٠- راپەڕین گۆڤاری کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاویکردۆتەوە، سلێمانی ٢٠١٩.
٧١- سەنگەر گۆڤاری مەڵبەندی ٢ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاویکردۆتەوە، سلێمانی ٢٠١٩.
٧٢- سروشت یەکەمین گۆڤاری نهێنیی زانستی منداڵان، رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاویکردۆتەوە، سلێمانی ٢٠١٩.
٧٣- هەڵوێست گۆڤاری مەڵبەندی ٤ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاویکردۆتەوە، سلێمانی ٢٠١٩.
٧٤- گۆڤاری پێشمەرگە پاشکۆی گۆڤاری "راپەڕین"ی هەولێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاویکردۆتەوە، سلێمانی ٢٠١٩.
٧٥- ژیانی رێکخراوەیی مان، کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاویکردۆتەوە، سلێمانی ٢٠١٩

٧٦- کوردستان رۆژنامەیەکی سیاسی رۆژانەیە ١٩٦١، بە هاوبەشی لەگەڵ د. هیمداد حوسێن، لە چاپکراوەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ، سلێمانی ٢٠١٩

٧٧- شنروێ- ئاسۆگە، یەکەمین گۆڤاری هەڵەبجە، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان- لقی هەڵەبجە، سلێمانی ٢٠١٩

٧٨- باڵیۆزی کوردایەتی، کتێبێکی هاوبەشە، لە بڵاوکراوەکانی مەودا میدیا، سلێمانی ٢٠٢٠

٧٩- ڕێزگرتن له ٨٠ ساڵەی تەمەنی عومەر شێخمووس، شۆڕشگێڕ، ئەکادیمی و دیپلۆماتی کورد، بە هاوکاری: ئەحمەد ئەسکەندەری، هاشم ئەحمەزادە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپی جەمال عیرفان، سلێمانی ٢٠٢٢